
٦٨

# کوردو کوردستان

## لە ئیسلامەوە هەتا ١٩٧١




میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی

١٩٧١

مێژوویی

# بەسەرهاتی کوردو کوردستان لەهاتنی ئیسلامەوە تا ١٩٧١

میرزا مەنگوڕی

سلێمانی ٢٠٠٨

# بەسەرهاتی کوردو کوردستان
# لەهاتنی ئیسلامەوە تا ١٩٧١

نووسینی: میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی

بابەت: مێژوویی

نەخشەسازی بەرگ: محەمە عومەر

نەخشەسازی ناوەوە: پەیام ئەحمەد

پێداچوونەوەو هەڵەچنی: محەمەد عەبدوڵڵا

تایپ: شیرین مستەفا عیسا، شـوان مستەفا عیسا

سەرپەرشتیاری چاپ : ئاریان ئیبراهیم

تیراژ: (٥٠٠) دانە

ژمارەی سپاردن: (٢٠٧٣)ی ساڵی ٢٠٠٨ی وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە

چاپ : چاپخانەی شەهید (ئازاد هەورامی) کەرکوک / ٢٠٠٨

ئەرکی چاپ : مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی ی . ن . ک

هەواڵنامەی کتێب

# پێڕست



| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| ١- ئەباموسای الاشعەری | ١٠ |
| ٢- حەجاج کوڕی یوسف | ١٠ |
| ٣- دەستەی خزر | ١٠ |
| ٤- مەروانی دوهەم | ١١ |
| ٥- ئەبا موسلمی خراسانی | ١١ |
| ٦- ئەستراخانی خوارەزمی | ١٢ |
| ٧- مەئمون الرەشید | ١٣ |
| ٨- جەعفەری میر حەسەن هەزبان | ١٣ |
| ٩- محمدی کوڕی عبداللە هەزارمێردی | ١٣ |
| ١٠- محمد کوڕی بلال | ١٤ |
| ١١- عبداللە ئیبراهیم | ١٤ |
| ١٢- دەوڵەتی شەدادیە | ١٥ |
| ١٣- بزرکان | ١٥ |
| ١٤- حکومەتی رەوادی مەرزەبان | ١٥ |
| ١٥- ئەرمانوسی رۆم | ١٩ |
| ١٦- حکومەتی دوسکی مەروانی | ١٩ |
| ١٧- دەوڵەتی ئەیوبی | ٢١ |
| ١٨- فەیروز خانی پشتکۆ | ٢٤ |



هەواڵنامەی کتێب

| | |
|---|---|
| ١٩- جەنگیزخانی مەغول | ٢٤ |
| ٢٠- تەیموری لەنگ تاتاری | ٢٦ |
| ٢١- حکومەتی بەتلیس | ٢٦ |
| ٢٢- زوالفەقار خان | ٢٩ |
| ٢٣- شۆڕشی جان پولاد | ٣٤ |
| ٢٤- ئەمیر خانی یەکدەست، قەڵای دمدم | ٣٥ |
| ٢٥- دەوڵەتی موکری | ٣٧ |
| ٢٦- قویوچی مراد پاشا | ٤٢ |
| ٢٧- غازی بەگ | ٤٢ |
| ٢٨- عەشیرەتی دیبکری | ٤٣ |
| ٢٩- شێرە بەگی موکری | ٤٤ |
| ٣٠- حکومەتی ئاردەڵان | ٤٤ |
| ٣١- صەدری ئەعزەم نازم پاشا | ٤٧ |
| ٣٢- ئەحمەد پاشا | ٤٨ |
| ٣٣- دەوری ئەفغانیەکان | ٤٨ |
| ٣٤- حوکامی بابان | ٥١ |
| ٣٥- فەقێ ئەحمەدی دارشمانە- بابانی دوهەم | ٥٤ |
| ٣٦- گڵباخی | ٥٩ |
| ٣٧- گەورەکانی محمودی | ٦٠ |
| ٣٨- نادرشا | ٦٣ |
| ٣٩- کەریم خانی زەند | ٦٥ |
| ٤٠- حکومەتی سۆران | ٦٩ |


هەواڵنامەی کتێب

| | |
|---|---|
| ٤١– هەمزە ئاغای مەنگوڕ | ٧٧ |
| ٤٢– عەشیرەتی مللی | ٨٣ |
| ٤٣–موش و وان | ٨٤ |
| ٤٤– ئیسماعیل پاشای بادینان | ٨٥ |
| ٤٥– میراودەلی و حوسنی بەگ | ٨٥ |
| ٤٦–بەدرخان پاشا | ٨٨ |
| ٤٧–عوسمان پاشای بەدرخانی | ٩٠ |
| ٤٨–شێخ عبداللە شەمزینانی | ٩٢ |
| ٤٩– شەڕی کوردو ئەرمەن | ٩٣ |
| ٥٠– ئیبراهیم پاشای مللی | ٩٣ |
| ٥١– محمد پاشای داغستانی | ٩٤ |
| ٥٢– شێخ سەلیمی تەبلیسی | ٩٥ |
| ٥٣–هەرای گشتی لە ١٩١٤ | ٩٥ |
| ٥٤– هەرای ئێران | ٩٧ |
| ٥٥– حکومەتی شێخ محمود | ٩٩ |
| ٥٦–سمایل خانی سمکۆ | ١٠١ |
| ٥٧–شەریف پاشاو عصبەت ئومەم | ١٠٤ |
| ٥٨–قەدەم خێر | ١٠٦ |
| ٥٩– شێخ سعیدی پیران | ١٠٧ |
| ٦٠– شۆڕشی بادینان | ١٠٩ |
| ٦١– مەلاخەلیلی گورەمەڕ | ١١٢ |
| ٦٢–شۆڕشی بارزان لە ١٩٣٢ دا | ١١٣ |




هەواڵنامەی کتێب

| | |
|---|---|
| ٦٣–حەمە رەشید خانی بانە | ١١٤ |
| ٦٤–قازی محمد پێشەوای کوردی ئێران | ١١٦ |
| ٦٥–شۆڕشی بارزانی لەجاری دووەمدا | ١١٩ |
| ٦٦– شۆڕشی کورد بەسەرپەرشتی بارزانی لە ١١ـ ٩ـ ١٩٦١ دا | ١٢١ |


هەواڵنامەی کتێب

## سەرەتا

## کوردو کوردستان لەدوای ئیسلامەوە

بۆ ئەوەی کە کوردو خەڵکی وڵاتانیتر لەبەسەرهاتی کوردو نیشتمانی کورد ئاگادار بکەم کەتا چ ئەندازەیەك دەوڵەتی ئاشوورو بابل و رۆماو ئەشکانی و ساسانی و یۆنان و بنی ئومیەو عباسی بیزەنتینی سەلاجیقەو حەمدانی و ئەفغان جەنگیزو هۆلاکۆو تەیموری لەنگ و نادر قولی و سەفەوی و قاجاری ئینگلیزو روس و پەهلەوی دەوری خوێنرێژانەیان بەکورد گێڕاوە، هۆزی کوردیان کردووە بەپەرژینی چوار دەوڵەتی تورك ـ فارس ـ عەرەبی عێراق و سوریا، کوردیان کردووە بە (زەیت) رۆنی مەکانی بۆ سەلامەتی پارچەکانی ئەو مەکینانەو کوردیان دەرخواردی ئەو چوار دەوڵەتە داوە، بەکوردەکان شەڕیان کردووە ئەوانیش لەدوورەوە سەیریان کردووە، کورد بەبەشە دوورخراوەکانی وەکو لوبنان و بلوجستان و ئەفغان و یەریڤان لە (٢٠٠٠٠٠) نفوس تێپەڕئەکات.

بەڵام لەو هەموو مەودایە دوورو درێژەدا نەیانهێشتوە کورد دابینی دەوڵەتێکی سەربەخۆی خاوەن مەرزو سنووری خۆی بکات، هەر بۆ سوودی ئەو چوار دەوڵەتە کورد رەنجیداوەو کوردکوژی کردووە، ئەگەر تورك و ئێران و عێراق و سوریاو ویستبایان لەسەر مەصاڵحێکی سیاسیانەی خۆیان شەڕبکەن، کوردەکانیان لەیەکتر بەرداوەو کوردەکانیان کردووە بەپێشڕەوی ئەو جەنگ و پەلاماردانەو خۆشیان لەدوایدا پێکهاتونەتەوە بەبێ هیچ سوودو هیوایەکی پاشەڕۆژ، کوردەکان لەپێناوی ئەو دەوڵەتە ئیستعماریانە یەکتریان کوشتووەو وڵاتی یەکتریان بەتاڵان و سوتان بردووە، مێژوی کوردیان کردووە

هەواڵنامەی کتێب

بەقەسابخانەیەك ئیستعماریەکان بەدرێژایی ئەو مەودایە باب و کوڕو مام و برازاو براو ئامۆزای یەکتریان بەیەکتر کوشتووە. لەئیسلامیەت بەولاوە هەتا ئەمڕۆ بۆتان ئەنوسمەوە لەسەر شکڵێکی کورت بۆ ئەوەی کەهەمیشە ئەو ڕووداوانەتان لەیاد بێنێتەوەو پەندێکی لێوەربگرن و بیکەن بەسەر مەشقی سەرەکی زانایانە لەپاش ڕوداوەکەی هۆلاکۆو نەمانی دەوڵەتی عەباسی کەتقریباً (٧٥٠) ساڵ ئەکات کورد لەژێر نفوزی عەرەبدا نەماوە، بەڵکو خۆی ئەمارەتی سەربەخۆی لەهەموو ناوچەیەکدا دروستکردووەو بەپیلانی ئەو دەولەتە ئیستعماریانە لەناویانداوەتەوە، جا بۆئەوەی کەچیتر کورد براکوژی نەکات و پەندێك لەڕابردووی مێژوی وەربگرێ، هەڵەکانی کوردتان بەکورت کراوەیی بۆ ئەگێڕمەوە، ئێوەش لەکەم و کوڕی و کرچەکی نووسینەکەم یارمەتیم بدەن و خواتان لەگەڵ.

میرزا محمد أمین مەنگوڕی
١٩٧١/١٢/٤

## هاوڕێیانی بەڕێز

لەبەرگی یەکەمی (زێڕینای ئامێدی) بەڵێنماندا کەبەسەرهاتی کوردو کوردستان لەپەیدابوونی ئیسلامەوە لەعێراق هەتا ١٩٧١ بەکورتی بڵاوبکەمەوە بۆئەوەی کەهاوڕێیەکانی کوردو خەڵکیتریش لەبەسەرهاتی کورد ئاگاداربینەوە، کە کورد چۆن کەوتۆتە ژێر بەرداشی سیاسەت و ئیستعماری میللەتانی بێگانەوە، لەگەڵ ئەو هەموو ئازارو ئەشکەنجەشدا کوردەکان نەبەزیون، هەر هەلیان لەدوژمن دیبێ پێیاندا کێشاوەو یارییان بەمقدەراتی دوژمنەکانیان کردووە، جاهیوام وایە کەخوێندەوەرانی ئەو کتێبە سوودێکی تایبەتی لەم رووداوانە وەربگرن و ئەگەر توانیشیان بەبارو رێگایەکی ئاسانتر کوردستان بەرنبەرێوە، ئەوە جێگای ستایش و سوپاسە بۆ هەموو لایەکتان.

هەواڵنامەی کتێب

### ١ ـ ئەباموسی الاشعەری

لەزەمانی پاشایەتی ئەباموسی ئەشعەری لەساڵی (٢٥ هـ ـ ٦٦٦م) کە والی بوا بوو، کوردەکان دووجار هەڵگەڕانەوە، لەئەهوازو فارسا شۆڕشێکی گەورەیان نایەوە لەدژی براکانی عەرەبیان، ویستیان خۆیان بەسەربەخۆیی خۆیان ئیدارەی خۆیان بەڕێوەبەرن و نەبن بەژێر چەپۆکی کەس، بەڵام لك لكی و ڕووداوی تایبەتی ئەو بیرەی لیپیس کردن و شۆڕشەکەیان لەناودراو خرایە سەر بارێکیتر.

### ٢ ـ حەجاجی کوڕی یوسف

لەساڵی (٨٢ هـ ـ ٧٠٢ م) لەدەوری پاشایەتی عبدالملك کوڕی مەڕوان، کوردەکان لەزۆرداری حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی پاشای کوفە هەڵگەڕانەوەو سەریان لەفەرمانی عبدالملك مەڕوان پێچایەوەو پەلاماری حەجاجییانداو کوفەیان گرت و حەجاجیان دەرپەڕاند، هەموو وڵاتی فارسیشیان هەتا بەسرە داگیرکرد، بەڵام حەجاجیش زەرەرێکی زۆری لەژیانی کوردەکاندا، بەڵام لەبەر دەستکاری ئیسلامی لەو جارەشدا سەرنەکەوتن.

### ٣ ـ دەستەی خذەر

لەساڵی (١٠٨ هـ ـ ٧٢٦ م) لەدەوری مەسلەمەی کوڕی عبدالملك تایفەی (خذەر) پەلاماری ئازربایجانیاندا لەڕەغمی ئەوەی کەکوردەکان لەگەڵ بەنی ئومیەکاندا نێوانیان باش نەبوو، پەلاماری خزەرەکانیاندا لەسەر داخوازی والی ئەردەبیل جراح ناو، کوردەکان بەرگریان لەخزەرەکان کرد، خزەرەکان



هەواڵنامەی کتێب

بەتەرزێکی وەحشیانە هەتا موصلّ–یان داگیرکرد، هەرچی هاتە سەر رێگایان لەناویاندا، کوردەکان لەئاخر پاسگای موصلا پەلاماری خزەرە تورکەکانیانداو شکاندیانەوە بۆ دواوە، لانەو ماڵی کوردەکانیان لێستاندنەوەو بەکوشتارێکی زۆر خوێنین تورکە خزەرەکانیان رەتاندەوە بۆ وڵاتی خۆیان، بەڵام لەلایەنی بەنی ئومەیەکانەوە هیچ پاداشتێکیان پێنەدرا لەسوکی زیاتر.

## ٤ ـ مەڕوانی دووەم

بەنی ئومەویەو کوردەکان یەکتریان نەئەویست، بەڵام مەڕوانی دووهەمیان خۆش ئەویست کەبەخزمایەتی ئەچووە سەر کوردەکان، چونکە محمد کوڕی مەڕوان کەباوکی مەڕوانی دووهەم بووە والی کوردستان بووە کچە ئاغایەکی کوردی هێناوەو لەو کچە ئاغایە مەڕوانی دووهەم پەیدا بووە، جالەسەر ئەو رێوشێوەیە کوردەکان مەڕوانیان بەخزمی کورد زانیوە لەساڵی (٧٢٧ م )دا مەڕوانی دووهەم بەگژ خەلیفە ئیبراهیمدا چوو، لەشکرێکی زۆری لەکوردەکان پێکەوەناو چووە سەرخەلیفە ئیبراهیم خەلیفە ئیبراهیمی شکاند شاری شامی داگیرکرد، لە (١٣٢ هـ)، بەڵام وەختێ مەڕوانی دووهەم بوو بەخەلیفەی بەنی ئومیە ئەمپراتورییەتی ئومەویەکان رووخا بوون ئاخر خەلیفەی بەنی ئومیە ئەو مەڕوانە دایك کوردە بوو.

## ٥ ـ ئەبو مسلمی خوراسانی.

لەساڵی (١٣١ هـ ـ ٧٤٨ م) ئەبو مسلم خوراسانی کەکورد بووە، لەهەرای نێوانی عباسی و بەنی ئومیەدا پشتیوانی عەباسیەکانی کردو هەموو کوردەکانی بۆ یارمەتی عەباسیەکان هێنایە ریزی کوشتارەوە، بەو ناوەوە کەعەباسیەکان

ئامۆزای پێغەمبەرن ئەبو مسلم خوراسانی بوو بەهۆی ئەوەی کەعەباسیەکان سەرکەوتن و خەلافەتیان کەوتەدەست، کەچی لەجیاتی ئەوەی کەتەختی خەلافەتی بۆ عەباسیەکان زەوتکردو کوردی عێراق و ئێرانی کرد بەکۆمەکی عەباسیەکان، لەجیاتی ئەم ئەرك و پاداشتە خەلیفەی دووهەمی عەباسی، جەعفەری منصور لەبارەگای خۆیدا ئەبو مسلمی گرت و کوشتی، لەمەترسی ئەوەی نەوەکو رۆژێك تەختی عەباسی بۆ خۆی زەوت بکات، هەر لەزەمانی جەعفەری منصوری خەلیفەی عباسیدا، رۆمەکان پەلاماری کوردستانیاندا هەتا نصیبینیان داگیرکرد، بەلاّم لەساڵی (١٣٧ هـ - ٧٦٣ م) کوردەکان رۆمەکانیان شکاندەوەو ئەو ناوچانەیان گرتەوە دەست خۆیان.

### ٦ - ئەسترخانی خوارەزمی

لەساڵی (١٤٧ هـ - ٧٧٤ م) دا ئەسترخانی خوارەزمی بەلەشکرێکی زۆر قورسەوە هاتە سەر کوردستان، هەتا گەیشتە تفلیس کوردەکان خۆیان بۆ رانەگیرا، بەلاّم لەتفلیسەوە کوردەکان لەشکری خوارەزمەکانیان شکاندەوە بۆ دواوە، دیسان لەساڵی (١٨٣ هـ - ٧٩٩ م) دا خوارەزمیەکان پەلاماری کوردستانیاندایەوە لەزەمانی خەلیفە هارون الرشیدی کوڕی مەهدیدا، بەلاّم کوردەکان لەسەر هاواری هارون الرشید دیسان خوارەزمەکانیان شکاندەوەو لەئازربایجان و کوردستاندا دەریان پەڕاندن.

### ٧ ـ کورد لەدەوری مەئمون الرشید-دا

کوردەکان لەزەمانی مەئمون الرشیددا چارەی ئـەمین الرشـیدیان نەئەویـست پـتر حـەزیان بەسـەرکەوتنی مـەئمون الرشـید ئـەکرد. لـەدوای کـوژرانی ئـەمین الرشیدو نەمانی مەئمون الرشید خەلیفەیەکی جێنـشینی مـەئمون الرشـید لـەڕقی ئەوەی کـەکوردەکان دووزمـان و قـسەچنیان لـەنێوانی مـەئمون الرشـیدو ئـەمین الرشـیددا کــردووە کوردەکــانی ئــەو ناوچــەیەیان گوێزایــەوە بــۆ ویلایــەتی خەلیفەکانی رۆژهەلات و لەشارەزووریشدا جەنگێکی زۆر گەورەیان لەگەلا کردن.

### ٨ ـ جەعفەری میر حسن

لـەزەمانی معتـصم بـالله دالـە (٢٢٥ هـ ـ ٨٤١ م) دا جەعفـەری کـوڕی حـسن لەئیتاعەتی خەلیفە هەلگەڕایەوە لەکێوی داسـنا جـەنگێکی زۆر گـەورەی لەگـەڵ لەشـکری خەلیفـەدا کـرد، بـەلام کـەزانی سـەرناکەوێ خـۆی بـەدەرمان کوشـت مردنەکەی پێ لەوە باشتر بوو کەخەلیفەی عەباسی سزای بدات.

### ٩ ـ محمد عبدالله هەزارمێردی.

لــەکێوەکانی فــارس لەســالّی (٢٣١ هـ ـ ٨٤٦ م) دا لەناوچــەی شــیرازو ئەصفهاندا شۆڕشێکی زۆر گـەورە دەسـتپێکرد لـەدژی خەلیفـەکانی عەباسـی و بەزەحەمەتێکی زۆر ئەو شۆڕشە کوژاندرایـەوە لـە (٢٥٢ هـ ـ ٨٦٦ م) کوردەکـان لەژێرفـەرمانی محمـد عبـدالله هـەزارمێردی لەگـەڵ لەشـکری زەنگـی و یعقـوب الصفارو منصورِ مساور چەند شەڕو هەرایەکی گەورە دابەسترا بەسێ سالّ شـەڕ ئینجا ئەم شۆڕشە کوژایەوە بەسەرکەوتنی کوردەکان ئەم شۆڕشە تەواو بوو.

### ١٠ـ محمد کوڕی بلال

سەرۆکی عەشیرەتی هەزبان محەمەدی کوڕی بلال لەفەرمانی دەوڵەتی حەمدانی هەڵگەڕایەوە، کەئەم حکومەتی حەمدانیە بەیارمەتی کوردەکان لەموصڵ دامەزرا بوو لەساڵی (٢٨١ هـ ـ ٨٩٤ م) دا لەسەرچەمی گازر شەڕێکی زۆر گەورەی لەگەڵ سلێمانی کوڕی حمدانیدا کردو کوشتی، لەشکری حەمدانی بەشکاوی و بێ سەردار گەڕانەوە بۆ موصڵ، ئینجا حکومەتی حەمدانی داوای یارمەتی لەخەلیفەی عەباسی المکتفی باللە کرد، خەلیفەی ناوبراو لەشکرێکی زۆری بۆ ئەبی الهیجانی حەمدانی نارد، بەڵام فەرماندەی ناوبراو خۆی لەبەر ئەو لەشکرە زۆرە بۆ رانەگیراو رویکردە شاخەکانی قەندیل ئینجا لەشکرێکی گەورەتری خەلیفە بەهاواری حەمدانیەکانەوە هات محمد کوڕی بلال بەدەم شەڕەوە رویکردە ئازربایجان، بەڵام لەگەرمەی شەڕدا دەردەست کراو لەموصڵ خنکاندیان.

### ١١ـ عبداللە کوڕی ئیبراهیم.

لەزەمانی مقتدر باللە دا، عبداللە کوڕی ئیبراهیم کەفەرماندەیەکی کورد بوو لەناوچەی ئەصفهانەوە بە دە هەزار کەس لەحوکمی خەلیفە هەڵگەڕایەوەو هێزی مقتدر باللە ی زۆر بێ نرخ کرد، هەر لەو ساڵەدا دیسم کوڕی ئیبراهیم ئەساسی دەوڵەتی هەزبانی دامەزراند، کوڕانی محمد الروادی ناویان لەو دەوڵەتە گۆڕی بەناوی رەوادی، عەشیرەتی هەزبانی غەزوی ئازربایجانیان کرد هەتا ناوچەی خدو سەڵماسیان کەوتە دەست.

## ١٢ ـ دەوڵەتی شەدادیە

لەساڵی (٣٤٠ هـ ـ ٩٥١ م) دا لەشیمالی ئازربایجان و جنوبی قەوقاز دەوڵەتێکی کوردییان دامەزراند بەناوی دەوڵەتی شەدادیە لەناوچەکانی دینورو هەمدان و نەهاوندو سامنان و شارەزوور، ئەو دەوڵەتە نزیکەی ٥٠ ساڵ ژیا.

## ١٣ ـ بزرکان

لەساڵی ( ٣٤٨ هـ ـ ٩٥٩ م) دا دەوڵەتێکی کورد دامەزرا بەناوی حسنەوی بزرکان لەناوچەی شاخەکانی زاگرۆسدا.

## ١٤ ـ بەسەرهاتی حکومەتی رەوادی ـ مەرزەبان

مامەلانی –محمد– بناغەی حکومەتی رەوادی دامەزراند، مەرزەبانی کوڕی مامەلان ویستی هەموو ئازربایجان بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، بەلآم دیسم کوڕی ئیبراهیم بیژن کە سەرداری تەورێزو ئاردەبیل بوو بەرهەڵستی مەرزەبانی کرد لەو شەڕەدا مەرزەبان سەرکەوت و دیسم بەدیل گیرا، ناردی بۆ قەلآی ترم لەساڵی (٣٣٢ هـ) رووسەکان بەلەشکرێکی زۆرەوە لەدەریای خەزەر روویانکردە ئازربایجان، بەلآم مەرزەبان شاە بەلەشکرێکی (٣٠٠٠٠) کەسیەوە بەرگری لەڕوسەکان کرد، لەمەراغە شەڕێکی گەورە لەنێوانی رووس و کوردەکان دەستپێکرا، رووسەکان شکان و فەرماندەکەشیان کوژرا، لەوکاتە تەنگ و چەڵەمەیەدا ئەبو عبدالحمدان بەلەشکرێکی گرانەوە لەموصڵەوە رویکردە ئازربایجان بۆ داگیرکردنی.

### ١٢ـ دەوڵەتی شەدادیە

لەساڵی (٣٤٠ هـ - ٩٥١ م) دا لەشیمالی ئازربایجان و جنوبی قەوقاز دەوڵەتێکی کوردییان دامەزراند بەناوی دەوڵەتی شەدادیە لەناوچەکانی دینورو هەمدان و نەهاوندو سامنان و شارەزوور، ئەو دەوڵەتە نزیکەی ٥٠ ساڵ ژیا.

### ١٣ـ بزرکان

لەساڵی ( ٣٤٨ هـ - ٩٥٩ م) دا دەوڵەتێکی کورد دامەزرا بەناوی حسنەوی بزرکان لەناوچەی شاخەکانی زاگرۆسدا.

### ١٤ـ بەسەرهاتی حکومەتی رەوادی ـ مەرزەبان

مامەلانی –محمد– بناغەی حکومەتی رەوادی دامەزراند، مەرزەبانی کوڕی مامەلان ویستی هەموو ئازربایجان بخاتە ژێر دەسەلاتی خۆی، بەلام دیسم کوڕی ئیبراهیم بیژن کە سەرداری تەورێزو ئاردەبیل بوو بەرهەڵستی مەرزەبانی کرد لەو شەڕەدا مەرزەبان سەرکەوت و دیسم بەدیل گیرا، ناردی بۆ قەلای ترم لەساڵی (٣٣٢ هـ) رووسەکان بەلەشکرێکی زۆرەوە لەدەریای خەزەر روویانکردە ئازربایجان، بەلام مەرزەبان شاە بەلەشکرێکی (٣٠٠٠٠) کەسیەوە بەرگری لەڕوسەکان کرد، لەمەراغە شەڕێکی گەورە لەنێوانی رووس و کوردەکان دەستپێکرا، رووسەکان شکان و فەرماندەکەشیان کوژرا، لەوکاتە تەنگ و چەڵەمەیەدا ئەبو عبدالحمدان بەلەشکرێکی گرانەوە لەموصڵەوە رویکردە ئازربایجان بۆ داگیرکردنی.

مەرزەبانی کورد کەئەو خەبەرەی بیست چووە سەر ڕێی ئەبو عبدالحمدان لەناوچەی سەڵماس بەرەنگاری یەکتر بوون، بەلاّم لەبەر بارینی بەفر حمدانیەکان نەیان توانی شەڕیکەن گەڕانەوە بۆ موصل لەو دەورەیەدا حکومەتی (ئال بویە) نرخێکی بۆ خەلیفەکانی عەباسی نەهێشتبووەوە. معز الدولەی بویەهی لەبەغدا حوکمی ئەکرد هەر خۆی حساب بوو، رکن الدولەی براشی حاکمی شمالی ئێران بوو لەشاری (رەی) دائەنیشت، عماد الدولەی برایان حوکمداری ئێرانی خواروو بوو لەشیراز دادەنیشت لەساڵی (٩٤٠ م) دا. جا مەرزەبانی کوردی رەوادی نەیئەویست ئەو دەسەلاّتە بۆ بوهیمیەکان بهێڵێتەوە، ئینجا بۆ لەناودانی ئەو بوهیمیانە لەگەڵ ناصر الدولەی حەمدانی رێك کەوت، بەلاّم رکن الدولە بەم پیلانەی زانی، سوپایەکی زۆری لەبراکانی داواکردو لەگەڵ مەرزەبان کەوتە شەڕەوە. لەبەرئەوەی کە لەشکری بوهیمیەکان زۆر بوو سەردار مەرزەبان بەدیل گیراو چەند سەردارێکیش کوژران.

رکن الدولە مەرزەبانی نارده قەلاّی ترم لای ئەصفهان کۆنگرەی ماقولاّنی رەوادی گیرا، هسوزانی برای مەرزەبان-یان کرد بەگەورەی خۆیان دیسامی کوڕی ئیبراهیم یان لەزیندان دەرهێنا محمد عبدالرزاق ناوی سەرلەشکری رکن الدولە کەکرا بوو بەحاکمی ئازربایجان لەترسی کوردەکان هەلاّت، لەشکری کوردەکان چوون مەرزەبان یان بەرەلاکرد، دیسان مەرزەبان لە (٣٤٢ ھ) حوکمی مەملەکەتی کەوتەوە دەست کەبەر بەرەکانی مەرزەبانی ئەکرد هەلاّت چوو بۆ ئەرمەنستان لەوێ دەردەست کراو هێنایانەوە بۆ تەورێز لەوێ چاویان کوێرکرد لەپاش مودەتێك چوستان کوڕی مەرزەبان دیسیمی بەکوێری کوشت، مەرزەبان مرد هەسوزانی برای لەساڵی (٩٥٥ م) دا کرا بەگەورە. هسوزان، ئەرمەنستان و مراغەو موکریانی گرتەدەست خۆی، حکومەتی رەوادی

لەئازربایجان و موکریان جێگیر بوو، بەڵام لەپاش نەمانی مەرزەبان هەسوزانی برای لەگەڵ جستانی کوڕی تێك چوون، جستان کرا بەحاکم و هەسوزان تۆرا چوو بۆ قەڵای ترم لەوێوە کوڕەکانی سالار مەرزەبانی کردن بەگژ یەکدا.

ناصرو جستان ناوی کوڕانی مەرزەبانی بەفێڵ لەگەڵ دایکیاندا گرت و خستنیە بەندیخانەوە، خۆی کردەوە بەگەورەی دەوڵەتی ڕەوادی.

ئیبراهیم کوڕی سالار مەرزەبان لەو کاتەدا لەوڵاتی ئەرمەنستان بوو کەئەم خەبەرەی بیست بەلەشکرەوە هاتە سەرمامی هەسوزان ئینجا هەسوزان رقی هەستا، کوڕەکانی مەرزەبانی لەگەڵ دایکیاندا لەزینداندا کوشت و بەلەشکرێکی زۆرەوە چوو بوو بەرەوپیری لەشکری ئیبراهیم سالار لە (٣٥٩ هـ) دا لەشکرەکەی ورمەو مەراغەی داگیرکرد، ئیبراهیم سالار شکا گەڕایەوە بۆ ئەرمەنستان چوو بۆ لای رکن الدولە ئەویش لەشکرێکی زۆری دایەو چووە سەر مامی هەسوزان لەشکری هەسوزانی شکاندو هەسوزانی گرت و کوشتی، خۆی کرد بەگەورەی دەوڵەتی ڕەوادی لەئازربایجاندا هەتا (٣٨٠ هـ). لەساڵی (٤٢٠ هـ - ١٠٢٩ م) دا ئوغور کەپێشڕەوی خێڵی دڕندەی غەز دەوڵەتی سلاجقەی تورك بووە، پەلاماری کوردەکانیداوە، بەکوشتارێکی زۆر گەیشتە مەراغە، بەڵام لە (٤٣٢ هـ - ١٠٤٠ م) دا هەسوزانی دووهەم غەزەکانی بە (١٥٠٠) نەفەر کوشتار گێڕایەوە بۆ دواوە.

میر أحمد دیل کوڕی سەرداری ئیبراهیمی هەسوزان کەهاتە سەر حوکمی دەوڵەتی ڕەوادی چۆتە ژێر ئیدارەی سەلجوقیەکانەوەو مەرکەزێکی گەورەی بۆ خۆی دامەزراند، بەڵام لەدوایدا سوڵتان محمدی ملکشا بەخەنجەر کوشتی.

میللەتی غەز لەتورکمانی بوغاراوە کەوتنە ژێر فەرمانی سوڵتان محمودی سبکتکین و بەئاسیادا بڵاوبوونەوە لەهەموو لایەکەوە دەستیاندایە ڕاووڕووت و

ژیـانی دڕندانــە، هەنـدێکیان رویـانکردە لای ئەصـفهان و هەنـدێك رویـانکردە ئۆردوگاکانی ئازربایجان لەژێر فەرماندەی (توقا، گوگتاش، منصور) بەکوشـتارو تـاڵان کـردن چـوونە تـەورێز لـەوێوە رویـانکردە کوردسـتان، جزیـرە، دیـاربکر، هەرچی هاتە سەرە رێگایان لەناویاندا هەسوزان ئیتفاقی لەگـەڵ کوردەکـان کـرد پەلاماریبدات هەتا ساڵی (٤٣٩ هـ) هەموو کوردسـتانی پـاك کـردەوە. سـەلجوقی ئەول پێشڕەوی تـورکی ختـاو تتـارو غـزن سـەلجوقی نـاوی تورکێکـە کـەپیلانی ئیستیلای ئەو وڵاتانەی نیشانداون.

مـیر أحمـد دیـل لەسـاڵی (٥١٠ هـ) دا لەلایـەن سـوڵتان محمـدی سـەلجوقی دەعوەت ئەکرێ بۆ بەغدا بەناوی چاوپێکەوتنی هاتنی ئاغابەگ بۆ بەغدا سوڵتان محمـد موئامـەرەی بـۆ مـیر أحمـد نایـەوە، لەدیوانخانـەی خۆیـدا پەلاماریانـدا بەخەنجەر کوشتیان، ئومەرایەکی کوردی زۆری لەگەڵا بوو، بەڵام وا دەرکەوتووە کەدەستەو کەریان نەکردبێ تەنیا سوڵتان أحمد خۆی چەند کەسێکی لەمجلسی سوڵتان بەخەنجەر کوشتووە، ئاق سنگورو أحمد دیل لەجێگای باوکی دانیـشت، بەڵام حکومەتی رەوادی بەدەست سەلجوقیەکانەوە توایەوە، دوا پاشای رەوادی ژنێك بوو بەناوی (هواداد) ئەویش مێردی بەجلال الدین خوارەزمی کرد لە (١٢٢٦ م) حکومەتی رەوادی بەو ژنە دوایی هـات کـە نزیکـەی (٤٠٠) سـاڵ حوکمداریان کرد.

## ١٥ ـ ئەرمانوسی رۆم

لەساڵی (٤٦٤ هـ ـ ١٠٧١ م) ئەرمانوسی کوڕی ئیمپراتۆری رۆم هاتە سەر کوردەکان، بەڵام لەناوچەی ملازگرداو وارمینیە کوردەکان بەدیلیان گرت و لەشکرەکەشی تەفرو تونا کرا.

## ١٦ ـ حکومەتی دۆسکی- مەڕوانی

ئەوەڵ دامەزرێنەری بناغەی حکومەتی دۆسکی شاباز ناوێك بووە، کەزۆر کەڵەمێردو ئازا بووە، لەهەوەڵ جاردا دیاربکرو گۆمی وانی گرتۆتە دەست، دوایی وڵاتی ئەرمەنستانی داگیرکردووەو دیاربکری کردووە بەپایتەختی خۆی، لەلایەنی خەلیفەی بەغداوە نیشانەی ئازایەتی پێدراوە، بەڵام بوهیمیەکان ئەو دەست رۆیشتنەی شابازیان پێخۆش نەبووەو لەشکریان ناردۆتە سەری، بەڵام سەر نەکەوتوون ئینجا شاباز کەوتە سەر ئەو داڵغەیەی کە لەشکر بەرێ بۆ بەغداو بوهیمیەکان لەناوبەرێو خۆی بکات بەگەورەی بەغدا، بەڵام حصام الدولەی بوهیمی ترسا، لەشکرێکی زۆری ناردە سەر شاباز لەناوچەی تکریت بەرەنگاری یەکتربوون، لەژێر فەرماندەی زیاری کوڕی شارا کویەی دیلمی کە فەرماندەیەکی زۆر ئازا بوو لەشکری شاباز شکاو گەڕانەوە بۆ دیاربەکر.

سەرداری بویەهی بە سێ قۆڵ لەشکری ناردەسەر شابازو حصام الدولە خۆشی لەگەڵ لەشکرەکانیدا چوو بۆ موصل لەگەڵ سعد الدولەی حەمدانی حاکمی حلب رێك کەوتن کەئەویش لەسوریەوە لەشکرێك بنێرێتە سەر دیاربکر. بەڵام فەرماندەی قارەمان شاباز هەر سێ لەشکرەکەی بەشکاوی گێڕانە دواوە، ئینجا حصام گەورەی بوهیمی ناچاربوو لەگەڵ شاباز رێك بکەوێو زاخۆ بکەن

بەسنوور ئینجا بوهیمیەکان لەگەڵ عەشیرەتی بەنی عقیل و بەنی سخریەکان یەکیانگرت و لەشکرێکی زۆریان کۆکردەوە لەدەوری موصڵ، لەگەڵ لەشکری شاباز کەوتنە شەڕکردن، بەڵام شاباز لەو شەڕەدا لەئەسپ گلاو کوژرا، لەشکری کورد بێ سەردار مایەوە، لەساڵی (٣٨٠ هـ - ٩٩٠ م) دا ئینجا ئەمیر حسێن برازای شاباز کەکوڕی مەڕوان دۆسکی بوو لاوێکی زۆر ئازاو لێدەر بوو، بۆئەوەی کەئیدارەی وڵاتەکەی لێ تێك نەچێ، ژنی شابازی مامەی مارە کردەوە، خۆی کرد بەگەورەی دۆسکی، ناوی حکومەتی دۆسکی بە مەڕوان گۆڕی، چونکە مەڕوان ناوی باوکی بوو.

ئینجا حەمدانیەکان بەلەشکرێکی زۆرەوە چونە سەر دیاربەکر وایانزانی کە شاباز نەماوە کوردستان بێپیاو رۆڵەیە ئەمیر حەسەن لێیان راپەڕی و ئەو لەشکرە زۆرەی شکاند، ئەبو عبدالله حەمدانی بەدیل گیراو بەرەڵاکرایەوە ئەمیر تاهری حەمدانی سەرکردەکانی ئەبو عقیلی و سخری گرتن و کوشتنی، ئینجا ئەبو الحسن، ئورفەی لەئمپراتۆریەتی رۆم زەوتکردو هەتا وان رۆیشت، خەلیفەی بەغدا لەترسان نیشانەی فخر الدولەی دایێ بەڵام لە (٣٨٧ هـ) هەر لەدیاربەکر بەموئامەرەیەکی نهێنی ناوخۆیی کوژرا، لەپاش کوژرانی أبو الحسن، أحمد شا پیاوێکی زۆر هەڵکەوتوو و قارەمان و دڵو دەرون باش بووە لەلایەنی خەلیفەی عەباسی القادر بالله نیشانەی ناصر الدولەی دراوەتێ هەتا بەئەندازەیەك حەزی بەناوداری و کردەوەی شارستانیەت کردووە، چەند ژنێکی ناردووە بۆ میصر بۆ ماڵی خدیو، کە لەچێشتخانەی خدیودا فێری چێشت لێنانی هەموو جۆرێك ببن، چەند کچەپاشا ژنی بووە لە (٤٥٢ هـ - ١٠٥٥ م) وەفاتی کردووە (٣٠٠) جاریەی هەبووە، ئەوە بوو کەسەفیری کوردی ناردووە بۆ میصرو رۆم و بەغدا، فیتنەی تورکومانی غەز کەوتە ئاسیاوە، پەلاماردانی دڕندانەی غەز لەناوچەکانی

ئوربایەگان، ئازربایجان دەوڵەتی هەزەبانیان پەرێشان کرد لەساڵی (٤٢٩ هـ) دا لەژێر فەرماندەی گوگناش و منصوردا رویانکردە ناوچەکانی هەکاری. کوردێکی زۆریان کوشت و ئەتکێکی زۆریان بەسەر کودەکان هێنا، وەلاتی کوردنشین هەموو هەڵهاتن لەترساندا خۆیان خزاندە شاخەکان.

ئەحەمەد شای نصرالدولە نووسراوێکی بەوەزیرێکی خۆیدا بۆ ئەرتفولی سەلجوقی نارد بۆ بەغدا باسی دڕندەیی غەزەکانی تیادا باس کردو نووسیبوی کەمن دەست لەوکارە بێ ناموسانەیان هەڵناگرم لەشکری کوردەکانی کۆکردەوە هەڵمەتیان بردە سەر تورکمانی غەز (١٧٠٠) کەسیان لێ کوشتن (٧) ئومەراو (١٠٠) کۆماری لێگرتن و لەوناوە دەری پەڕاندنەوە. ئینقرازی دەوڵەتی دوشتك لە منصور الدولە وە دوایی هات لە (٢٨ ی مانگی محرم لەساڵی ٤٨٩ هـ) دا کەلەلایەن برایگرمشی سەلجوقی تورکومان لەزیندانا (٢٨) مانگ دارکاریان کرد هەتا کوشتیان.

## ١٧ ـ دەوڵەتی ئەیوبی

شادی کوڕی مەڕوان کە لەکوردرەکانی ئازربایجان بوو لەزەمانی پاشایەتی مەسعودی سەلجوقی کرا بەحوکمداری تکریت، کوڕە گەورەی شادی کەناوی نجم الدین بوو لەجێگای شادی دانیشت نجم الدین رۆژێك لەگەڵ أسد الدین شێرکۆی برای ئەچونە ڕاو، لەڕێگا توشی ژنێك بوون ئەگریا هاواری بۆ نجم الدین أیوبی هێنا کەفلان کەس بەزۆر پەلاماری داوە أسد الدین کابرای دۆزیەوەو کوشتی. نجم الدین ئەو روداوەی بۆ نائبی مەلك مەسعودی سەلجوقی نووسی، مەلك مەسعود وەڵامی نامەکەی دابۆوە، کە ئەو کابرا کوژراوە زۆر برادەری من بووە، هەرگا چاوم بەئەیوب بکەوێت کوشتنی ئەو برادەرەی خۆمم دێتەوەبیر، وای بەباش ئەزانم کە لەبەرچاوم نەمێنێ و بڕۆن.



هەواڵنامەی کتێب

ئینجا نجم الدین و أسدالدین چونە لای ئەتابکی عماد الدین زەنگی لەموصڵ ئەتابك عمادالدین، نجم الدینی کرد بەگەورەی بەعلەبەك، کاتێ کە عماد الدین مرد نجم الدین لەگەڵ أسدالدینی برای چوون بۆ لای نورالدینی محمود لەناوچەی سوریە. نورالدین محمود، أسدالدینی کرد بەسوپا سالاری لەشکری (حمص) و بەهاواری عازیدی ئیسماعیل میصریەوە نارد بۆ سەر فەرەنگ خۆنیشاندانێکی گەورەی لەو شەڕانەدا دەرخست، وەزیری عازیدی کوشت کەناوی شاپور بوو لەجێگای ئەو کرا بەوەزیر، بەڵام ئەو وەزیریە هەر (٦٥) ڕۆژ ژیا. لەجێگای ئەو صلاح الدینی یوسف کوڕی نجم الدین ئەیوبی بوو بەوەزیری خدیوی میصر. صلاح الدین لەبەر زاناو ئازایەتی ڕۆژ بەڕۆژ ئەکەوتە بەرچاوی خدیو و خەڵکی میصر. خدیو لەقەبی ملك ناصری پێ بەخشی، لەساڵی (٥٦٧ هـ) عازید خەلیفەی میصر وەفاتی کرد خەزێنەو حکومەتی میصر کەوتە دەست صلاح الدین، بەڵام لەسەر هەندێ فەرمان نورالدین محمود لە صلاح الدین ڕەنجا، بڕیاریدا کەبچێت بۆ میصر صلاح الدین لەفەرماندەیەتی بخات و یەکێکی تربکا بەپاشای میصر لەسەر کبۆونەوەیەکی سێ قۆڵی باوك و براکانی صلاح الدین نووسراوێکی بۆ نورالدین محمود نووسی کەبیستومە لەمن ڕەنجاوی، فکرت وایە بەلەشکرەوە بێی بۆ میصر بۆ تەنبێ کردنی من، ئێستاش هیچ پێویست بەم زەحمەتە ناکات کام خزمەتکارت کەبەبێ وجودی ئەزانی بینێرە سەرم، من تەسلیم ئەبم و بەدیلی بابمهێنێ بۆ لات و بەپەتکراوی لەگەڵ خزمەتکارەکەتا دێم بۆ لاتان، تۆ وەلی نعمەتی منی ڕەنجاندنی دڵی تۆ کفرێکی زۆر گەورەیە لەلایەن فامیلی ئێمەوە:

نورالدین محمود لەسەر ئەو نووسراوە چاوی لەتاوانی صلاح الدین پۆشی و هەر بەوالی میصر هێشتیەوە، لەساڵی (٥٦٩ هـ) نورالدین محمود مەلیکی شام

وەفـاتی کـرد، شـامیش کەوتـە دەسـت صـلاح الـدین، بیـت المقـدس و قودسـی خەلیلیـشی کەوتـە دەسـت و ناوچـەی تەرابلسیـشی لەفەرەنگـەکان سـاندەوە. یەمەنیشی لەزندیق عبدالله الغبی ناو ساندەوە، هەتا هەموو وڵات دمشق و شام و یەمەن و مەغرب و بیت المقدسی کەوتە دەست.

فرەنگەکان بـۆ رزگـارکردنی بیـت المقـدس لەشـکرێکی زۆریـان نـاردە سـەر صلاح الدین و صلاح الدین شکا، برازایەکی صلاح الدین لەگەڵ زۆر کەسی میصر شەهید کران، لەشکری نەصارا چوونە ناو حەما صلاح الدین بایدایەوە سەریان، نەصارایەکانی شکاندەوەو سەرداری لەشکرەکەی کوشت.

لە (٥٨٣ هـ) لەنێوان صلاح الدین و فرەنگ لەدەشتایی تەبەریە شەڕێکی زۆر گـەورەیان لـەنێوان نەصاراو صـلاح الـدین کـرا کلانـتری نەصـارا بـەدیل گـیراو زۆرکەسی لەشکرەکەی کوژرا. صلاح الدین چوو بۆ عککە (٤٠٠٠) ئیسلام کەلەوێ دیل بوون رزگاریکردن.

بیـت المقـدس کـە (٦٠٠٠٠) نەصـاری تێدا بـوو گرتـی و کوشـتارێکی زۆری لێکردن، هەروا بەرەبەرە پاڵی بەنەصـاریەکانەوە نـا بـەزۆر شـارانی هنـد، کـرک، کوکـب، عەسـقلان، سـەقیف، لـد، ملـە، ترسـوس، ئەنتاکیـەی لێگـرتن و شـەڕی گەورەی صلیبیشی لەگەڵاکردن و سەرکەوت و ناوێکی مێژووی نەمری بـۆ هـۆزی کورد تۆمارکرد، لەساڵی (٢٧ صفری ـ ٥٨٩ هـ) لەشام وەفـاتی کـرد بەنەخۆشـی تای سوتێنەر. خەزێنەی صلاح الدین هی شەخصی خۆیان لەپاش مردن پشکنی تەنها (٤٧) درهەمی زیوی لەگەنجینەکەدا پاشەکەوت هەبوو.

أبو الفتح عوسمان صلاح الدین لەجێگای بـاوکی بـوو بەپاشـا هـەتا (٦٦٢ هـ) برازاو کوڕەزاو خزمەکانی صلاح الدین گەورەی میصرو لوبنان و حەلب و شـام و ئوردن و جزیرەو دیاربکرو فەلەسـتین و مـەغربیان ئـەکرد، لەوتەئریخـە بـەو لاوە

دوایی بەدەوڵەتی ئەیوبی هات، زیاتری جەنگی صلیبی کوردەکانی هەکاری، میرانی، سۆرانی، حەمیدی، زەرزایی کردیان، زۆربەی لەشکری صلاح الدین بریتی بوون لەو کوردانە.

## ١٨ ـ فەیرۆزخانی پشت کۆ

فەیرۆزخانی پشت کۆ کەقارەمانێکی هەرە لێدەرو هەڵکەوتوو بوو لەئێراندا کەبۆ داخوازی دڵداری چوو بۆ سەمەرقەند، لەوێ ئەسترخانی کچی مەلك ئەورەحمانی سەمەرقەندی هێنا، لەسەر ئەوە دووچاری جەنگ و هەرایەکی زۆر گەورە بوو لەئێراندا لەگەڵ سیوان خانی قزڵباشی، بەهۆی ئەم رووداو و لەشکرەکەشیەوە توانی زۆربەی ولاتی ئێران بگرێ، بەڵام لەهاتنی جەنگیزخانی مەغول لەناوچەی کرماشان لەگەڵ جەنگیزخاندا بەشەڕهات (٣٠٠٠٠) کەس لەنێوانی لەشکری فەیروزخان و جەنگیزخاندا کوژرا، فەیروزخان و ئەسترخاتونی ژنی لەگەرمەی شەڕا کوژران لەساڵی (١٢٥٧ م) دا ناوی ئەو قارەمانە لەترسی جەنگیزخان شیرەڕا بووە، قەدەغە کرابوو کەکەس ناوی فەیرۆزخان بێنێ.

## ١٩ ـ جەنگیزخانی مەغۆل

جەنگیزخانی مەغۆل لەچەرخی (١٣) یەمدا پێی نایە ئێران، بەئەندازەیەکی بێ پایان خوێنرێژی لەئێراندا کرد کەپێنووس ناتوانێ بەتەواوی بەسەرهاتی ئەو پاشا درندەیە بنووسێتەوە، لەهەموو لایەکەوە کوردەکان بەرهەڵستیان ئەکرد، تەوژمی هێزی جەنگیزخانیان رائەگرت هەتا هێزی جەنگیزخان لەکرماشاندا توشی بەسەهاتێکی زۆر سەخت بوو لەگەڵ لەشکری فەیرۆزخانی پشت کۆدا و لەناوچەی ئەصفهانیش چەند هەزار کەس لەنێوانی لەشکری جەنگیزخان و لەشکری کوردو فارس کوژرا، هۆلاکۆ نەوەی جەنگیزخان چوو بۆ سەر بەغداو معتصم باالله-ی لەبەغدا کوشت، ئاساری دوا خەلیفەی عەباسی لەعێراق هێنا و کتێبخانەی میللەتی کوردو عەرەبی لەناودا، بەڵام لەساڵی (١٢٩٧ م) دا

کوردەکـان بەکوشـتارێکی گـەورە هۆلاکۆیـان گێڕایـەوە بـۆ دواوە قـانونی جەنگیزخان (١٤) مـادە بـوو، هـەر (١٤) مادەکـەی لەشمـشێرەکەی نووسـرابوو. یەکێك لەمادەکانی ئەوەبوو:

١- نابێ پیتی بەزەیی و روحم لەناو لەشکری جەنگیزخاندا بەسەر زماندا بێ.

٢- نابێ کەس فەرقی حـــەڵاڵو حەرام و پاکی و پیسی بکات.

دەگێڕنەوەو دەڵێن جارێك سەربازێکی جەنگیزخان ئەچێتە ماڵێك کەخـەڵکی ئەو ماڵە لەگەڵ خەڵکی شارەکەدا لەترسی جەنگیزخان رەویان کردووە منـاڵێکی ساوایان لەترسی گیان و شپرزەی لەبێشکەدا بەجێهێشتوە مناڵەکـە لەجۆشی گریاندا ئەبێ کەسەربازەکە ئەگاتە سەری سەربازەکە نوکی رمەکەی ئەنێتـە نـاو دەمی مناڵەکەو وا ئەزانێ مەمکی دایکێتی دەست ئـەکا بەمـژینی نوکـە رمەکـە، بەڵام کابرای سەرباز نوکە رمەکـەی لەدەم دەرناهێنێتـەوەو هێـز ئەداتـە رمەکـە لەسەری مناڵەکە ئەو دیووەو ئەم دیوو ئەبێو ئـەیکوژێ، سـەربازەکە بـۆ یـەکێك لەئاوەڵـەکانی ئـەم باسـە ئەگێڕێتـەوەو ئـەڵێ ئـەمڕۆ بـەزەیم بەمنـداڵێکی ئـاوادا هاتووە، بەڵام هەر کوشتووشمە ئەو باسە بەگوێی جەنگیزخاندا ئەگاتەوە بانگی سەربازەکە ئەکات و ئەمر ئەدات بەکوشتنی سەربازەکە لەسـەر ئـەوەی کـەپیتی بەزەیی بەسەر زمانیدا هاتووە، چـونکە خـیلافی یاسـای جـەنگیزخان بـووەو ئـەو پیتە بەزەییەی کەسەربازەکە وتویەتی.

جەنگیزخان وتویەتی ئەگەر ئەمجارە پیتی بـەزەیی بـەکارهێناوە جـارێکیتر لەوانەیە پەرە بەڕوحم و دڵسۆزی بدات .

## ٢٠ ـ تەیموری لەنگ تاتاری

لەپاش بڕانەوەی ئاساری جەنگیزخان و هۆلاکۆ لەساڵی (١٣٩٤) دا تەیموری لەنگ لەتاتارەوە رووی کردە ئێران لەناوچەی ئەصفەهاندا کوردەکان پەلاماریاندا (٧٠٠٠٠) کەس لەنێوانی هەردوولا کوژرا، لەئەصفەهان منارەی لەکەلەی سەری کوژراوانی کوردو فارس دروست کرد، لەکاتێکدا کە تەیموری لەنگ خەریکی شەڕی عەرەب بوو لەسوریە کوردەکان لەفەرمانی جلال الدین میرانشای کوڕی تەیموری لەنگ هەڵگەڕانەوە.

تەیموری لەنگ بەغەزەبەوە لەسوریەوە دەستی کرد بەکوشتاری کوردەکان، هەتا گەیشتەوە هەرێمی جەزیرە، هەر دێهات و ئاوەدانیەکی بهاتایە سەر رێ وێرانی ئەکردو خەڵکەکەشی ئەکوشت، لەناوچەی جەزیرە تەنیا دێیەك مابۆوە کەناوی (ئەربو) بوو ئەو دێیەش قەشەیەك لەلای تەیموری لەنگ بۆی پاڕایەوە لەبەر خاتری قەشە ئەو دێیەی نەسوتاند.

## ٢١ ـ حکومەتی بەتلیسی ـ سیاسەتی تورك و فارس

لەپاش مردنی تەیموری لەنگ لەساڵی (١٤١٧ م) دا حکومەتی کورد لەناوچەی بەتلیس و وان و ئەرزڕوم و دیاربەکرو ماردین لەلایەن ئەمیر شمس الدینی بەتلیسی دروست کرا.

لەو سەرەو بەندەشدا شاە ئیسماعیلی صەفەوی لەئێراندا دەستی بەسەر حوکمداری ئێراندا گرت و خۆی کرد بەپشتیوانی مەزهەبی شیعەیی لەئێراندا.

هەر لەو سەردەمەدا سوڵتان سەلیم لەپاشایانی عوسمانیش هاتە سەر حوکم لەئیمپراتوریەتی عوسمانیدا و بەرامبەر بەشاە ئیسماعیلی صەفەوی راوەستا، ئەو دوو پاشایە بۆ تەوەسوعی نفوز ـ ئاژاوەیەکیان لەناو تورك و ئێراندا نایەوە

لەسەر شێوەی گوریس کێشەکینە بەناوی شیعەو سونیایەتی کوردیان بەگژ شەڕی ئیستعماری خۆیانەوە نا. سوڵتان سەلیم بەیارمەتی کوردەکانەوە هەتا تەوریزی داگیرکرد، شاه ئیسماعیل خانیش بەفەرماندەیی قەرەخان ناو لەشکرێکی زۆری ناردە سەر دیاربەکرو ماردین.

شێخ ئیدریس بەتلیسی بوو بەلایەنگری عوسمانیەکان، قەرەخان ناو لەشکری شێخ بەتلیسی خستە ئابلۆقەو گەمارۆوە. ئەو جەنگە لەنێوان ئەو دوو پاشا خوێنمژانە (١٤) ساڵی خایاند، کوردێکی زۆر لەپێناوی ئەو دوو پاشایەدا لەناو چوون، ئینجا قاسم بەگی جەمشید بەگ و حەسەن بەگی قەرەخان بە (٠٠٠ ١٠) کەسی لەشکری کورد لەشکری ئێرانیان لەدیاربەکرو حصن کیف دەرپەڕاند.

خەسرەو پاشا لەساڵی (١٥١٦) دا بە (٠٠٠ ٢٠) کەسەوە بەهانای شێخ بەتلیسیەوە هات، بەلام قەرەخانی فەرماندەی ئێرانیەکان شەڕێکی زۆر ئازایانەیان لەگەڵ تورك و کوردەکان کرد، حصن کیف و ماردینیان لەکوردەکان ساندەوە، ئینجا لەشکری محمد پاشای بیقلی لەگەڵ لەشکری قەرەخان لەقوح حصارەوە کەوتنە جەنگ، شێخ بەتلیسی بە (٤٠٠٠) چەکداری کوردی بەهاواری محمد پاشای بیقلیەوە نارد لەژێر سەرکردایەتی ملك خەلیلی ئەیوبی و محمد بەگی علی بەگ حاکمی ساسون و ئەمیری شیروانات قاسم بەگ و ئەمیر گیو و شەرەف بەگی بەتلیسی و داود بەگی حاکمی نمیران و ئەحمەد بەگی زرقی حاکمی ئاتاق شاه و ولو بەگی سلێمان، ئەو فەرماندە کوردانە لەشەڕێکی زۆر توندوتیژ قەرەخانی سەر لەشکری (شاه ئیسماعیل) یان کوشت لەشکرەکەشیان بەپەرێشانی شکاندەوە بۆ ئێران.

وڵاتی سنجارو تەلعەفەرو چرچك و سورکی و بیرەچك کەوتە دەست عوسمانیەکان، بەلام قەلاتی ماردین هەر بەدەست ئێرانیەکان مایەوە.

کاتێ کە سوڵتان سەلیم لەگرتنی وڵاتی شام بۆوە لەژێر فەرماندەی محمد پاشای بیقلی لەشکرێکی زۆری نارد بۆ ماردین هەتا موصڵیان داگیرکرد، ئینجا هەموو وڵاتی کوردەکان کەوتە دەست عوسمانیەکان لەسەر ئەو تێکۆشان و دڵ پاکیەی کە مەولانای بەتلیسی بۆ پاشاکانی عوسمانی بەئەنجام دابوو، لەپاداشتی ئەوە سوڵتان سەلیم فەرمانی شاهانەی بۆ سەربەخۆیەتی کورد دەرهێنا لەژێر گەورەی مەولانا خالیدی بەتلیسی و (١٧) ئالاو (٥٠٠) خەڵاتی شاهانەی نارد بۆ مەولانای بەتلیسی کەبەسەر کوردەکاندا دابەشی بکات و (٢٥) هۆقە زێڕیشی بۆ مەولانا نارد، ئینجا مەولانا وڵاتی دیاربەکری دابەش کرد بەچەند سنجاقێك کەئیدارەی حکومەتیان بۆ ئاسان ببێ، موصڵیشیان خستە ناو ئەو ئیدارەو نیزامەوە.

سوڵتان سەلیم بەئەندازەیەك باوەڕی بەمەولانای بەتلیسی بوو تا قاقەزی سپی بەئیمزاکراوی بۆ ئەنارد بۆ ئەوەی بۆ هەر مەبەستێ کە مەولانا هەیەتی ئەم قاقەزەی بەم پێیە پڕبکاتەوە، وڵاتی دیاربەکر دابەش کرا بە (١٩) سنجاق (١١) یان لەسەر شکڵی وەحداتی ئیدارەو پەیوەندی ئەنادۆڵ بوون، بەڵام (٨) سنجاقەکەیتر بەسەربەخۆیی ئەژیان لەژێر فەرماندەکانی کوردا وەکو سحفات - قولپ - میرانیە - ترکیل - ئاتاق - پرتك - چیاق چو - چرمك و فەرمانی شاهانە بۆ ئەم ئیمارەتانە دەرچوو کەپاشایەتی ئەو (٨) وڵاتە میراتی (ویراسی) بێت، پاشای ئەم حکومەتانە لەڕوتبەی میر میراندا بوون، لەهەموو ئیشوکاری خۆیان سەربەخۆ بوون.

لەوڵاتی وانیشدا (٣٧) سنجاقیان پێکهێنا بوو چوار حکومەتی تیا دروست کرابوو کەتابعی فەرمانی شاهانە بوون:

حکومەتی هەکاری لەشکرەکەی (۱۰ ۰۰۰) کەس بوو، حکومەتی بەتلیسی لەشکرەکەی (۱۰ ۰۰۰) کەس بوو، حکومەتی محمودی لەڕۆژهەڵاتی وانەوە هێزەکەی بریتی بوو لە(۱۲۰) قەبیلەو (٦۰۰۰) نەفەری سەرباز، دەوڵەتی پنیانیش هێزێکی (٦۰۰۰) کەسی هەبوو و لەئێرانیشدا لەناوچەی تەورێز پێنج دەوڵەتی کوردی پێکهاتبوون وەکو دەوڵەتی قنور - پیرەدوزی - گولانی - دەمدەمی - دەنبلی ئاڵاو حوکمڕانی ئەو دەوڵەتانە بەناوی ئەستەمبوڵەوە پێکهاتبوو.

مەولانا ئیدریس بەسیاسەت و زانیاری لەئێران و تورکیادا (٤٦) ئیمارەت و دەوڵەتی پێکهێنابوو، مەولانا یەکەم خۆشەویستی سوڵتان سەلیم بوو، هەتا بۆ فەتحی میصرو ئێران سوڵتان سەلیم مەولانای لەگەڵ خۆیا بردبوو، لەو کاتەدا لەژێر نفوزی شاهانی تورکا - ئاسووری - ئێران - پرتین - ئەرمەنی - ڕۆمانی - یۆنانی هەبوون، بەڵام سوڵتان سەلیم سەربەخۆیەتی نەدابوو بەهیچ کامێکیان لەو هۆزانە.

## ۲۲ - زولفەقار خان

زولفەقار خان سەرۆکی عەشیرەتی موسلوی و حاکمی کلهر لەپاش مردنی شاه ئیسماعیلی صەفەوی چووە سەر بەغدا، ئیبراهیم سوڵتان والی بەغدا کەلەلایەن پاشایانی ئێرانەوە کرابوو بەوالی لەگەڵ زولفەقار خانی کوردا بەشەڕ هات. زولفەقار خان، ئیبراهیم سوڵتانی گرت و کوشتی، بەغدایشی خستە ژێر فەرمانی خۆیەوە بەناوی سلێمان پاشای تورك خوتبەی خوێندەوە، شاه تەهماسب بەلەشکرێکی گەورەوە چووە سەر بەغدا لەساڵی (۱٥۳۰) دا، بەڵام بەغدای بۆ نەگیرا ئینجا شاه تەهماسب صەفەوی ناچار بوو کە علی بەگ و

ئەحەمەد بەگ برای زولفەقار خان تەفرە بدات کە زولفەقار خان بکوژن، لەپاش کوشتنی زولفەقار خان بیانکات بەوالی بەغداو بەصرە.

ئەو دووبرا نامەردە لەخەودا زولفەقاریان کوشت و دەرگای بەغدایان بۆ لەشکری تەهماسب خستە سەر پشت، لەشکری شاە تەهماسب چوونە ناو شاری بەغدا.

لەو لایەشەو ئەمیر شەرەف خان جێنشینی بنەماڵەی حوکمداری بەتلیسی لەسوڵتان سلێمانی قانونی هەڵگەڕایەوە چوو بۆ لای شاە تەهماسب شای ئێران، لەو لایەشەوە ئولامە بەگ تەکەلو لەشاە تەهماسب هەڵگەڕایەوە چوو بۆ لای سوڵتان سلێمانی ئەوەلی عوسمانی خۆیکرد بەگەورەی ئیمارەتی تەبلیس و حصن کیف بەپێ فەرمانی شاهانەی تورک.

ئەو فەرمانەش بەپێپەوانەی ئەو پەیمان و بڕیارەبوو کە سوڵتان سەلیم لەگەڵ مەولانا شێخ بەتلیسی بەستبوی جا بەرەڵابوونی کوردەکان بەم لاو بەولادا بووە هۆی ئەوەی کەلەنێوان تورک و ئێران جەنگ دەست پێبکاتەوەو ئەمارەت و سەربەخۆیەتی کوردەکانیش لەناو بچێ، کوردەکانیش رابکێشرێنە ناو جەنگی تورک و فارس، لەسەر ئەوە شاە تەهماسب بەلەشکرێکی گەورەوە چووە سەر وان، صەدری ئەعزەم ئیبراهیم پاشای تورکیش لەساڵی (١٥٣٤م)دا بەلەشکرێکی قورسەوە روویکردە وان، لەشکری ئێرانی شکاندو چوو بۆ تەورێز. سوڵتان سلێمان پاشاش بەلەشکرێکەوە چوو بۆ هەمەدان و کرماشان و لەوێوە لەمانگی ( دیسمبری ١٥٣٤) دا چوو بۆ بەغدا، والی دیاربەکر سلێمان پاشا کرا بەوالی بەغدا لە (مارسی ١٥٣٥) دا بەڕێگای مەراغەدا سوڵتان سلێمانی ئەوەڵ گەڕایەوە بۆ تەورێز. لەڕێگادا ئەمیر شەفیق بەگ لەگەڵ (٧) ئەمیری کورددا گرت و کوشتنی بەبێ هیچ تاوانێکی ئاشکرا.

لەساڵی (١٥٤٨) دا سولّتان سلیّمانی ئەوەڵ بەشێکی زۆری لەوڵاتی کوردەکانی ئێران داگیرکردو خۆشی چوو بۆ تەوریز، بەڵام قەڵای وان هەر بەدەست ئێرانەوە بوو، چونکە پارێزگەرەکەی ئەمیرێکی کورد بوو بەناوی علی سولّتان بەگ سەرۆکی عەشیرەتی چکن. سولّتان سلیّمان لەئەرزڕومەوە تۆپی گەورەی بۆهات قەڵاتی وانی دایە بەر تۆپ بۆ ماوەی (٩) ڕۆژ قەڵاتەکەی گرت. لەبەر بەفرو سەرما سولّتان سلیّمان گەڕایەوە بۆ دیاربکر.

شاە تەهماسب بەهەلی زانی لەژێر فەرماندەی بەهرام میرزاو ئیسماعیل میرزا لەشکرێکی ئەستوری ناردە سەر قارص و ئاردەهان و خۆشی ڕوویکردە وڵاتی موش:

ئینجا سولّتان سلیّمان لەژێر فەرماندەی ئەحمەد پاشا لەشکرێکی زۆری ناردە سەر ئێران، لەشکری بەهرام میرزایان شکاند قاصی میرزا کەبرای شاە تەهماسب بوو لەسەر تەماعی پاشایەتی پەنای بردە بەر تورکەکان، سولّتان سلیّمان یارمەتیدا (٥٠٠٠) کەسی لەکوردەکان بۆ پێکەوەنا ڕەوانەی سەر هەمەدان - شارەزوور - کەرکوکی کرد، کەئەو شوێنانە لەوکاتەدا بەدەست ئێرانەوە بوون.

لەهەمان کاتدا ئولامە بەگ بەلەشکرێکی زۆری کوردەوە پەلاماری ئەرزڕومیدا بۆ ئاژاوە نانەوە لەقەڵەمڕەوی دەسەڵاتی شاە تەهماسبدا.

لەسەر حسابی کوردەکان ئەو دوو دەوڵەتە کەوتبوونە هەرای نفوزو خۆ گەورە کردن، کوردەکانیش بێ ئامانج و مەبەست خۆیان لەپێناوی ئەو دوو دەوڵەتە گەردن کەش و تەماعکارانەدا بەکوشت ئەداو ئەمارەتەکانی خۆیان ئەتواندەوە.

قاصی میرزا وڵاتی قم و ئەصفەهانی داگیرکرد ویستی بچێ بۆ وڵاتی فارس و بەکوردەکان ئەو ناوەش بگرێ، بەڵام لەسەر ڕێك کەوتن قاصی میرزا چوو بۆ بەغدا لەوێ خۆیکرد بەپاشای بەغدا، بەڵام سوڵتان سلێمان بەکردەوەی قاصی میرزاو چوونە بەغدای شادمان نەبوو، فەرمانی دەرکرد کەبەغدا بەجێ بهێڵێ‌و بگەڕێتەوە بۆ ئاستانە، بەڵام قاصی میرزا گوێی لەو فەرمانە نەگرت، ئینجا سوڵتان سلێمان لەشکرێکی گەورەی لەکوردەکانی برادۆست و عمادیەو هەکاری پێکەوەناو ناردیە سەر قاصی میرزا لەبەغدا، ئینجا قاصی میرزا هێزی بەربەرەکانی نەبوو هەڵهات و رویکردە لای ئەمیر سورخاب بەگی ئەمیری ئەردەڵان لەسنە، بەڵام لەشکری ئێران کەوتە شوێن قاصی میرزاو لەمەریواندا دەردەست کراو نێردرایەوە لای شاە تەهماسب.

ئینجا شاە تەهماسب لەساڵی (١٥٥٤) دا دیسان پەلامارێکی کوردستانی دایەوە هەتا ناوچەی ئازرگان و دیاربەکری گرتەوە، هەرچییەکی کەوتبایە سەر ڕێگا لەوڵاتی کوردەکان ئەیگرت و ئەیسوتاند. بەم پێشڕەوی و تاڵان و کوشتنە بەتلیسی و موشی گرت، کوشتارێکی زۆر ناشیرینی لەکوردەکان کرد.

لەلایەکی تریشەوە لەشکری ئیسماعیل میرزای ئێران چوو بووە ناو وڵاتی ئەرزڕومەوە، لەگەڵ لەشکری ئەسکەندەر پاشای تورك کەوتبووە جەنگەوە زۆر بەناشیرینی شکاندبوویانەوە بۆ دواوە، ئینجا لەشکری ئێرانیەکان لەوڵاتی کوردەکاندا شوڵیان لەخراپەو ئەتکی بێ شەرمانە هەڵکێشا.

لەپاش تەیموری لەنگ هەتا ئێستاش هیچ هۆزێك وەکو دەستەی ئیسماعیل میرزاو شاە تەهماسب لەوڵاتی کوردەکان خوێنڕێژیان نەکردووە.

سوڵتان سلێمان تەنیا ئەیالەتی شارەزوور، باڵەکی لەئەیالەتەکانی عێراق بەدەستەوە مابوو، دەنا هەموو وڵاتی کوردستان کەوتبووە دەست

ئێرانیەکانەوە، ئینجا سوڵتان سلێمانی قانونی لەژێر فەرماندەی صەدری أعـزەم سەردار ئەکرەم عوسمـان پاشـادا لەشـکرێکی زۆری نـاردە سـەر ئێرانیـەکان بـۆ سەندنەوەی وڵاتی کوردەکان.

ئەو لەشکرە لەگەڵ فەرماندەی لەشکری ئێران میرزا هەمزە کەوتە شـەڕەوە، لەشکری میرزا هەمزە شکا لەشـکری تورکـەکان - صـوفیان - جلـدیان - ناوچـەی مەنگوڕایەتییان داگیرکرد، هەتا گەیشتنە تەورێز.

صەدری ئەعزەم دەسـتووریدا هـەتا سـێ ڕۆژ لەتـەورێزدا ئـەتك و کوشـتن و تالانی عەجەمەکان ئازادە لەساڵی (١٥٨٥ م) دا هـەمزە مـیرزا کەفەرماندەیـەکی زۆر ئازاو بەجەرگ بوو لەئێراندا پەلاماری فەرماندەی لەشـکری تورکیـدا کـەناوی جفال سنان پاشا بوو لەشکری تورکی شکاندو دیلێکی زۆری لێگرتن، بـەڵام هـەر لەو سـاڵەدا چـەند پیـاوێکی دڵسۆزی خـۆی لەسـەر پیلانـی تورکـەکان لەخـەودا هەمزە میرزای فەرماندەیان کوشت، لەساڵی (١٥٨٩) دا جفـال زادە لەبەغـداوە رویکردە هەمەدان ئەو ناوچەیەی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. لەزەمانی شـاە عەباسی دوهەم لەساڵی (١٥٩٠) دا لـەنێوانی تـورك و ئێرانـدا رێکـەوتن پێکهـات، بەو مەرجەی کەمەزهەبی شیعەتی لەناوبچێو ئازربایجان - شیروان - کرجسـتان - لوڕستان - شارەزوور بۆ دەوڵەتی عوسمانی بێـت، بـەڵام ئـەو رێکەوتنـە لەسـاڵی (١٦٠٣) دا هەڵوەشـایەوە، فەرمانـداری تـەورێز پـەلاماری غـازی بـەگی حـاکمی سەڵماسیدا، غازی بەگیش پەنای بۆ شاە عەباس بـرد، شـاە عەباسـیش لەشـکی دایە کەبچێ تەورێز بگرێ، غازی بەگی فەرماندەی کورد تەورێزو ئەریڤان و وانـی گرت لەشکری مستەفا بەگی ئەمیری ماکوی شـکاند. ئینجـا دەوڵـەتی عوسمـانی لەژێر فەرماندەی جفال زادە لەشکرێکی گەورەی لەکوردەکان ناردە سەر ئێران، لەژێر فەرماندەی مستەفا بەگدا لـەوڵاتی خـو و مەرەنـدا. فەرمانـدەی لەشـکری

ئێرانیەکان ناوی الله وێردی خان بوو لەپاش شەڕێکی گەورە لەشکری ئێران لەشکری تورکەکانی شکاند، ئینجا لەهەموو ولاّتی کورددا فەرمانی ئەتك و تالاّن و کوشتاری درا، هەتا ئەلێن مانگایەکی تالاّنی کوردیان ئەدا بە (٥٠) دیناری ئێرانی کەئەکاتە (٥) فلسی عێراقی. چەند هەزار کچ و ژنیان لەکچ و ژنی کورد بەتالاّن برد بۆ خۆیان، تورکەکانیش لەبەر شۆڕشی جان پۆلادی کورد لەسوریە نەیان توانی چیکە شەڕ لەگەڵ ئێرانیەکاندا بکەن.

## ٢٣ ـ شۆڕشی جان پولادی
## کەنێستا جنبلاطی پێئەڵێن لەسوریە

تایەفەی جان پولاد کە دانیشتوی سوریان لەم تەئریخەدا لەکاتێکدا کە جفال زادە لەساڵی (١٦٣٠) دا لەگەڵ ئێرانیەکاندا لەجەنگدا بوو داوای یارمەتی و لەشکرکەشی لەئەمیر حسێن جان پولاد کرد کە بەمەنسەبی بەگلەربەگی حاکمی حلب بوو و ئەمیر حسێن گوێی نەدایە فەرمانی جفان زادە کەلەشکری کورد بەرێ بۆ تەورێزو شەڕ لەگەڵ عەجەمەکاندابکات.

لەسەر ئەوە صەدری ئەعزەم ئەمیر حسێن بانگ ئەکات بۆ لای خۆی و ئەیکوژێ.

لەسەر ئەوە ئەمیر عەلی برای ئەمیر حسێن لەدژی تورکەکان ئاڵای شۆڕشی هەڵگرت، لەگەڵ تورکەکان کەوتە شەڕەوە تەرابلس و شامی گرت، ئیعلانی حکومەتی سەربەخۆی کوردی لەسوریادا کردو سکەی بەناوی خۆیەوە لێدا، مەلاکان لەمزگەوتدا بەناوی ئەمیر عەلی جان پولادەوە خوتبەیان ئەخوێندەوە، لەساڵی (١٦٠٧) دا لەگەڵ ئەرشیدوق فەردیناندی پاشای توسکانا پەیمانی بەست، ئیجا دەوڵەتی عوسمانی ناچار بوو کە ئاگری ئەو شۆڕشە لەسوریە

بکوژێنێتەوە قیوجی مراد پاشای صەدری ئەعزەمی کرد بەفەرماندەی لەشکری (٤٠٠٠٠) کەس ئەمیر عەلیش بەلەشکرێکی (٢٠٠٠٠) کەسیەوە لەتەنگە بەرایی ناوچەی ئەرسلاندا بەرەنگاری یەکتری بوون، لەو جەنگەدا نیوەی لەشکری جان پولاد کوژراو برینداركراو بەشکاوی گەڕایەوە بۆ حەلب بەناچاری ئەمیر عەلی بۆ بەخشینی چوو بۆ ئاستانە سوڵتان ئەحمدی ئەوەڵ ئەمیر عەلی بەخشی و کردی بەئەمیر ئەلئومەرا بەمەنسەبی بەگلەربەگ و کردی بەوالی تەمشور بەڵام مراد پاشا بەم بەخشینە رازی نەبوو ئەمیر عەلی گرت و کوشتی.

## ٢٤ ـ ئەمیرخانی یەکدەست حکامی برادۆست

ئەمیرخانی یەکدەست لەگەورە گەورەکانی عەشیرەتی برادۆست بوو کەحکامی برادۆستیش گوایە لەبەرەبابی بلالی کوڕی بدری حسنەویە بن کەحاکمی شارەزوورو حاکمی دینور بوون، بلال لەشەڕی شمس الدولەی دەیلمی والی هەمەدان کوژراوە کەسێ کوڕی هەبووە، یەکێکیان بووە بەحاکمی شارەزوور، دووهەمیان بووە بەحاکمی ئاکۆ، سێهەمیان بووە بەحلاکمی خان ئەڵماس. ئەمیرخانی یەکدەست لەگەڵ عومەر بەگی حاکمی سۆران کەوتە شەڕەوە، لەو شەڕەدا دەستێکی ئەمیرخانیان بەشمشێر پەڕاند. ئەمیرخان چوو بۆ لای شاە عەباسی دووهەم لەتەورێز، شاە عەباس فەرمانیدا کەدەستێکی زێڕی بۆ بکەنەوە، ئینجا شاە عەباس فەرمانی خانیەتی بۆ دەرهێناو کردی بەحاکمی تەرگەوەڕو مەرگەوەڕو ئورمیەو شنۆو سەرۆکایەتی عەشیرەتی برادۆستی پێ بەخشی و بەئەمیرخانی دەستزێڕین ناوی بلاو بۆوە.

ئەمیرخان بناغەی قەڵاتێکی زۆر سەختی دامەزراند بەناوی قەڵای دمدم، بەڵام لەو ناوچەیەدا تەعەصبی شیعەتی زۆر بوو ئەم تەعەصبیەتە رۆژ بەرۆژ

ئەمیرخانی لەبەر چاوی شاه عەباس ناشیرین ئەکرد هەر رۆژەو بەوێنەیەك راپۆرتی خراپیان لەدژی ئەمیرخان ئەنووسی بۆ شاه عەباس، پیربوداقی حاکمی ئازربایجان شاه عەباسی وا تێگەیاند بوو کە ئەمیرخان بۆیە ئەو قەڵاتە دروست ئەکات کەجەنگی پێ لەگەڵ شاه عەباس بکات، و لەژێرەوە مخابەرەی نهێنی لەگەڵ عوسمانیەکاندا هەیە، ئینجا شاه عەباس بەتەواوی دڵی لەئاقار ئەمیرخان گۆڕا، خەبەری بۆ نارد کەواز لەدروستکردنی ئەو قەڵایە بێنێ، بەڵام ئەمیرخان گوێی نەدایە قسەی شاه عەباس قەڵای دمدمی هەر تەواو کرد هەر لەو سەردەمەدا (٢٠٠٠٠) کەس لەعەشیرەتی جەلالی لەدەست تورکەکان هەڵاتبوون و پەنایان بۆ شاه عەباس هێنا بوو، شاه عەباس ئەمری بەئەمیرخان کرد کە (٨٠٠٠) کەس لەو پەناهیدانە لەناو عەشیرەتی برادۆستدا بحەوێنێتەوە، ئەمیرخان تێگەیشت کەمەبەستی شاه عەباس ئەوەیە بەهۆی ئەو پەناهیدانە ئازارێك بەئەمیرخان بگەیەنێت و حوکمداری و عەشیرەتەکەی لێ تێك بدات، لەبەرئەوە سەری بۆ فەرمانی شاه عەباس شۆڕ نەکرد.

ئینجا شاه عباس لەژێر فەرماندەی حەسەن خان ناوێك لەشکرێکی زۆری نارده سەر ئەمیرخان کە ئەو پەناهیدانە بەزۆر لەناو عەشیرەتی بیرادۆستدا دابمەزرێنێ، ئەمیرخان لەگەڵ حەسەن خاندا کەوتە شەڕ حەسەن خانی فەرماندەی شاه عەباسی شکاند، ئینجا شاه عەباس، عەلی ئەمیرخانی معتمد الدولەی بەلەشکرێکەوە نارده سەر ئەمیرخان لەساڵی (١٦٠٨) دا قەڵای دمدمیان خستە گەمارۆوە، بەڵام قەڵاکەیان بۆ نەگیرا ئینجا شا عەباس، محمود بەگی بیگدلی بەلەشکرێکی گەورەی تورکی قزڵباشی شیعەوە نارده سەر قەڵای دمدم لەدوای بەینێك ئابلۆقەدان سەرچاوەی ئاوی قەڵاکەیان دۆزیەوەو ئاوەکەیان لەقەڵاکە وشك کرد، گەمارۆ دراوەکان لەناو قەڵاکەدا بۆ ئاو زۆر تەنگاو بوون

لەلایەکی تریشەوە پیربوداقی پیلانچی و کلاوساز بەلەشکرێکەوە هاتبوو بەهاواری محمود بەگ چەند مانگێك هەروا بەفشارو تینوویی و برسایەتی لەقەڵاکەدا مانەوە، ئەمیرخان خۆی نەخستە بەردەستی عەجەمەکان لەئاخر باری ناچاریدا ئەمیرخان بەپیاوەکانیەوە هەموویان خۆیان لەقەڵاکەدا کوشت، ئەو مردنە قارەمانانەیان لەوە بەلاوە باشتر بوو لەوەی کەبەدیلی و سەرشۆڕی بکەونە دەست دوژمنەکانیانەوە.

## ٢٥ ـ دەوڵەتی موکری

تێبینی:

دیبوکری گوایا دامەزرێنەری دیبوکری لەبەر فێڵبازی و مەکرکەری ناوی بەموکری وەیان بوکری بڵاو بوبێتەوە، بەڵام من ئەو قسەی شەرەفنامە بەڕاست نازانم. جارێ پیتی مەکر بۆ پیاوان بەکار ناهێنرێ، ئەو پیتە پتر بۆ ژنان بەکاردێ کە ئەڵێ ئەو ژنە مەکرکەرە ناڵێن ئەو پیاوە مەکرکەرە، بەڵکو ئەڵێ ئەو پیاوە فێڵبازو بەپیلان و زۆرزانە، لەوانەیە ئەو ناوە بەکر بووبێ کەوا ئاڵوگۆڕی پێکرابێ، چونکە لەکوردیدا بەئەبوبەکر ناوان دەڵێن بابەکر یان بەکر، جارەنگ بێ ئەو دێیە بەکر ناوێك ئاوەدانی کردبێتەوە، بۆیە پێیوتراوە دیبوکر ـ دێبەکری بەمانای دێی بابەکر وەکو ئێستاش لەناو ئێمەدا بەدروستکەری زۆردێهاتیان وتووە ئاوایی حەمە ـ دێی ئەحەمەد ئاوا ـ ئاوایی رەمەزان ـ دێی ئەحەمەد کلوان ـ یان دێی شمس ئاوا دێی قڵاسیدە... هتد.

جا لەوانەیە ئەو دێیە بەناوی بەکر ناوەوە بووبێ‌و مونەسیسی عەشیرەتی دیبوکریش لەو دێیە هاتبێتە ناوەوەو ئەو ناوە بەناوی دامەزرێنەری دیبوکری بڵاوبووبێتەوە، لەوانەشە ئەو دێیە ئیشیان هەر مووتاوی و موکردن بووبێ، وەکو

ئەحەمەد کلوان کە ئیشیان هەر کلوی خەرەك بووە، یان رەنگە ڕێژان کەپیشەیان هەر رەنگ کردن بووە، یان دێی خومانە کەئیشیان هەر خوم کردن بووە، جا زۆر شتیتر بەوناو و نیشانەوە هەیە ئەگەر پیاو بیەوێ بگەڕێ وەکو دێی موان لەشارەزوور ئەوە وەکو موکری بەناوی مووەوە ناونراوە وەیان وەکو رەژوکەران - شانەدەری شانەگەری - کەهەمووی بەمانای شانەکەرەوەیە.

ئەوەڵ گەورەی ئەیالەتی موکری ناوی ئەمیر سیف الدین بووە زۆر زاناو لێوەشاوە بووە، ناوچەی دەربازی لەبەرەبابی چابقولی قزڵباشی ساندو ناوچەی دۆڵ باریك ئیلتمور سلدوزی خستەسەر. لەپەراگەندەی عەشایەری بابانیشی زۆر کەس لەخۆ کۆکردەوە لەپاش مردنی ئەمیر سیف الدین، صارمی کوڕی بوو بەجێنشین.

شاە ئیسماعیل صەفوی لە (٩١٢ هـ) دا لەشکرێکی زۆری ناردە سەر صارم، بەڵام لەشکری ئیسماعیل زۆر بەخراپی شکا، ئینجا شا ئیسماعیل خۆی چوو بۆ ناوچەی خو و سەڵماس، لەوێوە عبدالله بەگی - دوورمیش خانی لەگەڵ صارو عەلی میهرداری بەلەشکرێکی زۆرەوە ناردە سەر صارم خانی موکری، شەڕێکی زۆر گەورە لەنێوان لەشکری شا ئیسماعیل و صارم روویدا هەردوو سەر لەشکری شا ئیسماعیل لەو جەنگەدا کوژران لەگەڵ زۆر پیاوی گەورەدا، ئینجا بەناچاری صارم خان چوو بۆ ئەستەمبوڵ بۆ زیارەتی بابی شاهانەو سوڵتانی ئەستمبوڵ زۆر رواڵەتی پێدا.

لەپاش مردنی صارم بەگ، لەئامۆزاکانی صارم، شێخ حیدەری میرنەزەر - میر خزر گەورەی وڵاتی موکریان و دۆڵ باریك و سەلدوزو أیلخوریان وەرگرت هەرسێکیان چوونە ژێر فەرمانی شاە تەهماسب، و لەئیتاعەتی زاتی شاهانەی ئەستەمبوڵ هەڵگەڕانەوە لەساڵی (٩٤٨ هـ) دا کەسەرکەشی قاصی میرزا رویدا

سوڵتان سلێمان خان لەحاکمەکانی کوردستان حسێن بەگی حاکمی عمادیە، زینەل بەگی حاکمی هەکاری و گەورەکانی برادۆستی هاندان کەبچنە سەر وڵاتی موکری لەشەڕێکی زۆر گەورەی تورك و موکریدا شێخ حیدر ـ میرنەزەر ـ میرخزر هەرسێکیان کوژران، ئەمیربەگی شێخ حیدەر چوو بۆ لای شاه تەهماسب و وڵاتی موکریانی بەفەرمانی شاهانە پێ بەخشی.

لەدەوری شاه ئیسماعیلی صەفەویدا ئەمیربەگ زۆر پێشکەوت، بەڵام کەئیدارەی حکومەتی صەفەوی کەوتە دەست سوڵتان محمد ناو، لەسەر داخوازی عەجەمە شیعەکان لەژیانی ئێراندا شیرازەی ئاسایش تێکچوو. ئەمیربەگ ئەو ژیانەی بەلاوە باش نەبوو لەگەڵ سەردارەکانی کوردستان ـ لوڕستان ـ ئەردەڵان لە (٩٩١هـ) دا چوون بۆ ئاستانە. سوڵتان مرادخان وڵاتی بابانیش بۆ میربەگ خستە سەر وڵاتی موکریان. سنجاخی موصڵیش خرایە سەر وڵاتی موکریان، سنجاخی هەولێرو هەندێ لەناوچەی تەورێزو مەڕاغەش هەرکەوتە دەست موکرییەکان. لەگەڵ محمد پاشای میرمیران لەناوچەی ئورمێ پەلاماری بەکتاش قولی بەگ حاکمی مەڕاغەیاندا تاڵانێکی زۆر قورسیان چنگ کەوت، ئەسپ و ماینەکانی شاه تەهماسب کە لەناوچەی قەرەچوغ لەچەیارا بوون، کەپێیان ئەوتن ئەسپانی تاژی نەژادو بادپایانی دێوزاد بەتاڵان گیران کەهەتا ئەو کاتە کورد ئەو وێنە وڵاخە رەسەنانەی نەدی بوو.

کاتێ کە محمد پاشای میرمیران بەسەربەرزی گەڕایەوە لەسەفەری مەڕاغەدا کوڕی ئەمیر بەگی لەگەڵ خۆیدا برد بوو بۆ ئاستانی شاه لەئەستەمبوڵ سوڵتانی ئەستەمبوڵ وڵاتی مەڕاغەی بەتەواوی پێ بەخشی ناوی شایەتیان لێنا و کەوتە ناو نەخشەی پاشایەتی تورکەوە ئەمیر بەگ دوژمنەکانی خۆی هەموو لەناودا، بەڵام گیانی سەرکێشی دووچاری دەردێکی نالەباری کردبوو. جعفر پاشای

وەزیری سوڵتانی ئەستەمبوڵ بۆ پارێزگاری نیزام و ئاگاداری بۆ ئەو ناوچەیە مەئمور کرا، بۆ ئەوەی کەنفوزی ئەمیر بەگ تەسك بکاتەوە لە ئەمیرپاشای داواکرد کە وڵاتی مەڕاغە بخاتەوە سەر ناوچەی تەورێز، چونکە ئەو ناوچەیە بەشێکی وڵاتی تەورێزە. بەڵام ئەمیرپاشا سەری رەزامەندی بۆ جعفر پاشا شۆڕ نەکرد چونکە بەڕوتبەی میرمیرانی بەرز کرابۆوەو هیچ نرخێکی بەم فەرمانە نەدا، جعفر پاشاش وایکرد کەسنجاقی موصڵو هەولێری لێ بستێننەوەو هەموو ساڵێکیش خەرجی و باجی مەڕاغە بنێرن بۆ حاکمی تەورێز.

وەختێ کەوڵاتی تەورێز درا بەجعفر پاشای میرمیران لەساڵی (١٠٠٢ هـ) دا پیاوە گەورەکانی مەڕاغە شیکانی و دووزمانیان لەشێخ حیدەری موکری کرد، کەئەو قەڵای صارو قورخانی ئاوەدان کردۆتەوە، ناوچەی مەڕاغە لەڕووی دەسەڵاتداری ئەو قەڵایەوە دووچاری وێران بوون بووە. لەسەر ئەوە جعفر پاشا وڵاتی مەڕاغەی دابەتایەفەی محمودی لەسەر ئەوە برازاکانی منصور بەگ وەکو هەمزە بەگ ـ قوباد بەگ زۆر کەسی تریش بەدەست ئومەراکانی موکریەوە کوژران، عوەز بەگ، میرلیوای ماکو بەهیوای تۆڵە ساندنەوەی ئاغا کوژراوەکان و وێران کردنی قەڵای صارو قورخان چووە سەر شێخ حیدەر کوڕی ئەمیر پاشا، شێخ حیدەر رازی بوو ئەگەر وازی لێ بێنن خوێنی کوژراوەکان بدات بەڵام دووزمان و فیتنەگێڕەکان هەرهانی جعفر پاشایان ئەدا کەڕێك نەکەون، ئینجا شێخ حیدەر دەستی لەفەقیانەی سەرشۆڕی هێنایەدەرو لەگەڵ دەستەو پیاوە بەهونەرەکانی هەڵیان کێشا شمشێرو روویان کردە لەشکری پاشا.

عوەز بەگ لەو شەڕەدا کوژرا، بەڵام ئەمیرپاشا خۆی کوتایە ناو قەڵات و شێخ حیدەری لەشەڕکردن راگرت، جعفر پاشاش وازی لەشێخ حیدەر هێنا لەبەر خاتری ئەمیر پاشا.

لەدەوری سوڵتان مرادی سێ هەمدا لەساڵی (١٥٨٤ م) دا ئەمیر پاشا حاکمی ناوچەی موکری بوو، لەشکری تورکیش لەنزیك تەورێزدا بوون. عەجەمەکانیش لەناوچەی سندوس - میاندواو - مەراغە حوکمداریان ئەکرد. تورکەکان لەناوچەی قەرەچوغ زۆر خراپەی کوردەکانیان ئەکرد. شاه عەباس، قوباد خانی کوڕی شێخ حیدەری کرد بەجێنشینی باوکی لەناوچەی مەراغەدا، بەڵام شیعەکانی قزڵباشی زۆر دەمەوەریان لەڕاست قوبادخان نیشان ئەدا، و لاپەڕەی کردەوەکانی قوباد خانیان بەناشیرینی بۆ شاه عەباس ئەنووسیەوە. لەو سەروبەندەشدا عەوداڵ خانی مامەش لەژێر حوکمی شاه عەباس هەڵگەڕایەوەو خۆی کرد بەدۆستی قوبادخان.

لەلایەکی تریشەوە قوبادخان پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ ئەمیرخانی برادۆستی نەپساندبوو، جائەو وێنە روداوانە بوو بوون بەهۆی ئەوەی کە شاه عەباس بیرێکی خراپ لەڕاست قوباد بەگدا پەیدا بکات و قسەی قزڵباشە شیعەکانی بەمێشکەوە بنووسێ، ئینجا لەسەر ئەوە شاه عەباس بەلەشکرێکی گەورەوە چوو بۆ سەر قوبادخان بەڵام قوبادخان بەو ئەندازەیە خۆی بەتاوانبار نەئەزانی لەنەزەر شاه عەباسدا بە (١٥٠) چەکدارەوە خۆی خستە بەردەست شاه عەباس و شاه عەباسیش فەرمانی کوشتنی هەموویانیدا، قوبادخان کەزانی ئەیانکوژن چەکەکانیان دانەنا. وەرگەڕانە ناو لەشکری شاه عەباس هەتا هەر (١٥٠) کەسیان کوژران بەکوژرانی ئەو پاڵەوانانە دوایی بەژیانی قوبادخان و پیاوەکانی هات. ئینجا شاه عەباس بەم تورەییەوە فەرمانی دەرکرد بۆ کوشتن و تاڵان و ئەتکی عەشیرەتی دیبکری. ئەو خراپەیەی کەشاه عەباس لەگەڵ ئەو عەشیرەتەیدا کرد لەگەڵ هیچ دەستەو تایەفەیەك نەکراوە لەئێراندا، چەند هەزار کچ و ژنیان لەو عەشیرەتە بەتاڵان برد تەنیا لەگەورەکانی دیبکری ئەمیر بەگ

ڕزگاری بوو لەکوشتن ئەویش بەهۆی مەقصود بەگی برایەوە کەوە وەزیفەی ئیشك ئاغاسی هەبوو لای شاه عەباس.

## ٢٦ ـ قویوجی مراد پاشا

لەساڵی (١٦١١) دا مرادپاشا لەڕێکخستنی ئیدارەی ناوخۆی تورکیا بووە، بەلەشکرێکی زۆرەوە چوو بۆ سەر تەورێز، سەر لەنوێ ئەو پاشایەش هەموو ناوچەی کوردەکانی وێران کردەوە. شاه عەباس داوای ڕێککەوتنی لەتورکیا کرد، پەیوەندی دۆستایەتی لەنێوانی هەردوولا مۆرکرا، لەسەر ئەو پەیمانەی کەلەگەڵ سولتان سەلیمی ئەوەلا کرابوو لەکاتی خۆیدا، تەنیا ئەو بەندەیان لێ زیادکرد کەدەوڵەتی ئێران بەهیچ جۆرێك یارمەتی هەلۆخانی حاکمی شارەزوورو ئەردەلان نەدا، بەلام ئەو ئاشتی و برایەتیە هەرهەتا (٢٢ ئەبریلی ١٦١٥) خۆی ڕاگرت، ئینجا صدری ئەعزەم سەردار ئەکرەم ڕوویکردە ئێران، بەلام سیدەبەگ ئەمیری نەخچەو وان ڕێگای بەلەشکری عوسمانیەکان گرت، لەدوای شەڕێکی گەورە سیدەبەگ بەکوشتارێکی زۆر شکا.

## ٢٧ ـ غازی بەگ

لەساڵی (١٦١٦) دا کوڕی غازی بەگ سەرۆکی عەشیرەتی ملیلان کەمەرکەزەکەی شاری سەلماس بوو دەستیدایە خراپەکردن، عەجەمەکانی ئازربایجان و پیربوداق خانی حاکمی تەورێز بەلەشکرێکی زۆرەوە چوونە سەر غازی بەگ زادە، غازی بەگ زادەش داوای یارمەتی لەمحمد پاشای بیگلربەگی وان کرد، محمد پاشاش زەینەل خانی محمودی حاکمی خۆشاوی لەگەڵ چەند ئەمیرێکی کوردا بەهاواری غازی بەگ زادەوە نارد، لەشکری غازی بەگ لەشکری پیربوداقی شکاند، پیربوداق بەبرینداری کەوتە دەست زەینەل خان، کوردەکان تەورێزیان گرت و پیربوداقیش بەبرینەکانیەوە مرد. ئینجا شاه عەباس لەساڵی (١٦١٧) دا لەشکرێکی گەورەی بەفەرماندەی قرەچ قای خان نارد بۆ ئەرزڕوم، هەر وڵاتێکی کەتوشی ئەبوون ئەیان سوتاندو دانیشتوە کوردەکانیشیان

ئەکوشت بەم دەستووره گەیشتنە وان ئینجا محمد پاشا صدری ئەعزەم فەرمانی بۆ کوردەکان بڵاوکردەوە کەهەموویان یەك بگرن و بچن بۆ شەڕی قرەچ قای خان، بەڵام کوردەکان ترسیان لەهەڵمەت و ئازایەتی ئەو فەرماندەیە پەیدا کردبوو نەیان ئەویست شەڕی لەگەڵدا بەکەن.

زیائوالدین خانی کوڕی شەرەف خانی بەتلیسی بەلەشکری خۆیەوە گەڕایەوە بۆ بەتلیس، زکریا خانی سەرۆکی عەشیرەتی هەکاریش بەبێ ئاگاداری محمد پاشا ویستی بگەڕێتەوە، بەڵام محمد پاشا نەیهێشت مەیدان چۆڵ بکات، زکریا خانیش لەگەڵیدا کەوتە مشتومڕ محمد پاشا، زکریا خانی گرت و کوشتی. ئەم روداوە بووە هۆی ئەوەی کوردەکان باوەڕیان بەتورکی عوسمانی نەمێنێ. ئینجا صدری ئەعزەم لەزستانی (١٦١٨) دا بەلەشکرێکی زۆرەوە چوو بۆ دیاربەکر ئەو ناوەی هەموو وێران کرد هەر لەو ساڵەدا تورك و ئێران رێك کەوتنەوە شەڕی کوردکوژی راگیرا.

## ٢٨ ـ دیسان عەشیرەتی دیبوکری

شاه عەباس (١٥ ٠٠٠) ماڵی لەکوردە سەرکێشەکانی ئێران راگوێزکرد بۆ ناوچەی خوراسان، زۆربەی ئەو کوردانەش خەڵکی وڵاتی موکریان بوون، مەبەستی شاه عەباس لەگوێزانەوەی ئەو کوردانە ئەوە بوو کەلەو ناوە بیانکات بەگژ تورکە سەرچڵەکانی ئەو ناوە. بەکوردرەکان سەری تورکەکان نەرم بکات چونکە شاه عەباس زۆر ئازایەتی لەکوردەکان دیبوو، قازانجی لەشکرەکەشی لێ چێشتبوون، بەزۆری عەشیرەتی دیبوکری خۆش ئەویست چەند لەشکرێکی لەکوردەکان پێکهێنا، زۆر ئەفسەری گەورەی لەکوردەکان دروست کرد، وەکو فەرماندە عەلی جان سوڵتان شاکی ـ گدایی سوڵتان ـ گوڵانی ـ قەلەندەر سوڵتان ـ کڵەگیری ـ ئیمام قولی چنگنی. لەساڵی (١٦٢٤) دا لەشکرێکی گەورەی

هەواڵنامەی کتێب

لەکوردەکان پێکهێنا، زۆربەی لەشکرەکەی لەکوردی دیبوکری و موکریان بوو. هەر لەوساڵەدا بەکر صوباش بەغدای گرت و خۆی کرد بەگەورەی بەغدا، حافز پاشای تورك لەڕقی ئێرانیەکان دانی بەگەورەیی بەکر صوباش دانا. لەسەر ئەوە شاە عەباس توڕە بوو لەشکرێکی گەورەی لەکوردەکان پێکەوەناو چوو بۆ بەغدا بەکر صوباشی کوشت لەهەمان کاتدا شاە عەباس لەشکرێکی تریشی لەکوردەکان بەفەرماندەی قرەچقای خان نارد بۆ سەر دیاربەکرو ماردین و موصلّ ئەو ناوچانەی بەتەواوی داگیرکرد.

## ٢٩ ـ شێرەبەگ موکری

لەساڵی (١٦٢٥ م) دا شێرە بەگی سەرۆکی عەشیرەتی موکری لەبەر خراپەو دەستدرێژی عەجەمە شیعەکانی ناوچەی مەڕاغە ناچارما کەدەست بەکوشتنی عەجەمەکان بکات، بەشێوەیەکی زۆر بێ ڕوحمانە پەلاماری عەجەمەکانیدا لەتۆڵەی ئەو کوردانە عەجەمەکان کوشتوبیانن. ئینجا شاە عەباس بەو روداوە توڕە بوو لەشکرێکی گەورەی بەفەرماندەی زەمان بەگ ناردە سەر شێرە بەگی موکری، شێرە بەگ خۆی لەبەر ئەو لەشکرە زۆرە پێ ڕاگیرنەکرا خۆی کوتایە ناوچە شاخاویەکان خۆی لەهەڵمەتی زەمان بەگ دوورخستەوە.

## ٣٠ ـ حکومەتی ئەردەڵان

لەدوای بڕانەوەی سەڵتەنەتی جەنگیزخان لەخانەوادەی ئەتابکانی لوڕ خانەوادەی ئەردەڵانی پێگەیشت ئەوەڵ حاکمیان ناوی بابە ئەردەڵان بوو، بەڵام ناوی خۆی نابوو بەقوباد بەگی کوڕی فەیرۆزی ساسانی، گەورەیی شارەزوورو وڵاتی ئەردەڵانی گرتەدەست و مەودایەك حوکمڕانی وڵاتی ئەردەڵانی کرد،

لەپاش مردنی ئەو کلۆلی کوڕی بووبە حاکمی وڵاتی ئەردەڵان ئەو حوکمڕانیە لەسەر هیچ کەسێکی ئەو خانەوادەیە رانەوەستا هەتا گەیشتە سەر مەئمون بەگی کوڕی منزەر بەگ ئەو پاشایە مەودایەکی زۆر بەئازایانە ئیدارەی وڵاتی ئەردەڵانی ڕاگرت لەپاش مردنی مەئمون بەگ، (بیگەبیگی) کوڕی بوو بەگەورەی ئەردەڵان، بەڵام مەئمون بەگ لەپێش مردنیدا وڵاتی ئەردەڵانی بەگوێرەی خوارەوە دابەش کردبوو بەسەر کوڕکانیدا.

بەشی بیگە بیگ بریتیبوو لەناوچەی زەڵم ـ گمۆ ـ شەمێران ـ هاوار ـ سلێمان ـ راوکان ـ گوڵ عەنبەر، لەپاش مردنی بیگە بیگ، مەئمونی کوڕی بوو بەجێنشین، بەڵام لەبەر هەندێ سەرچڵی سوڵتان سلێمان خان، حسێن بەگی حاکمی عمادیەی بەلەشکرێکی کوردەوە ناردەسەر مەئمون بەگ، مەئمون بەگیان لەناو قەڵای زەڵم خستە گەمارۆوە، بەڵام بەرێك کەوتن لەقەڵاتەکە هاتەدەرەوەو رەوانەی ئاستانی سوڵتان سلێمان کرا. لەپاش گیرانی مەئمون بەگ، سرخاب بەگی مامەی وڵاتەکانی مەئمون بەگی خستە سەر وڵاتەکانی خۆی کە بریتی بوون لەناوچەی لوی ـ مشیله ـ مهرەوان ـ تەنورە ـ کلوس ـ نشکاش ـ و خۆی کرد بەموخلیصی شاە تەهماسب شای ئێران. ئینجا سوڵتان سلێمان خان کەبێگوناهی مەئمون بەگی بۆ دەرکەوت، مەئمون بەگی بەرەڵاکردو سنجاقی حللەشی پێ بەخشی و سنجاقی سروچکیشیدا بەئیسماعیل بەگی برای سورخاب بەگی مامەی لەدوای گیرانی مەئمون بەگ گەورەی وڵاتی ئەردەڵانی گرتەدەست خۆی، کاتێ کە سورخاب بەگ مرد (۱۱) کوڕی لەپاش بەجێما.

بەڵام محمد بەگی کوڕی مەئمون بەگ لەپاش مردنی باوکی بوو بەحاکمی سروچك ـ قەرەداغ ـ شارەزوور ـ ئالان ـ هەورامان و بەناوی وارسی شەرعی سەڵتەنەت چوو بۆ لای سوڵتان سلێمان خان. لەدوای مەودایەك رۆستەم پاشای

وەزیری گەورە بۆ گرتنی ولاتی ئەردەلان لەگەڵ عوسمان پاشای میرمیرانی بەغداو چەند ئومەرایەکی گەورەی کورد نێردران بۆ شارەزوور، بۆ مەودای دوو ساڵ قەلای زەڵم یان خستە گەمارۆوە، بەلام لەدوای دوو ساڵ لەدوورەوە توانیان محمد بەگ بکوژن و لەلایەنی شاە تەهماسبیشەوە لەشکرێکی زۆر بەهاواری محمد بەگەوە هات، بەلام عوسمان پاشا لەترسان قەلاکەی بەجێهێشت و لەشارەزووردا مرد لەو تەئریخەوە ولاتی شارەزوور کەوتە دەست پارێزگاری تورکەکانی عوسمانی.

لەپاش مردنی سورخاب سەڵتەنەتی ئەردەلان کەوتە دەست کوردەکان بەناوی سوڵتان عەلی و بسات بیگ و کوڕەکانیتری، بەلام لەدوای مردنی بسات بیگ، تەیمور خانی کوڕی سوڵتان عەلی سەرپەرشتی دەوڵەتی ئەردەلانی گرتەدەست و سەری بۆ فەرمانی سوڵتان مرادخان شۆڕ نەکرد. لەساڵی (٩٨٨ ﮪ) دا سوڵتان مراد خان چاکەی لەگەڵدا کرد، سنە - حەسەن ئاوا - قزڵجەی دا بەتەیمور خان، قەرەداغیشی دا بەبوداقی کوڕی دووهەم، مەریوانیشی دا بەکوڕی سێیەم، شاربازێریشی دا بەکوڕی چوارەمی کوڕانی سوڵتان عەلی. و لەولاتی قزڵباشیش ناوچەی دینوری بۆ خستنە سەر ولاتی ئەردەلان. لەسەر شێوەی میرمیرانی تەیمورخان بوو بەگەورەی هەموو ولاتی ئەردەلان، بەلام لەدوایدا تەیمورخان لەخۆی باهی بوو، پەلاماری ماڵ زۆر دراوسێ و خەڵکی تریدا، دڵی زۆر گەورەی خانەوادەی ئەردەلانی لەخۆی رەنجاند. لەسەر ئەو کردەوە ناشیرینانە رانەوەستا پەلاماری تەخت و تاجی کلهڕەکانیشیدا، شاهوردی حاکمی لوڕستان بەیارمەتی کوڕی عومەر بەگ کلهڕەوە چوو لەو کاتەشدا تەیمورخان ولاتی کلهڕەی هەموو تالان کرد بوو، بەباهی بوونێکەوە ئەگەڕایەوە بۆ ولاتی ئەردەلان، بەلام شاهوری حاکمی لوڕستان لەسەر ڕێگای

تەیمورخان لەکەمین دانیشتبوو، لەناکاو پەلاماری تەیمورخانیدا زۆر پیاوی ماقوڵ و گەورەی سوپاکەی تەیمورخانی کوشت و تەیمورخانیشی بەدیل گرت. بەلام لەپاش چەند رۆژێك چاکەی لەگەڵ تەیمورخاندا کردو بەرەڵای کردەوە، لەگەڵ ئەوەشا تەیمورخان تەنەبێ نەبوو، لەساڵی (٩٨٨ هـ) دا دەستی کرد بەخراپەکردن لەگەڵ سیامەنصوری و قزڵباشیەکان، بەلام لەو شەڕانەدا کوژرا.

لەدوای تەیمورخان، سوڵتان عەلی بەگ بوو بەگەورەی ئەردەلان و سەری خزمەتگوزاری بۆ پاشاکانی عوسمانی شۆڕکرد.

## ٣١ ـ صەدری ئەعزەم خەسرەو پاشا

لەساڵی (١٦٢٩) دا کە شاە عەباس مرد، صەدری ئەعزەم خەسرەو پاشا بەلەشکرێکی گەورەوە هاتە سەر عێراق، سیدخانی ئەمیری عمادیە، میربەگی میری سۆران بەلەشکرەوە لەموصڵ چاو پێکەوتنی خەسرەو پاشایان کرد، سەرۆکی عەشیرەتی باجەلان بە (٤٠٠٠٠) کەسی کوردەوە پێشوازی لەشکری خەسرەو پاشایان کرد) ٣٠٠٠٠ هەزار سەر مەڕیشی بەدیاری بۆ هێنا بوو، خەسرەو پاشا لەپێشی هەموو شتێکدا بڕیاریدا کەبچن خان ئەحمەد خان لەشارەزوورو کەرکوك دەربکەن. ئینجا بچنە سەر بەغدا.

خەسرەو پاشا هاتە شارەزوورو قەڵای خورماڵی چاك کردەوە لەوێوە چوو بۆ مەریوان، لەگەڵ ئێرانیەکان کەوتە شەڕ هەتا گەیشتە هەمەدان لەوێوە بەڕێگای چەمچەماڵدا چوو بۆ سەر بەغدا، لەساڵی (١٦٣١) دا، بەلام بەغدای بۆ نەگیراو گەڕایەوە بۆ تورکیا ئەحمەد خان هەلی لەلەشکری تورکەکانی دی پەلاماری پاشەبەرەی تورکەکانیداو هاتەوە شارەزوور لەساڵی (١٦٣٨) دا

سوڵتان مرادی چوارەم بەهۆی قوباد بەگ ئەمیری عمادیەوە لەشکری هەولێرو موصڵو کەرکوك توانی بەغدا بگرێتەوە.

## ٣٢ ـ ئەحەمەد پاشا

ئەحەمەد پاشا هاوەڵ زاوای سوڵتان مراد پەنجەی هاندان و فیتنەسازی خستە ناو کوردەکانەوە، هەر ڕۆژەو بەفێڵێك ئەمارەتێکی کوردی ئەتواندەوە، لەساڵی (١٦٣٨) دا پەلاماری یوسف خانی ئەمیری مزوری و عمادیەیدا، ئەمری فەسادکردنیدا بەلەشکرەکەیدا، ئەمیر یوسف خانی گرت بە (١٠٠) کیسەپارە بەرەڵای کردەوە ئینجا لەشکری کردە سەر ئەمیری بەتلیسی بەبەرتیلێکی زۆر وازی لەویش هێنا، پەلاماری سنجاریدا خەڵکێکی زۆری لێ کوشتن، لەساڵی (١٦٤٠) دا چووە سەر مستەفا بەگی شوشکی لەئەرزڕوم دا بەتەواوی ئەو ناوچەیەی وێران کرد لەساڵی (١٦٦٦) دا ئەحەمەد پاشا بوو بەوالی وان هەر دەستبەجێ پەلاماری ئاودەل خانی ئەمیری بەتلیسیدا، بەلام ئاودەل خان بەماڵەوە هەڵهات و گەنجینەکەی بۆ ئەحەمەد پاشا مایەوە، جا لەپێناو ئەو سیاسەتە پیسەی ئیستعماری فەرق تەسوددا کوردەکانی بێهێزکردن ئەمارەتەکانی تواندەوە ئەو کوردستانە گەورەیەی تەسك کردەوە لەئەمارەتەکانی کورد تەنها ئەمارەتی وان مایەوە.

## ٣٣ ـ دەوری ئەفغانەکان

لەساڵی (١٧٢٣) دا لەشکری ئێران چووە سەر ئەصفەهان بۆ دەرکردنی محمود خانی ئەفغانی، لەژێر فەرماندەی فەرەیدون خانی کورددا، بەلام فەرەیدون خان لەو شەڕەدا بەدیل گیرا. بەلام ئەفغانیەکان لەسەر بەڵێن و

پەیمان فەرەیدون خانیان بەرەڵاکرد، لەساڵی (١٧١٥) دا حسێن پاشای والی بەغدا هێزێکی عەسکەری ناردەسەر عەشیرەتی بڵباس ـ مەنگوڕ ـ پشدەر ـ مەرگە ـ ئاکۆ ـ خۆشناو. بەکر بەگی بابان کەبیری گرتنی کەرکوکی هەبوو لەو شەڕەدا کوژرا، حسێن پاشا لەشکرێکی تری ناردەسەر سۆران ـ سنجارو ئەو ناوەی هەموو وێران کرد ئەیویست هیچ ئەمارەتێکی کورد نەهێڵێ.

ئێرانییەکان بۆ بەرهەڵستی مەبەستی حسێن پاشا لیوای باجەڵانیان داگیرکرد، لەساڵی (١٧١٨) دا حسێن پاشا لەساڵی (١٧٣٣) دا بەلەشکرێکی زۆری کوردەوە چوو بۆ کرماشان، عبدالباقی خانی لەکرماشان دەرکرد لەڕقی ئەوەی کەئێرانیەکان عەلی قولی خانی والی ئەردەڵانیان دەرکرد بوو، عەلی قولی خان پەنای بردە لای عوسمانیەکان، بەلەشکرێکەوە هاتەوە سەر سنەو گرتیەوە.

والی بەغدا لەشکرێکی گەورەی ناردە سەر لوڕستان کەوالیەکەی عەلی مرادخان بوو، عەلی مرادخان خۆی لەبەر لەشکری عبدالرحمن پاشا رانەگرت، سەری خزمەتگوزاری بۆ شۆڕکردن، لەشکری عوسمانیەکان چوون بۆ کرماشان و هەمەدان، عوسمانیەکان لەژێر فەرماندەی میر لەتیف میرزا، لەشکریان نارد بۆ ساندنەوەی لوڕستان و کرماشان و هەمەدان. فەرماندەکانی تورك خانەپاشا، ئیبراهیم پاشا ـ ئەمیر لەتیف میرزایان گرت، ئەتك و سوکیەکی زۆریان بەسەر وڵاتی کوردەکان هێنا، ئینجا هەموو عەشایەری ناوچەی زاگرۆس سەری خزمەتیان بۆ دەوڵەتی عوسمانی دانەواند. عوسمانیەکان لەژێر فەرماندەی والی موصڵدا لەشکرێکی گەورەیان ناردە سەر عەشایەری بەختیاری، ئەحمەد پاشای والی بەغدا (١٠٠ ٠٠٠) کەسی لەعەشایەری کوردەکان ناردە سەر پایتەختی ئێرانیەکان، لەم کاتەدا بەدەست ئەفغانیەکانەوە بوو، ئەشرەف خانی

ئەفغانی لەو کاتەدا لەئێراندا هەر خۆی خاوەن حوکم و فەرمانڕەوایی ئێران بوو، پیلانێکی بڵاوکردەوە کەخەڵکی:

١/ کوردو ئەفغان هەردوکیان سونی مەزهەبن پێویست نیە سونی شەڕ لەگەڵ سونیدا بکات.

٢/ ئەگەر کوردەکان لەژێر فەرمانی ئەحمەد پاشا بێنە دەرەوە هەموو ئەیالەتەکانیان بۆ وەردەگرمەوە هەر ئەمیرەو لەئەیالەتی خۆیدا سەربەخۆی دەکەم.

بەم فێڵە کوردەکان لەلەشکری تورکەکان دوور کەوتنەوە هەتا خانەپاشای ببە بە (٢٠٠٠٠) سوارەوە لەتورکەکان جیابووەوە. لەڕووی ئەو پڕوپاگەندەیە ئەحمەدپاشا بێهێز مایەوەو بەناچاری گەڕایەوە بۆ کرماشان. کوردەکان هەموویان پاڵیاندا بەیەکەوەو پشتی ئەفغانیەکانیان گرت، بەڵام هەر لەوساڵەدا تورک و ئەفغانەکان رێك کەوتن بەمەرجێ کەهەمەدان و کرماشان و ئەردەڵان و لوڕستان بۆ تورك بێ، بەرامبەر بەم مەرجە تورکەکانیش بۆ ئەفغانیەکان دەستیان لەهەموو خاکی ئێران هەڵگرت، لەوناوەدا کوردەکان سەرشۆڕو هەل دۆڕاندنیان بۆ مایەوە بەبێ هیچ دەستکەوت و ئەیالەت جیاکردنەوەیەك دۆستایەتی تورکەکانیان قوربانی سوودو قازانجی ئەفغانیەکان کرد، ئینجا ئەشرەف خانی ئەفغانی لەپاداشتی ئەو چاکەو وەفایەی کەکوردەکان بۆیان بەخەرج دابوو ئەمیرە کوردەکانی هەموو گرتن و دانیەوە دەست تورکەکان بۆ ئیسپاتی برایەتی و دۆستایەتی نێوان ئەفغان و تورك.

## ٣٤ ـ حوکامی بابان

پیر بوداق میر ئەودەل کەلاوێکی هەڵکەوتوی حوکامی بابان بوو، ئەوە بوو کەوڵاتی بابانی فراوان کرد لاجانی لەعەشیرەتی زەرزاو سێویّ لەسۆران و سندوسی لەقزڵباشی ساند، قەڵای مارانی ئاوەدانکردەوە عەشیرەتی بانەو موکری لاواندەوە بۆ لای خۆی، شاربازێریشی لەحوکامی ئەردەڵان ساندەوە، کەرکوکیشی لەژێر فەرمانی والی بەغدا هێنایە دەرەوەو ئاڵای حوکمداری بابانی بەرزکردەوە. ناوبانگی فەڕو پیرۆزی لەهەموو لایەك بڵاوبۆوە، رەوشتێکی زۆر سەیری گرتبوە بەرچاو، کچەکانی ئاغاوات و ئومەراکانی بەناوی خۆی داخواست ئەکرد، ئەگەر ئەمیرێك یان پیاوێکی خۆش بویستبایە کچێکی لەو کچانەی پێئەبەخشی بەهەموو کەلوپەلی بوکێنی و دەستوری گواستنەوەوە. ئەو ئیشە زۆر تەئسیری کردە سەر شعوری خەڵك کەخۆشیان بویّ.

ئەمیر رۆستەم خانی برای موئامەرەیەکی بۆ نایەوە کە بوداق بەگ بکوژیّ، بەڵام پێش تەواوکردنی موئامەرەکە ئاگادارکرا رۆستم بەگ و هاوەڵەکانی کوشتن. پیر بوداق پەلاماری وڵاتی سۆرانیدا ئەمیر سیدەی کوڕی شا عەلی، ئەمیر سۆران، نەیتوانی بەرهەڵستی بکات. خۆی شاردەوە. پیر بوداق توشی نەخۆشی غروری و لەخۆبایی بوون بوو بوو، رۆژێك لەگەڵ هەندێك ئەمیری گەورە گەورەی وڵات ئەچێ بۆ راو و سەیران، ئەمیر سیدە لەکەمینێکدا لێی رائەپەڕێ، می بوداق لەگەڵ دەستەو دائیرەکەیدا ئەکوژێ، لەدوای ئەوە پیر نەزەر ناوێك گەورەی بابانی گرتەدەست، بەهۆش و زانیاری ناوچەی کفری لەژێر حوکمی بەغدا دەرهێناو خستیە سەر وڵاتی بابان.

لەپاش پیر نەزەر حکومەتی بابان بوو بەدووبەش بەشێك کەوتە دەست میر ئیبراهیم و بەشەکەیتری کەوتە دەست ئەمیر سلێمان لەدوایدا ئەمیر سلێمان،

ئەمیر ئیبراهیمی کوشت و بەشەکەی ئەویشی خستە سەر بەشی خۆی، حاجی شێخ لەدوای کوژرانی ئیبراهیمی باوکی لەناوچەی نەڵێن و کڵوی، عزالدینی برای میر سلێمانی کوشت و ئەو ناوەی گرتە دەست خۆی، لەپاش مردنی میر سلێمان حکومەتی بابان کەوتە دەست حاجی شێخ. بەرامبەر بەشاە تەهماسب سەری سەرکەشی راستکردەوە. چەندجار لەشکری شاە تەهماسبی شکاندوە، لەساڵی (٩٤١ هـ) کە سەڵتان سلێمان خانی غازی بەغدای گرتەوە، قشلاغی بردۆتە ناوچەی پشدەرو مەرگە. حاجی شێخ بۆ زیارەتی سوڵتان سلێمان خان چوو بۆ مەرگە کەبچێت بۆ بەغدا مەرگەیەکان لەکاتی نوێژدا پەلاماری حاجی شێخیاندا خۆی و ئەمیری برای لەمەرگەدا کوژران. حاجی شێخ دوو کوڕی هەبوو بەناوی بوداق و صارم، سوڵتان سلێمان کەئەو باسەی بیستەوە فەرمانی دەرکرد کەوڵاتی بابان هەمووی بۆ بوداق بەگ بێ و (١٦) ساڵ بەزانایانەو دادپەرستانە حوکمڕانی بابانی کرد.

بەڵام حسێن بەگی کوڕی سلێمان بەگ لەدیوانی سوڵتان سلێمان تا ئەندازەیەك رێزی لێ گیرابوو، لەگەڵ سوڵتان حسێن حاکمی عمادیە هاتنە سەر بوداق بەگ، بوداق بەگ خۆی لەبەر ئەو هەموو لەشکرە رانەگرت هەڵات چوو بۆ لای شاە تەهماسب، بەڵام شاە تەهماسب هیچ نرخێکی پێنەدا، لەدوایدا رۆستەم پاشا وەزیری ئەعزەم دڵخۆشی دایەوەو بردی بۆ ئەستەمبوڵ، فەرمانی شاهانەی بۆ دەرهێنا کە بەگەورەی بابان بچێتەوە سەر شوێن و جێی خۆی. حسێن بەگ کوڕی سلێمان بەگ ئەویش چوو بۆ ئاستانەی سوڵتان سلێمان فەرمانی پێدرا کە گەورەی بابان بەناوی بوداق بەگ و حسێن بەگەوە بێ. بوداق بەگ و حسێن بەگ و رۆستەم بەگی لەسەر ئەم شەراکەتی حوکمڕانیەدا کوشت. سوڵتان سلێمان خان بەم باسە زۆر دڵگیر بوو، فەرمانی دەرکرد کەلەشکری هەموو

کوردی ئەو ناوچانە بچنە سەر بوداق بەگ، بوداق بەگ هەڵات و چوو بۆ لای سوڵتان حسێن بەگی حاکمی عمادیە ئەویش فەرمانی بەخشینی لەدەرگای گەورەی شاهانە بۆ وەرگرت، بەدبەختانە لەکاتێکدا کەنێوانی سوڵتان سەلیم و سوڵتان بایزید تێکچوو بوو بوداق بەگ لایەنگری سوڵتان بایزیدی ئەکرد.

لەسەر ئەوە گرتیان و ڕەوانەی کوتاهیە کرا، سوڵتان سلێمان فەرمانی دەرکرد کە بوداق خان بکوژرێ، چونکە لەمفدان و لایەنگرەکانی سوڵتان بایزیدەو بەسەرەکەشی بینێرن بۆ بابی عالی. سوڵتان بایزید بەناچاری فەرمانی خاقانی بەجێهێنا، بوداق بەگی لەکوتاهیەدا کوشت و سەری بوداق بەگی ناردە خزمەتی سلێمان پاشای باوکی. بوداق بەگ چوار کوڕی لەپاش بەجێما بەناوی حاجی شێخ - حسێن بەگ - محمد بەگ - میر سیف الدین، حاجی شێخ لەپاش کوژرانی باوکی لەگەڵ سوڵتان بایزیدا چوو بۆ شەڕی وڵاتی عەجەمەکانی ئێران. لەوێ لەگەڵ ئەسیرەکانی سوڵتان بایزیدا بەئەمری شاە تەهماسب کوژرا، میر حسێن کوڕی سلێمان لەپاش نەمانی باوکی پەنای بۆ شاە تەهماسب برد کەتۆڵەی کوژرانی باوکی بکاتەوە. شاە گهماسب، عبداللە خانی ئاستا جلوری کرد بەسەر لەشکر کەوڵاتی بابان بۆ حسێن بەگ وەربگرێتەوە. میر حسێن بەو لەشکرەوە گەیشتە گەڵاڵە کەجێگایکی زۆر چڕ بوو، لەو شوێنە پڕدارو دەوەن و ڕەوەزەدا لەگەڵ لەشکری حاجی شێخ بەرەنگاری یەکتری بوونەوە، دوو سێ هەزار کەس لەقزڵباشیەکان لەوناوەدا کوژران. لەشکری میر حسێن و عبداللە خانی ئاستاجلو شکان و زۆر بەمەینەت خۆیان ڕزگار کرد، شاە تەهماسب لەم تەگبیرو نەخشە گرتنەی میرحسێن تورە بوو زیندانی کرد دوایی کەبەرەڵاکرا چوو بۆ لای سوڵتان سلێمان خان. لەدوای (٦) ساڵ گێڕایانەوە بۆ وڵاتی بابان و کرایەوە بەحاکم، بەڵام میرحسێن بەدەستی بوداق بەگی کوڕی حاجی شێخ

کوژراو کوڕەکەی کرا بەحاکمی مەرگە ئینجا سوڵتان مرادخان وڵاتی مەرگەی لەخزر بەگ ساندەوەو دای بەئەمیر بەگ موکری. بەو هۆیەوە کە نێوانی لەگەڵ قزڵباشیەکان تێکچوو بوو و پەنای بۆ سوڵتانی ئەستەمبوڵ هێنا بوو، لەپاش خزر بەگ وڵاتی بابان بێ حاکم مایەوە لەهەموو ناوچەی بابان هەرج و مەرەج دەستی پێکرد، هەر کوێخاو نۆکەرێکی نەختێ لێوەشاوە خۆی بەحاکمێکی بابان لەقەڵەم ئەدا کەس سەری گوێ گری بۆ کەس شۆڕ نەئەکرد.

## ٣٥ ـ فقێ ئەحمەد دارشمانە ( بابان )

بەدەنگ خەڵکەوە قاوە، بێجگە لەوەش گوایا مینۆرسکی لەهەرای پێشوو (١٩١٤) دا وەڵامی بۆ بابەکر ئاغای سەلیم ئاغای رئیسی پشدەر ناردوە کەحەق وانیە پشدەریەکان شەڕ لەگەڵ روسەکاندا بکەن، چونکە روس و ئاغاواتی میراودەلی خاڵ و خوارزان، پشدەریەکان لەسلێمان خانی بەبەوە پەیدابوون و سلێمان خانیش کوڕی فەقێ ئەحمەدی دارشمانەیەو سلێمان بەگیش لەو کچە روسەیە کە فقێ ئەحمەد لەهەرای نێوانی تورك و روسیدا لەناوچەی ئەرزڕوم و سیواس تەپوڵەوە بەدیلی گرتوەو لەخۆی مارە کردووە، وا ئەگێڕنەوە کە کاکەشێخ باوکی فەقێ ئەحمەد لەمەرگە لەلایەن دەستەی ناحەزەکانیەوە لەلایەن ئەمیر بەگی برایەوە ئەکوژرێ. کوڕانی میرە دزکەری کەپیاوی کاکەشێخ ئەبن و زۆر ئازاو دڵسۆز ئەبن بۆ کاکەشێخ، بەخەنجەر هەڵ ئەکوتنە سەر دوژمنەکانی کاکەشێخ و کوشتارێکی زۆریان لێ ئەکەن و کوڕەکانی میرە دزکەریش ئەکوژرێن. لەو کاتەدا فەقێ ئەحمەد مندالْ ئەبێ، جولەکەیەك ئەی شارێتەوەو ئەیبات بۆ بەری چناران و لەوێوە رای ئەفرێنێ و ئەیبات بۆ تورکیا. سوڵتانی ئەستەمبوڵ فەقێ ئەحمەد ئەخاتە بەر خوێندن و موچەو ژیانی بۆ



هەواڵنامەی کتێب

تەئمین دەکات. سوارێکی زۆر لایەق و جوانکاری لیَ پەیدا ئەبێ، لەو کاتەشدا کچی قەراڵی روس بەفەرماندەی لەشکری روس پەلاماری تورکیا ئەدات، لەشکری تورك خۆی بۆ ڕاناگرن بەڕەش پۆشی ئەو کچە پاڵەوانە لەعەرز ئەدا، فەقێ ئەحەمەدیش هەر لەخۆیەوە بەبێ پرس و ناسیاوەتی کەس پەلاماری کچە روسەکە ئەدات و لەمەیداندا بەدیلی ئەگرێ، گوایا ئەو کچە روسە ناوی قیزان ئەبێ، لەشکری تورکیش پشتیوانی فەقێ ئەحەمەد ئەکەن کچە بەدیلی ئەباتە لای سوڵتانی ئەستەمبوڵ. سوڵتانی ئەستەمبوڵ بەسوپاس و خۆشیەکی زۆرەوە کچەکە لەفەقێ ئەحەمەد مارە دەکات و بەحاکم و گەورەی مەرگەو پشدەر ئەی نێرێتەوە بۆ دارشمانە.

ئینجا فەقێ ئەحەمەد لەو کچە روسە سێ کوڕی ئەبێ، ناویان ئەنێن سلێمان بەگ و خان بداغ و میراودل. کچە روسەکە تازە فێری کوردی ئەبێ لەکاتی یاری کردندا لەگەڵ سلێمانی کوڕیدا پێی ئەڵێ بەبە سلێمان لەجیاتی ئەوەی بڵێ بابم سلێمان هەر ئەڵێ بەبە سلێمان، سلێمان بەگ بەناوی بەبە سلێمان ناو دەرئەکات. کەگەورەش ئەبێ پێی ئەڵێن سلێمان بەبە، لەوەوە ناوی بابان دروست ئەبێ، گوایا پیتی بابان لەبەبەوە هاتووە کەپیتی بەبەش لەبابم هاتووە، وادەرئەکەوێ ئەو روداوە لەدەوری ساڵی (١٦٧٧) دا بووبێ. جا فەقێ ئەحەمەد زاڵ ئەبێ بەسەر دوژمنەکانی باوکیداو بڵاوە بەنفوزو دەسەڵاتەکەی ئەکات بۆ شارباژێرو قەڵاچوالان و شارەزوور، ئینجا لەدوای فەقێ ئەحەمەد، ئەحەمەد سلێمان لەجێگای فەقێ ئەحەمەد ئەبێ بەگەورەی وڵاتی سلێمانی و ئەچێت بۆ کەرکوك متصرف کەرکوکی لەشەڕدا کوشتووە کەناوی دلاوەر پاشا بووە لەساڵی (١٦٩٠) لەشکرێکی زۆری لەبەغداوە کراوەتەسەر کەتاڵانی لەشکرەکەی بستێنێتەوە بەڵام هیچیان بۆ لەگەڵا نەکرا.

سلێمان بابان چۆتە سەر ئەردەڵان و ئێران، بەڵام شکستی هێناوەو گەڕاوەتەوە، تورکەکان بەهەلیان زانیوە لەساڵی (١٦٩٩) دا لەشکرێکی قورسیان ناردۆتە سەر سلێمانی بەبەو شکاندویانە، سلێمان بەبە چۆتە ئەستەمبوڵ لەدوای بەینێك حکومەتی تورك ناردویەتەوە بۆ وڵاتی سلێمان لەقەڵاچوالان جێگیر بووە. لەدوای مردنی میر سلێمان، بەکر بەگ ناوداری بابانی گرتۆتە دەست و زۆر بەزانای و هۆشیارانە ئیدارەی بابانی کردووە بەکر بەگ کفری و ئاڵتون کفری داگیر کردووەو ویستویەتی کەرکوکیش بگرێ، بەڵام والی بەغدا بەلەشکرێکی گەورەوە هاتۆتە سەری لەساڵی (١٧١٤) دا شکاوە. ئینجا لەباری ناچاری پەنای بۆ بەغدا بردووە والی بەغدا گرتویەتی و لەناویداوە، لەدوای بەکر بەگ، خان بەگ بۆتە گەورەی بابان، بەڵام والی بەغدا لەتەورێز بەکوشتنی داوە، ئینجا خالید پاشای برای خان بەگ کراوە بەپاشای بابان، لەدوای ئەو سەلیم پاشا خۆی بەگەورەی بابان نیشانداوە لەساڵی (١٧٥٣) دا کەوالی بەغدا بەلەشکرەوە هاتۆتە سەر بابانەکان ئەو سەلیم پاشایە لەناوچەی کفری ڕێی بەلەشکری والی گرتوە، بەڵام دەرەقەتی نەهاتووەو هەڵاتووەو چووە بۆ ئێران، والی بەغدا ئینجا سلێمان پاشای کوڕی خالید پاشای داناوە بەگەورەی بابان، بەڵام لەپاش بەینێك والی بەغدا لەو سلێمان پاشایە ترساوە بەلەشکرێکی گەورەوە چۆتە سەری و دەری پەڕاندووە بۆ ئێران، دوایی ئاشتیان کردۆتەوەو ناردویانەتەوە بۆ قەڵاچوالان، بەڵام بەهۆی بەربەرەکانی ئەحمەد پاشای برای لەساڵی (١٧٦٥) دا لەقەڵاچوالان لەخەودا سلێمان پاشا ئەکوژرێ، لەدوای هەندێك فەوزاو تێکچونی نێوانی بەگزادەکانی بابان سلێمان پاشا والی بەغدا، ئیبراهیم پاشای برازای محمود پاشای کرد بەحاکمی بابان لەساڵی (١٧٨٣) دا ئەم ئیبراهیم پاشایە زۆر زیرەك بووەو ناوبانگی بەئیبراهیم بیچو بڵاو

بۆتەوە، چونکە هەر دەم بەبێچو راهاتبو خەڵات و بەرات و بەخشندەیەکەی پڕ بوو لەبیچویك. ئەو بوو قەڵاچوالانی گوێزایەوە بۆ سلێمانی ئێستا و بەناوی سلێمان پاشا ناوی لەوشارە ناوە، جاساغ نەبۆتەوە لەبەر شەرافەت و خۆشەویستی سلێمان پاشای والی بەغدا ناوی لەوشارە ناوە سلێمانی، یان لەخۆشەویستی باپیرەگەورەیان کە میر سلێمانی کوڕی فەقێ ئەحمەد بووە ناوی لەوشارە ناوە سلێمانی لەساڵی (١١٩٩ هـ) و (١٧٨٤ م) دا بناغەی شاری سلێمانی کراوە کەتەئریخەکەی بریتیە لەپیتی سلێمانی بەحسابی أبجد بەمەرجێ (١٠٠٠) رەقەمی بخرێتە سەر کە (١٢٠١) ئەگرێتەوە لەوانەیە تەئریخ دانانی سلێمانی (١٢٠١ هـ) بێ ئەوەك (١١٩٩ هـ) بێ.

لەدوای ئیبراهیم پاشادا عبدالرحمن پاشا بۆتە گەورەی بابان بۆ یارمەتی والی بەغدا چۆتە سەر وەهابیەکانی حیجاز کەچی لەجیاتی ئەو ئەرك و پاداشتە والی بەغدا لەعبدالرحمن پاشا تورە بووەو لەشکرێکی لەخزمەکانی عبدالرحمن پاشا پێکهێناوەو چۆتە سەر سلێمانی.

ئەورحمان پاشا لەئاڵتون کۆپری داویە بەسەر لەشکری تورك و بابانە ناپیاوەکانی خزمی و تارو ماری کردون، ئینجا والی بەغدا بەلەشکرێکی بێ سامانی تورك و کورد هاتە سەر سلێمانی، لەدەربەندی بازیان بەرەنگاری یەکتر بوونەوە بابانە چەپەڵەکانی خزمی لەپاشڕا پەلاماری لەشکری ئەورحمان پاشایاندا، ئەورحمان پاشا چارەی نەما هەڵات و چوو بۆ ئێران لەساڵی (١٨٠٨) دا. بەڵام لەو سەرو بەندەدا نێوانی والی بەغداو ئەستەمبوڵ تێکچوو بوو حاڵەت ئەفندی ناوێکیان بۆ دامەزرانەوەی ئەم ئیشە لەئەستەمبوڵەوە نارد بۆ عێراق لەگەڵ لەشکری بابان یەك باوەڕ وەستان. ئەورحمان پاشای بەبە بە (٢٠٠٠٠) سواری کوردی رێکخست و چوو بۆ سەر بەغدا. لەنزیك بەغدا شەڕێکی زۆر قورس

لەنێوان لەشکری کوردو والی بەغدا کرا سلێمان پاشای والی بەغدا رای کرد، بەڵام لەڕێگادا کوشتیان، ئەورحمان پاشا بەو لەشکرەوە چوو بۆ بەغدا. حاڵەت ئەفندی لەسزای ئەو چاکەیەی کە ئەورحمان پاشا بۆی پێکهێنا بوو ویستی ئەورحمان پاشا بەفێڵ لەناو بەرێ، لەدوایدا فێڵەکەی لێ ئاشکرا بوو هەڵات و چوو بۆ ئەستەمبوڵ و بەغدا بۆ ئەورحمان پاشا مایەوە، ئەورحمان پاشا لەپاش بەینێك گەڕایەوە بۆ وڵاتی سلێمانی، چونکە ئێرانیەکان کەوتبوونە ناو وتوویژی سیاسیانەوە لەگەڵ بابی عالیدا وایان بڕیاردا کە ئەورحمان پاشا ناوچەی کۆیەو حەریی پێ بسپێردرێت و خالید پاشای بەبە بکرێت بەحاکمی سلێمانی و ئەم داخواستەش لەسەر داواو مەبەستی شازادە محمد عەلی میرزای سەرداری وان بوو، لەسەر ئەوە ئاشتی و ئارامی لەناوچەی بابان پەیدا بوو، هەتا مەودایەك وڵات بێ غەوغا مایەوە، لەدوای مەودایەك ئەورحمان پاشا بەعاقڵانە والی بەغدای ئاشتکردەوەو بۆ جاری پێنجەم کرایەوە بەحاکمی بابان و وڵاتی سلێمانی، ئینجا لەگەڵ ئێراندا رێك کەوت لەشکرێکی زۆری بردە سەر هەولێر، هەولێرو کەرکوکی گرت و چوو بۆ بەغدا.

والی بەغدایش لەشکرێکی قورسی هێنایە سەر ئەورحمان پاشا لەکفری توشی یەکتری بوون لەشکری تورکیای شکاند، بەڵام زۆر ئەفسەرو رۆڵەی بەجەرگی بابان بەگوللەی تۆپی تورك لەو کارەساتەدا کوژران، بەڵام هەر لەو شەڕەدا لەشکری ئەورحمان پاشا شکستی هێناو ئەورحمان پاشا بەشێوەیەکی زۆر شێتانە لەشکرەکەی بەجێهێشت و هەڵات چوو بۆ ئێران کەهەرگیز ئەو وێنە رەوشت و جوڵانەوە لەئەورحمان پاشا هیوا نەئەکرا، بۆ جاری شەشەم ئەورحمان پاشا بۆتەوە بەگەورەی بەبەو حاکمی سلێمانی (٢٤) ساڵ بەئازایی و زیرەکانە فەرمانداری بابانی کردووەو لەساڵی (١٨١٤) دا وەفاتی کردووە. ئینجا

محمود پاشای کوڕی ئەورحمان پاشا بۆتە گەورەی بابان، بەڵام پاشایەتی لەنێوان ئەم و عبدالله پاشاو سلێمان پاشا کەوتبوە گێرەوە، یەکێکیان تنزیم ئیدارەی بابانی ئەکرد، ئەوی تریان لیێ تێك ئەدایەوە بەلەشکری ئێران یان تورك ئیدارەی سلێمانیان ئەشێواند، وڵاتی بابان لەهەندێ کاتدا بەدرەو جەسان چووە، لەو لایەشەوە چەمچەماڵ و سەنگاو شوان و قەڵا سێوکەو هەموو لیوای سلێمانی تا جوانرۆو زەهاو و سیروان زنگابادو قەرە حەسەن و مەندەلی بڵاوەی پێ کرا.

## ٣٦ ـ گڵباخی

لەکاتێکدا بیگە بیگ لەسەر حوکمی وڵاتی ئەردەڵان دانیشت، یەکێك لەگەورەکانی عێلی ئیستجلوی تورکی قزڵباشی بەناوی عەباس ئاغا کە بەئازایەتی ناوی دەرکردبوو هاتە لای بیگە بیگ، زۆر جار پەلاماری گەورەکانی ئەردەڵانی ئەدا، بیگە بیگ کچێکی لەکچەکانی ئەلیاس ئاغای ریش سپی لەتایەفەی وەجاخی رەنگەرێژ بۆ عەباس ئاغا هێنا. عەباس ئاغا لەناوچەی مهرەبان باغێکی رواند کە باغەکەی پێگەیشت هەرکەسێ کە بەو ناوەدا رۆیشتبایە بانگی ئەکرد گێل باغی، چونکە عەباس ئاغا تورك بوو، کوردی نەئەزانی بەتورکی ئەی وت گێل باغی بەمانای وەرە بۆ ناو باغەکەم، جائەم پیتە بوو بەناوی عەشیرەتی گێل باغی یان گل باغی گوایە ناوی عەشیرەتی گێل باغی لەو پیتەوە پێك هاتبێ. لەخزمەت بیگەبیگدا کرا بوو بەفەرماندەی (١٢٠٠٠) سواری جەنگاوەر، مەنصەبی مهرەداری پێ درابوو و لەناوچەی زەڵم دادەنیشت، لەدوایدا ناحەزان بەکوشتنی بیگەبیگیان تاوانبار کرد، گوایا ویستویەتی بیگە بیگ ئەردەڵانی بکوژێ.

ئەویش لەگەڵ هاو شیرەکانی چوو بۆ وڵاتی بیلار لەوێ لەگەڵ عەشیرەتی لك و سلێمانی و مادەکی و کەلهوڕی تێکەڵی پەیدا کرد.

شاه تەهماسب لەبەر ئازایەتی قبالەی وڵاتی بیلاری دایێو بۆ مەودای (١٢) ساڵ لەهەموو وێنە رەسمیاتێکیش ئازادی کرد، چەند عەشیرەت و تایەفەیەك لەعێلی - بادکی - کەلهوڕی - وەرمزیاری لێ کۆبوونەوەو عەشیرەتی گلباغیان لیپێکهات.

لەپاش مردنی عەباس ئاغا، عەلی بەگ هاتە سەرحوکمی گلباغی بەفەرماندەی سوڵتانی ئەستەمبوڵ - کرندو شێخان - چکران - تلاتی تق أب - خرخرە - تیرەزەند - قەڵاتەپە کران بەسنجاقی علی بەگ تیمار - ئەرکەڵە - رەنگەڕێژان - سهبانان درایە یارالله خانی خوشکەزای. ئاخر گەورەی گلباغی لەو تەئریخەدا ناوی حسێن بەگ بۆ کچی عەلی بەگی هێنا کەناوی بەگم بوو ژنێکی زۆر بەقابیلەت و ئازاو زانا بوو حکومەتی گلباغی گرتەدەست خۆی، حسێن بەگی لەئیشوکاری ئیدارەدا دەست بەستە کرد، بەڵام لەدوایدا لەلایەن حکومەتی بەغداوە وڵاتی گلباغی درا بەقوباد بەگ ناوێك، حسێن بەگ لەئاوی سیروان پەڕیوە وڵاتی شارەزووریش بۆ هەلۆ خان بەجێما. لەساڵی (١٠٩٢) دا و ئەو عەشیرەتە هەتا ئێستا بەئازایەتی و سەرچڵی ناودارو جێنشینی وڵاتی خۆیانن.

### ٣٧ ـ گەورەکانی محمودی

ئومەراکانی محمودی گوایە لەبەرەبابی مەروانەوە پەیدابووبن، شێخ محمود ناوی باپیرەگەورەیان گوایە لەشامەوە هاتبێتە کوردستان، بەڵام وادەرئەکەوت ئەو شێخ محمودە لەکوردی سووریە بوو بێ، هاتنەکەی لەزەمانی تورکی قرانقۆیلو بووە، قەرە یوسف قەڵای ئاشوتی داوەتێ، لەبەر ئەوەی کە شێخ

محمود پیاوێکی ئازا بووە ناوچەی ئاشوت و خۆشناوی گرتۆتە دەست خۆی. کە شێخ محمود مرد، ئەمیر حەسەن بەگی کوڕی لەجێی دانیشت، ناوچەی الباقی لەحوکامی هەکاری ساند، خستیە سەر وڵاتەکەی خۆی چەندجار لەگەڵ غرالدین شێر کەوتۆتە شەڕەوە لەشکری غرالدینی شکاندوە، وڵاتی شنۆشی خستۆتە سەر وڵاتی خۆی، غرالدین شێر داوای یارمەتی لەحاکمی بەدلیس کرد، حاکمی بەدلیس ئەمیرێکی بڵباسی بەهاوارەوە نارد، حسێن بەگیش بەوپەڕی سەرکێشی لەقەراغی چەمی خۆشناو دانیشتبوو کەپێیان ئەووت چەمی میر ئەحەمەد، شێخ ئەمیر لەگەڵ لەشکری غرالدین پەلاماریاندا لەنێوانی هەردولا ئاگری شەڕو فیتنە بەرزبوەوە، لەپاش کوژرانێکی زۆر میر حسێن بەتیر ئەنگاو تراو کوژرا.

عوێز بەگ کوڕی میرحامد گەورەی وڵاتی گرتە دەست، ئورکمز سوڵتان حاکمی وان لەجیاتی شاە ئیسماعیل صەفەوی بۆ پارێزگاری ئەو ناوە کەوتە جوڵە، بەڵام عوێز بەگ بەو جوڵانەوەیە رازی نەبوو، لەگەڵ ئورکمز سوڵتان کەوتە شەڕ، بەرپرسانی دەردەست کرا لەزیندانەوە هاواری بۆ ئەمیر شەرەف خانی بەتلیسی نارد کەبەرەڵای بکات، ئورکمز خان ناچاربوو کەبەرەڵای بکا.

لەپاش مردنی عەوێز بەگ، حسێن قلی بیگ لەجێگای باوکی عەوێز بەگ دانیشت لەزەمانی سوڵتان سلێمان خان لەپاش گیرانی ناوچەی بەدلیس سوڵتان، سلێمان خان ناوچەی کارجێکانی بەحسێن قلی بەگ بەخشی. حکومەتی مەحمودی لەپاش ئەو تأریخەبوو بوون بەگاڵتە بازاڕی ئێران و عوسمانی هەتا دەوری حەسەن بەگ عویز بەگی دووهەم چوو بۆلای شاە تەهماسب کەئەمارەتی مەحمودی بوو لەمیرشمس الدین وەربگرێتەوە، شاە تەهماسب زۆر ڕێزی لێگرت، مەملکەتی مەحمودی درایەوە بەحسێن بەگ عویز بەگ هەتا ئەو تأریخەی کە سوڵتان غازی سلێمان خان بۆ گرتنی ئێران رووی کردە ئازربایجان، حسێن

بەگیان نارد بۆ ئاستانە. ئەمارەتی خۆشاو و محمودیان پێ بەخشی. ئەو وەختەی کە ئەسکەندەر پاشای میرمیران چووە سەر حاجی زەینەل بەگ دنبلی لەشاری خودا کوشتی، حسێن بەگ ئازایەتیەکی زۆری بۆ عوسمانیەکان بەکار هێنا.

ئەسکەندەر پاشا ئەو ئیخلاص و ئازایەتیەی حسێن بەگی بۆ خەلیفەی ئەستەمبوڵ نووسی خەلیفەی ئەستەمبوڵ لەبەرامبەر ئەم برا کوژی و ئازایەتیەدا شمشێرێکی تەلاو زۆر شتی نایابی تری بۆ حسێن بەگ بەدیاری ناردو چەند لەوەرگای پێ بەخشی و تایەفەی ئالوسی و مەحمودی لەخەج و باج ئازاد کرد، بەلام لەساڵی (٩٩٣ هـ)دا لەکاتێ کە تەورێز لەلایەن تورکەکانەوە فتح کرا حسێن بەگ بەدەستی قزڵباشیەکانی تورك کوژرا، لەسعد ئاباددا بەلام لەدوای ساڵێك کە فەرهاد پاشای وەزیر بۆ کۆمەکی جعفر پاشای میرمیران چوو بۆ تەورێز ئێسقانەکانی مەحمود بەگیان دەرهێنایەوەو بردیان بۆ خۆشاو لەو مزگەوتەدا نێژرا کەخۆی دروستی کرد بوو عویز بەگی کوڕی ماکوی لەناوچەی نەخچەوان گرتەدەست بەلام لەدوای (٢٠) ساڵ حوکمداری لەگەڵ جعفر پاشای میرمیرانی تەورێز چوو بۆ سەر شێخ حیدەر لەوێ بەدەست شێخ حیدەر کوژرا سنجاقی ماکو کەوتە دەست مصتەفا بەگی کوڕی هەتا ساڵی (١٠٠٥) دا سەڵتەنەتی ناوچەی مەحمودی لەهەراو شەڕی قزڵباشیەکاندا بوو.

## ٣٨ ـ نادر شا ـ نادر قولی هەوشاری

نادر شا خەڵکی کوردی ناوچەی هەوشاری لای صفافانەو بێچارە لەوەختی خۆیدا پاشاکانی ئێران ئەو عەشیرەتەیان ڕاگوێزتەوە بۆ ناوچەی خراسان بۆ دوو شت.

١/ بۆ بێ دەست کردنی عەشایەرە سەرچڵەکانی ئەو ناوە بووە ڕاگوێزتنی ئەو کوردانە.

٢/ لەناوچەی هەوشاردا سەرچڵیان ئەکردو ویستویانە ئەو ناوچەیە کپ بکەن.

جابۆیە ئەو کوردانەیان ڕاگوێزتن جا نادر شا لەو خێزانە کوردانە هاتۆتە جیهانەوە وە لەساڵی (١٦٨٨) دا ئەوەڵ جار نادر شا بووە بەشوان. ئەگێڕنەوە هەر بەمنداڵی و بەشوانی پەراوەی شۆڕشی کردووە بەرانی مەڕەکەی خۆی و لەگەڵ بەرانی مەڕی دراوسێکەیدا بەشەڕداوەو لەناو منداڵاندا ڕیزی شەڕو پەلاماردانی بەمنداڵان ڕێکخستووەو خۆشی وەزیفەی فەرماندەی بەکارهێناوە. ئینجا لەشوانیەکەیدا سەرچڵی و سەرکەشی دەریڕی (٥٠٠) کەسێکی لەڕۆڵەی نەبەزی کوردو فارس پێکەوەنا پەلاماری ئەفغانیەکانیدا لەناوچەی خراسان بەناوی گێڕانەوەی خانەوادەی صەفەوی بۆ سەر حوکمی ئێران خۆی بەتەهماسب قولی ناونا، نادر شا قولی کەناوی تایبەتی خۆی بوو گۆڕی بەتەهماسب قولی صەفەوی، نادر شا ئەصفەهانی لەئەفغانیەکان ساندەوە لەشیرازا ئەشرەف خانی ئەفغانی گرت و کوشتی لەساڵی (١٧٣٠) دا نادر شا پەلاماری عوسمان پاشای فەرماندەی لەشکری عوسمانیداو شکاندی. هەمەدان و کرمانی داگیرکرد تورکەکانی دەرپەڕاند بۆ سنووری پێشویان کەخانەقین و زەهاوی بوو. ئینجا ئەحمەد پاشا لەگەڵ ئەمیری ئەردەڵانی گەورك پەلاماری

لەشکری نادر شایاندا لەقۆرە چیا، هەمەدان و کرماشان و وڵاتی ئەردەڵانیان لێ ساندنەوە لەهەمان ساڵا نادر شا پەلاماری لەشکری تورکەکانی دایەوە بەلەشکری (۱۰۰ ۰۰۰) کەسی تورکەکانی لەئێران دەرکردو چووَ بۆ بەغدا بەڕێگای دوز خورماتودا. لەژێر فەرماندەی نێرگز خاندا لەشکرێکی زۆری نارد بۆ کەرکوك لەڕێگای سلێمانی و سورداش و ئاغجەلەرەوە هەرچی هاتە سەر ڕێگایان لەناویاندا، بەڵام هەرچەندیان کرد نەیان توانی موصل بگرن. ئەحمەد پاشای ئەمیری کۆی سنجاق و حەریر لەگەڵ لەشکری نێرگز خاندا کەوتە شەڕەوە لەناوچەی کەرکوکدا، بەڵام لەشکری ئەحمەد پاشا نەیتوانی لەشکری نێرگز خان بگێڕێتەوە بۆ دواوە.

لەساڵی (۱۷۳۳) دا نادرشا لەئاوی سیروان پەڕیوە روی کردە بەغدا، تۆپاڵ عوسمان پاشا لەگەڵ لەشکری نادر شا کەوتە جەنگەوە، نادر شا شکا (۳۰ ۰۰۰) کەسی لەشکرەکەی بەکوشت دا لەگەڵ (۳۰۰۰) دیلا. نادر شا لەو تێشکانە تورە بوو، لەشکرێکی گەورەتری کۆکردەوە چووە سەر بەغدا لەناوچەی لەیلان لەگەڵ لەشکری تۆپاڵ خان بەرەنگاری یەکتر بوونەوە لە (تشرینی ئەوەڵی ساڵی ۱۷۳۳) دا لەشکری تورکەکان شکاو تۆپاڵ خان کوژرا تاڵان و چەکێکی زۆری تورکەکان کەوتە دەست نادر شا، بەڵام نادر شا بەپەلە گەڕایەوە بۆ ئێران چونکە شۆڕش و ئاژاوەیەکی گرنگ لەئێران روی دابوو، نادر شاو ئەحمەد پاشای والی بەغدا بەندی ئاشتیان مۆر کرد. لەسەر ئەو نەخش و مەرزەی کەلەکاتی خۆیدا سوڵتان مرادی چوارەم بڕیاری لەسەر دابوو لەساڵی (۱۷۳۷) دا کە شاە تەهماسبی دووهەم مرد کوڕی شا عەباسی دووهەمیان کرد بەشای ئێران. بەڵام نادر شا هەر زوو ئەو کوڕەی لابردو خۆی کرد بەپاشای ئێران، ئینجا نادر شا گەڕایەوەو چووە سەر بەغدا، بەڵام والی بەغدا فێڵێکی وای

دامەزراند کە نادر شا بەرەو موصلّ بڕوا، نادر شا چووە سەر هەولێرو بەغداو موصلّ، بەلاّم نەیتوانی موصلّ بگرێ لەوە توڕە بوو وازی لەگرتنی بەغداو موصلّ هێنا. بەلاّم هەتا گەیشتەوە ئێران هەر دێهات و ئاوەدانیەك هاتبایە سەر رێگای بەمرۆڤ و ئاژەڵەوە لەناوی ئەبرد کوردەکانی دوچاری زیانێکی زۆر گەورە کرد نادر شا لەرێگای خراسان لەگەڵ کوردەکان بەشەڕ هات لەساڵی (١٧٤٧) دا لەرێگای خراسانا بەدەستی کوردەکان کوژرا. چونکە نادر شا سەرنەکەوتنی خۆی بەهی کوردەکان ئەزانی لەبەر ئەوەی کە نادر شا زوڵم و زۆرێکی زۆری ئەنواند، کوردەکان لێی هەڵگەڕابوونەوە پاڵیان دابوە پاڵ تورکەکان سەرکەوتنی تورکەکانیان لەنادر شا پێ خۆشتر بوو، جا بۆیە لەزۆر مناسەبەتدا نادر شا بەکوردەکانی ئەوت کوردەای بدنهاد.

### ٣٩ ـ حکومەتی کەریم خانی زەند

لەساڵی (١٧٥٣) دا هەتا (١٧٩٤) کەریم خانی زەند کەدامەزرێنەری دەوڵەتی زەند بووە لەسوپاسالارەکانی نادر شا بووە لەساڵی (١٧٥٣) دا لەقوڵی ئەصفەهانەوە بناغەی حکومەتی کوردی دانـاوە بەناوی زەندەوە لەو سەردەمەشدا محمد حەسەن خانی فتح علی خانی قاجاری خەریکی دامەزراندنی حکومەتی قاجاری بووە، کەریم خانیش کەلەعەشیرەتی زەند کەتیرەیەکی عەشیرەتی لەکن لەپشت کۆدا ئەویش ویستی هەموو ئێران بگرێتە دەست خۆی و بەسەربەخۆیی تیایدا بژی و بەناوی کوردەوە سەربەرزیەك پێکبهێنێ، بەلاّم لەهەمان کاتدا دوو کەس هەبوون کەبەرگری لەو بیروباوەڕەی کەریم خان بکەن.

١ / ئەسەد خانـی ئەفغانی.

٢ / محمد حسێن خانی قاجاری.

کەریم خان لەئەوەڵ جارا پەلاماری ئەسەد خانیدا لەناوچەی قەزوین، بەڵام کەریم خان شکا ئەصفەهانی بەجێهێشت و چووە بۆ شیراز، سەرلەنوێ ئەسەد خان و کەریم خان بەشەڕ هاتنەوە. ئەسەد خان ئەمجارە شکاو پەنای برد بۆ والی بەغدا، بەڵام والی بەغدا گوێی نەدایە. ئەمجارە ئەسەد خان بەناچاری گەڕایەوە بۆ ئێران خۆی خستە پەنای کەریم خان، کەریم خانیش لەتاوانی ئەسەد خان خۆش بوو بەخۆشەویستی خۆی قبوڵی کرد قاجاریەکان لەتورکەکان بوون کە تەیموری لەنگ لەسووریەوە هێنابوونی بۆ ئێران خێڵێکی درو ئازا بوون ئینجا کەریم خان جنوبی ئێران و ئەصفەهانی بۆ ساغ بوویەوە. محمد حسێن خان قاجاری لەشکرێکی زۆری بردە سەر کەریم خان، کەریم خان شکا. کەریم خان گەڕایەوە بۆ شیراز، بەڵام محمد حسێن خان بەدوای کەوت ئابڵوقەی شیرازیدا لەساڵی (١٧٥٦) دا، بەڵام شێخ عەلی خانی زەند کەفەرماندەیەکی ئازای کەریم خان بوو دای بەسەر بنەو بارەگای لەشکری محمد حسێن خانی قاجاریدا تاڵانێکی زۆری لێ کردن و لەشکرەکەشی شکاندن. محمد جسێن خان چەند شەڕێکی زۆر گەورەی لەگەڵ کەریم خاندا کرد لەقۆڵی شیرازو ئەصفەهاندا بەڵام دەرەقەتی کەریم خان نەهات بەشکاوی گەڕایەوە بۆ ناوچەی مازەندەران لەساڵی (١٧٥٦) دا ئینجا کەریم خان زانی هەتا محمد حسێن خانی قاجاری لەناوابێ ناتوانێ تام لەسەرۆکایەتی ئێران بکات. ئینجا کەریم خان لەژێر فەرماندەی شێخ عەلی خانی زەندا لەشکرێکی قورسی ناردە سەر محمد حسێن خانی قاجاری لەمازەندەراندا بەشەڕێکی زۆر بەتەوژم و سام محمد حسێن خان شکاو بەدیل گیرا. لەشکرەکەشی تەفن و تونا کرا لەساڵی (١٧٦٠) دا فتح عەلی خانی سەرۆکی عەشیرەتی هەوشاری لەشەڕی قەرەچیمەن گیرا. بەرێزێکەوە بەرەڵا کرایەوە، بەڵام لەدوایدا ئەو پاشا دیلانەی کەلای کەریم خان بەند کرابوون بەرەڵا کران ویستیان موئامەرەیەك بنێنەوە بۆ نەمانی کەریم خان. ئەویش پاشا شکاوەکانی گرتن و کوشتنی کەریم خان شیرازی کرد بەپایتەختی خۆی صادق خانی برای کرد بەسوپا سالاری هەموو لەشکر لەساڵی (١٧٧٦) دا بەصرەشیان

کەوتەوە دەست، کەریم خان (٢٨) ساڵ فەرمانڕەوایی و گەورەیی ئێرانی کرد لەساڵی (١٧٧٩) دا لەگێتی دەرچوو صادق خانی برای لەبەصرە بوو کە خەبەری وەفاتی کەریم خانیان پێدا بەلەشکرەوە چوو بۆ شیراز ویستی شیراز بگرێ، بەلام بۆی نەگیرا روی کردە کرمان لەو کاتەدا سەرداری عەشیرەتی قاجاری محمد حسێن خان لەلای کەریم خان دەست بەسەر بوو کەریم خان وەفاتی کرد هەڵات چوو بۆ مازەندەران لەوێ دەستی بەیاخیگەری کردەوە. صادق خان هاتەوە شیراز، فتح عەلی خانی کوڕی کەریم خانی لەتەخت هێنایە خوارەوەو هەردوو چاوی هەڵ کۆڵی خۆی کرد بەپاشا لەجێگای کەریم خاندا لەساڵی (١٧٨٠) دا عەلی مراد خانیش لەتەهرانەوە بڵاوی کردەوە کەهەر خۆی شای ئێرانە بەلەشکرێکی زۆرەوە هاتە سەر صادق خان لەناوچەی هەمەدان بەیەك گەیشتن لەساڵی (١٧٨١) دا لەشکری صادق خانی شکاند، چوو بۆ شیراز صادق خانی گرت و لەگەڵ سێ کوڕەکەیدا کوشتنی، عەلی مراد خان خۆی کرد بەپاشای ئێران و ئەصفەهانی کرد بەپایتەخت. جعفرخانی کوڕی صادق خان چووە سەر ئەصفەهان، عەلی مراد خانی قاجاری بەدەمیەوە چوو، بەلام لەڕێگادا سەرما کوشتی بەئامانج نەگەیشت لەساڵی (١٧٨٥) دا ئینجا ئاغا محمد خانی قاجاری لەمازەندەرانەوە چوو بۆ تەهران لەوێوە چوو بۆ ئەصفهان. جعفر خان خۆی بۆ رانەگیرا هەڵات چوو بۆ شیراز، محمد خانی قاجاری لەو ناوە توشی هەرای بەختیاری بوو گەڕایەوە بۆ تەهران، بەلام لەشکرو ئیدارەی جعفر خان تێکچوو، پیاوە ماقوڵەکانی زەند لەجعفر خان رەنجا بوون، موئامەرەیان بۆ نایەوە لەساڵی (١٧٨٩) دا کوشتیان. شێواوی و تێك چونێکی زۆر کەوتە نێوان ئیدارەی لەشکرو پیاو ماقولانی حکومەتی زەند. لوتف علی خانی کوڕی جعفر خانیان کرد بەپاشا لەجێگای باوکی، بەلام بەدبەختی لوتف عەلی خان ئەوە بوو کەلەگەڵ حاجی ئیبراهیم وەزیریدا تێك چوو بوو، ئەم حاجی ئیبراهیمە خاوەن تایەفەو دەستەو بەستە بوو لەناو چوونی هەروا ئاسان نەبوو. حاجی ئیبراهیمیش لەترسی خۆی لەژێرەوە موخابەرەی لەگەڵ ئاغا محمد خانی

قاجاریدا کرد، کەوڵاتی شیرازی تەسلیم بکات، هەرگا بەلەشکرەوە بێتە سەر لوتف عەلی خان و لەناوی بەرێ، فعلاً ئاغا محمد خانی قاجاری لەشکری کردە سەر لوتف عەلی خانی زەند. لوتف عەلی خان توانای بەرگری ئەو لەشکرە زۆرەی نەبوو، هەڵات چوو بۆ بەندەری ئەبو شەهر لەساڵی (١٧٩١) دا لوتف عەلی خان لەئەبو شەهر لەشکرێکی بچکۆلانەی پێکەوەنا چوو بۆ سەر شیراز حاجی ئیبراهیمی خائین سەر لەنوێ داوای یارمەتی و لەشکری لەئاغا محمد خانی قاجاری کردەوە لەشکری زۆریان کردە سەر لوتف علی خان، بەڵام ئەو قارەمانی زەندە ئەو لەشکرە زۆرەی شکاند، دیسان لەوە گەورەتر لەشکری کرایە سەر، دیسان بەشێرانە ئەو لەشکرەشی شکاندەوە، ئینجا ئاغا محمد خانی قاجاری ناچار بوو خۆی بەلەشکرێکی گەورەو بێ سامانەوە هاتە سەر لوتف عەلی خانی زەند. لوتف عەلی خان بەرهەڵستی لەشکری قاجاری کردو لەناوچەی صغرا ئەو دوو لەشکرە دایان بەیەکدا لەشکری قاجار بۆ جاری سێیەم شکایەوە. بەدوای شکستەی دوژمناندا ڕۆیشتن لەڕۆژی دوایدا جەنگ کرایەوە لوتف عەلی خان شکاو ڕوی کردە کرمان، بەڵام لەشکری حاجی ئیبراهیم بەدوای کەوتن لەوێش دەریان پەڕاند، ئینجا ڕوی کردە سنووری ئەفغان.

خان نرما نشیر لەشکرێکی بچکۆلانەی بۆ پێکەوەنا لوتف عەلی خان بەم لەشکرە کەمە گەڕایەوە سەر دوژمن وەك پڵنگ ئامبازێکی لەشکری قاجاری و حاجی ئیبراهیمیدا، ئەو لەشکرە زۆرەی شکاند، کرمانی گرتەوە سکەی بەناوی خۆیەو لێدا ئاڵای زەندی لەئێراندا بەرز کردەوە لەساڵی (١٧٩٤) دا ئینجا ئاغا محمد خانی قاجاری بەلەشکرێکی زۆر قورسەوە هاتەوە سەری، بەڵام لەشکری ئاغای زەندی وەکو جاران تێکۆشانیان نەئەکرد لەو شەڕەدا زۆربەی فەرماندەکانیان کوژران و لوتف عەلی خان سەرلەنوێ هەڵاتەوە چوو بۆ لای نرما نشیر خانی جهانگیر خان، بەڵام ئەم جارە نرمانشیر خان پیاوەتی لەگەڵدا نەکرد، بۆسەی بۆ نایەوە کەبیگرن و بیدەنە دەست محمد خانی قاجاری، لوتف عەلی خان کەتێگەیشت خانە خۆییەکەی فکری لەگەڵا خراپەو ئەیانەوێ بیگرن،

پەلاماری پیاوەکانی نرمانشیر خانیدا بەڵام بەدوو جێ بریندار کراو گیرا. لوتف عەلی خانی شێرزادەی زەندیان دایە دەست ئاغا محمد خانی قاجاری ئەویش بەنامەردانە هەردوو چاوی هەڵ کۆڵی و لەتەهراندا بەسزایەکی ناپیاوانە کوشتیان. بەڵام حاجی ئیبراهیمی وەزیری خائینیش هەتاسەر نەیخوارد بەسزای خۆی گەیشت، کاتێ کە ئاغا محمد خانی قاجاری نەما بەفەرمانی فتح عەلی شای قاجاری چاوی حاجی ئیبراهیمیان هەڵ کۆڵی بەخۆیی و کورو کچەکانیەوە بەکوێری ناردیانن بۆ شاری قەزوین و لەوێ مردن. ئەصڵی بێ هێز بوونی دەوڵەتی زەند لەوەوە رویدا کەعەشایەری ئەحەمەدەوەند ـ گوروونی کەپشتیوانێکی کورد بوون رایان گوێزتن بۆ ناوچەی شیراز. ئەم رووداوە بوو بەهۆی دڵ سارد بوونەوەی کوردەکان لەپشتیوانی حکومەتی زەند.

## ٤٠ ـ حکومەتی سۆران

ئەوەڵ پەیدا بوونی گەورە زادەکانی سۆران ناوی کلۆس بووە. کلۆس بەو وێنە کەسانە ئەوترێ کەدانی پێشەوەیان نەبێ، گوایا ئەو ئەمیرەش دانی پێشەوەی نەبووە بۆیە پێیان ووتوە کلۆس، بەڵام مِن ئەو ناو نانە بەڕاست نازانم، چونکە پیتی کلۆس ناوێکی سوکایەتی دەردەخات لەچاخی ئەمڕۆشدا یەکێك بەیەکێك بڵێ کلۆس زۆر تورە دەبێ چ جای ئەوەی کەبەئەمیرێکی وا زل کلۆس وترابێ. رەنگ بێ کلۆس لەکەوڵۆسەوە هاتبێ چونکە کەوڵۆس شوێنێکە کەوتۆتە ناوچەی سروچك لەسەر رێگای پێنجوێن، لەوانەیە ئەو ئەمیرە لەو ناوچەیەدا پەراگەندەی ئەو ناوە بوو بێ بەناوی ئەو شوێنەوە ناو نرابێ، وەکو بارزانی ـ دۆڵەمەڕی ـ ئاغا پشدەری ـ ئاغای سیوەیلی ـ ئاغای مەنگوڕی، کە ئەو وەختە ناوی شهرەت و لەقەب هەڵدراوە نەك ناو.

ئەو کلۆس ئاغایە سێ کوڕی هەبووە بەناوی عیسا ـ ئیبراهیم ـ شێخ وەیس لەدێی هودیان ناوچەی ئاوان دانیشتووە، عیسا ناویان زۆر هەڵکەوت و لێوەشاوە بووە خەڵکێکی زۆری لەغەوارەو پەراگەندەی شوێنانی لەخۆ کۆکردۆتەوە، ئاوی لەخۆی نابوو حاکمی ئەمارەت بۆ گرتنی ناوچەی باڵەك کەوتە جوڵە، خەڵکی باڵەکی زۆریان خۆش ویستووە سەریان بۆ دانەواندووە، ئینجا روی کردە دەورو پشتی قەڵای ئاوان لەبەر ئەوەی کەدەورو پشتی ئەو قەڵایە بریتیی بووە لەبەردی سوور دەستەی عیسا بەگیش لەسەر ئەو بەردانە دائەنیشتن بەدەوری قەڵاکەوە ناویان لێنان بەردی سوور، بەرەبەرە تەتەور بەسەر ئەو پیتەدا هاتووە هەتا بووە بەسۆران. ئینجا قەڵاکەی گرت و ناوی ئەمیری و گەورەیی بەهەموو لایەکدا بڵاوبوویەوە، بەڵام من دیسان ئەو ناوە روکەشە بەڕاست نازانم کەسۆران لەبەردی سوورەوە پێکهاتبێ لەوانەیە عیسا ناوی عیسا سوور یان عیسا سۆران بوو بێ بەناوی سۆرانەوە ئەو ناوە تەتەوری کردبێ وەکو بادین ـ بادینان، سوور ـ سوران. لەپاش دامەزراندنی بناغەی دەوڵەتی سۆران عیسا بەگ مرد، گەورەی سۆران کەوتە دەست شا عەلی بەگی کوڕی لەپاش مەودایەك گەورەیی و حوکمڕانی ئەویش مرد، چوار کوڕی لەپاش بەجێما میر عیسا ـ میر بوداق ـ میر حەسەن ـ میر سیدە، وڵاتی سۆرانیان لەخۆیان دابەش کرد، حەریر کەدابەزگای ئەمیرەکانی سۆران بوو درا بەعیسا بەگی برا گەورە، بەڵام ئەو حکومەتە تازەیە بەدەستی بابانیەکانەوە لەهەراسدا بوون. ئەمیر عیسا لەشەڕێکدا بەدەست ئەمیر بوداقی بابان کوژرا، حکومەتی سۆران کەوتە دەست پیر بوداقی برای، ئەویش ناوچەی سماقوڵی خستە سەر وڵاتی سۆران، لەدویدا حکومەتی سۆران کەوتە دەست ئەمیر سیدەی کوڕی شاە عەلی بەگ، کەناوی بەسەخاوەت و ئازایی دەرکرد بوو، لەپاش مردنی باوکی لەشەقڵاوە دائەنیشت. ئینجا لەگەڵ

پیربوداقی بابان کەوتە شەڕەوە پیر بوداقی لەتۆڵەی ئەمیر عیسای برای کوشتەوە. بەشەکەی ئەمیر عیساشی خستە سەر بەشی خۆی کەرکوک و هەولێرو موصلیشی بەشەڕێکی زۆر گەورە لەدەست تورکە قزلباشیەکان دەرهێنایەوە.

خۆی کرد بەگەورەی هەموو ناوچەی سۆران سەربەخۆیی و حکومەتی سۆرانی بۆ جیهان ئاشکرا کرد، لەپاش پەرەپێدانێکی ڕێکوپێکی وڵات جیهانی بەجێهێشت. سێ کوڕی لەپاش بەجێما، بەناوی ئەمیر سیف الدین ـ ئەمیر عزالدین شێر ـ ئەمیر سلێمان، عزالدین شێر سنجاقی هەولێری گرتە دەست خۆی کاتێ کە سلێمان خان بەغدای گرت هەولێری کردە شوێنی خواردەمەنی و چەك و قشلاغ. بنکەیەکی سەربازیان بۆ پارێزگاری هاتوچۆی سەربازو خواربارى سوپا لەهەولێر دانا لەساڵی (٩٤١ هـ) دا لەناکاما عزالدین بەهەندێ شتی ناشیرین خرایە بەرچاوی زاتی شاهانەی ئەستەمبوڵ و فەرمانی کوشتنی عزالدین درا، لەدوای کوشتنی ئەمیر عزالدین سنجاقی هەولێریان بەحسێن بەگی داسنی بەخشی کەیەکێك بوو لەئەمیرەکانی یەزیدی لەوناوە.

سوڵتان سلێمان خان هەموو وڵاتی سۆرانی خستە سەر لیوای هەولێر، سەڵتەنەتی سۆران لەهەموو بارێکەوە کەوتە دەست گەورەکانی بێگانە، ئەمیر سیف الدین کەئەمیری سنجاقی سماقلی بوو ویستی داخێك بەحسێن بەگی داسنیەوە بنێ و تۆڵەی بنەماڵەی سۆرانی لێ بکاتەوە، بەڵام بۆی مەیسەر نەبوو، بەناچاری پەنای بردە بەر بیگە بیگی حاکمی ئەردەڵان، بیگە بیگیش لەترسی سلێمان خان نەیوێرا هیچ کۆمەکێکی پێ بکات، ئینجا بەناچاری گەڕایەوە بۆ وڵاتی سۆران چەند دەستەو تاقمێکی لەخۆ کۆکردەوەو چوو بۆ هەولێر، سنجاقی هەولێری وەرگرتەوە، ئەستێرەی بەختی سۆرانیەکان کەوتە

گەشانەوە ئەمیر سیف الدین لەگەڵ حسێن بەگی داسنیدا کەوتە شەڕەوەو حسێن بەگی داسنی شکاند (٥٠٠) کەسیشی لێ کوشتن و تالانی داسنیەکانیشی کەوتە دەست، هەموو ولاتی سۆرانی گرتەوە دەست خۆی. حسێن بەگی داسنی هەرچەند لەشکری کۆکردەوەو ئەهاتە سەر ئەمیر سیف الدین هەر ئەشکا لەدواییدا لەئاستانەی ئەستەمبوڵ حسێن بەگی داسنی بانگ کرا لەوێ حسێن بەگیان خنکاند لەسزای ئەوەی کەدەرەقەتی ئەمیر سیف الدینی سۆران نەهاتووە، ئینجا لەدەستوراتی شاهانە سوڵتان غازی سوڵتان و حسێن بەگی حاکمی عمادیە لەگەڵ زۆربەی ئومەرای کوردستان هێرشیان بردە سەر حکومەتی سۆران بۆ کوشتنی ئەمیر سیف الدین، بەڵام بەم هەموو لەشکرەوە نەیانتوانی هیچ زیانێك بەئەمیر سیف الدین بگەیەنن، ناچارمان کەبگەڕێنەوە بۆ دواوە بەبێ هیچ دەستکەوتێکی سەرکەوتن. مەودایەکی زۆر بەم هاتی و خۆشیە رابیوارد، بەڵام غروری و سەرکێشی چاوی بەستبوو، بەبێ موازەنەو لێکدانەوەیەك لەگەڵ یوسف بەگی برادۆستدا کەپێیان ئەووت غازی قڕان چوون بۆ دەرباری شاهانە بۆ لێبوردن و دانەوەی ئەو موڵکانەی کەوا لەحکومەتی سۆران داگیرکراوە، بەڵام بەپێچەوانەی داخوازو مەبەست بەتاوانی کردەوەکانی کوشتیان.

قولی بەگی سلێمان بەگی میر سیدە

لەکاتێکدا کەتایەفەی داسنیەکان ولاتی سۆرانیان گرتەوە دەست، قولی بەگ لەگەڵ داسنیەکاندا کەوتە شەڕ، بەڵام بەداسنیەکان نەوێرا هەلات چوو بۆ لای شاە تەهماسب لەئێراندا. داسنیەکانیش لەتۆڵەی ئەو غەرەزو کینەیەی کەلەگەڵ سۆرانیەکان بویان هەلیان بۆ رێکەوت دەستیان دایە خراپەکردن بەئەندازەیەکی زۆر ستەمیان لەگەڵ سۆرانیەکان بەکار هێنا کەهیچ کاتێك

حەجاجی کوڕی یوسف و سعدی کوڕی زیاد شتی وایان نەکردووە. چەند پیاوێکی سۆران چوون بەدوای قولی بەگدا کەبگەڕێتەوە بۆ وڵاتی سۆران قولی بەگ کەزانی شاه تەهماسب هیچ کۆمەکێکی پێ ناکات گەڕایەوە بۆ سۆران و چوو بۆ ئاستانەی سلێمان خان کەمولکەکانی بداتەوە، بەڵام سلێمان خان باوەڕی پێ نەئەکرد، تەنیا سنجاقی سەماوەی لەناوچەی بەصرە پێ بەخشی. لەسەر دەستەبەری حسێن بەگی حاکمی عمادیە قولی بەگ هێنرایەوە بۆ سۆران، ناوچەی حەریریان پێدایەوە. مەودای (٢٠) ساڵ لەو ناوچەیەدا بەگەورە مایەوە. لەدوای قولی بەگ سلێمان بەگی کوڕی بوو بەگەورەی سۆران هەموو وڵاتی سۆرانی گرتەوە دەست خۆی لەشکرێکی (١٣٠٠٠) کەسی کۆکردەوەو چووە سەر عەشیرەتی زەرزە ئەو ناوەی هەموو تاڵان کرد، میر لوای ئەو ناوچەیەی بە (٣٥٠) کەسی لەئاغاوات و فەرمانڕەوای گەورە گەورەی زەرزە کوشت، ماڵو منداڵی ئەو کوژراوانەی بەدیل هێنایەوە وڵاتی سۆران، سوڵتانی ئەستەمبوڵ بەم روداوە زۆر تورە بوو، کەوتە پەراوەی ئەوەی کە سلێمان خان تەنەبێ بکات، بەڵام سلێمان خان پێش دەستی کرد. دەستەیەکی زۆری لەقزلباشیەکانی شیعەی ئێران بەماڵو منداڵەوە بەدیل گرت و ناردنی بۆ سوڵتانی ئەستەمبوڵ، زاتی شاهانە بەم ئیشە زۆر شادومان بوو و سلێمان خانی لەتاوان ئازاد کرد.

قوباد بەگی ئامۆزای هەندێ جار لەسەر پاشایەتی سۆران بەربەرەکانی لەگەڵا ئەکرد گرتی و بە (١٣) کەسی هاوبیرو باوەڕیەوە کوشتی، سلێمان بەگ بێ رەقیب مایەوە لەوڵاتی سۆراندا لەپاش مردنی سلێمان بەگ حکومەتی سۆران کەوتە دەست عەلی بەگی کوڕی هەتا ساڵی (١٠٠٥ هـ) ئینجا خانزاد خاتونە خوشکی سلێمان بەگ بوو بەگەورەی سۆران و زۆر بەناوداری وڵاتی سۆرانی

سەرپەرشت کرد. بەلاّم وادەرئەکەوێ کەخانزادی سۆران زۆر گوێی نەدابێتە ژیانێکی سەرداری و گەورەیی لەپاش ئەوەی کەمێردی بەفقێیەکی مزگەوتی خۆیان کرد، باوەڕی گەورەیی و پلەی خاتونیەتی بەرەبەرە هاتە خوارەوە، گەورەی سۆران کەوتە دەست مصتەفا بەگ لەساڵی (١٠٣٢ ﻫ) دا مصتەفا بەگ لەگەڵ سەردار حافز پاشا بەلەشکرێکەوە چووە سەر بەغدا بۆ دەرکردنی بەکر سوباش. کەسەر بەحکومەتی شاە عەباسی ئێران بوو، لەشکری کوردی گەیشتە بەغدا بەکر سوباش بەشەو بەسەری دادان کوشتارێکی زۆری لەکوردەکان کرد، سێ رۆژ لەنێوانی لەشکری کوردو لەشکری حافز پاشا دا لەبەغدا شەڕ بوو. مصتەفا بەگی سۆران لەو شەڕەدا کوژرا جەنازەکەیان گەیاندەوە وڵاتی سۆران.

خان ئاودەل بەسوپایەکی زۆرەوە چووە سەر بەغدا بوستان پاشاش لەشارەزوورەوە بەلەشکرێکی زۆرەوە چووە سەر بەغدا لەو شەڕەشدا کوردێکی زۆر کوژران. بەکر سوباش لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی رێك کەوت بەو مەرجە بەغدا هەر بەدەست بەکر سوباشەوە بمێنێتەوە چش لەوەی کەئەو هەموو کوردانە فیدای مەبەستی تورك و ئێران کران. ئینجا ئەمیر ئوغزی کوڕی عەلی بەگی سلێمان بەگ بوو بەسەرۆکی دەوڵەتی سۆران بەهۆی یارمەتی دانی خەڵکی رەواندوزی بەتایبەتی یارمەتی دانی شەمام ناو کەژنێکی زۆر ئازاو بەجەرگی رەواندوز بوو هاتە سەر دوژمنەکانی کوشت. رەواندوزی کرد بەپایەختی خۆی وڵاتی سۆرانی پێش خست لەساڵی (١٢١٨ ﻫ) دا وەفاتی کرد، شەش کوڕی لەپاش بەجێما. مصتەفا بەگ بوو بەگەورەی سۆران، بەلاّم براکانی مصتەفا بەگ لەژێرەوە دەرگای مخابەرەیان لەگەڵ سلێمان پاشای بابان کردەوە، ئەگەر سلێمان خان بێتە سەر رەواندوز ئەو برایانەی مصتەفا بەگ یارمەتی بدەن بەمەرجێ کە وڵاتی سۆران بەتمر خانی برای مصتەفا بەگ لەسەر

ئەوە سلێمان پاشای بەبە کەحاکمی حەریرو کۆی سنجاق بوو بەلەشکرەوە چووە سەر مصتەفا بەگ، بەڵام مصتەفا بەگ کەزانی بە سلێمان پاشا ناوێرێ بەشەو تاقە سوارە روی کردە بارەگای سلێمان پاشا، سلێمان پاشا کەچاوی بەجوانی و مەردایەتی مصتەفا بەگ کەوت زۆر رێزی لێ گرت و بەخەڵاتکراوی ناردیەوە بۆ رەواندوز. مصتەفا بەگ لەسەر راوێژو تەکبیری شازەمان خانی ژنی، میرایەتی سۆرانی بەمحمد بەگی کوڕی بەخشی لەساڵی(١٢٢٩ ه) دا محمد بەگیش میرایەتی سۆرانی پەسەند کرد بەسێ مەرج.

١/ مصگفی بەگ و دایکی (٩٠٠٠) ریاڵی بدەنێ کەبیدات بەچەك.

٢/ باوك و دایکی دەستکاری ئیشوکاری سۆران نەکەن.

٣/ باوکی بچێتە باڵەکان لەرەواندوز نەمێنێ.

لەساڵی (١٢٣٨ ه) دا مصتەفا بەگ مردو محمد پاشای کوڕی لەجێگای ئەو بوو بەگەورەی سۆران و دەستی کرد بەرێکخستنی سوپاو ئاوەدان کردنەوەی وڵاتی سۆران و ئەمارەتی رەواندوزی پەرەپێدا لەپێش هەموو شتێکدا محمد پاشا ئەمارەتی برادۆست و شیروانی داگیرکردو سەربەخۆیەتی خۆی پەخش و بڵاوکردەوە لەساڵی (١٨٤٦م) دا وڵاتی سورچی و خۆشناو و حەریرو بلباسیەتی خستەسەر ئەمارەتی رەواندوز. ئینجا بەلەشکرێکەوە چووە سەر بابانەکان هەولێرو ئاڵتون کۆپریو کۆیێو رانیەی لێ ستاندنەوە قەڵای دەربەندی رانیەو دوکانی بەرامبەر بەهێزی بابانەکان دروست کرد.

والی بەغدا علی رەزا پاشا بەناچاری ئیعتراف بەحکومەتی محمد پاشای رەواندوزی کرد. مەنسەبی پاشایەتی پێ بەخشی، ئینجا محمد پاشا لەگەڵ یەزیدیەکانی دەورو پشتی بەشەڕ هات لەسەر کوژرانی عەلی ئاغای باڵتەیی. قڕانی خستە یەزیدیەکانەوە تور عابدین و سنجارو عمادیەو عەقرەو زێبارو دهۆك

و زاخۆی خستە ژێر فەرمان و دەسەڵای خۆیەوە، ئینجا تورکەکان بەپێشکەوتنی محمد پاشا تەنگاو بوون، رەشید پاشای والی سیواسیان کرد بەمەئموری ئەوەی کەئاژاوەی محمد پاشا لەناوبەرێ، بەوالی بەغداو موتەصەرفی موصڵیان راگەیاند کەیارمەتی رەشید پاشا بدەن بۆ ئەوەی غەوغاو شۆڕشی دەوڵەتی بادینان و سۆران لەناو بەرن.

رەشید پاشا بەلەشکرێکی گەرەوە هاتە سەر محمد پاشا بەڵام، محمد پاشا بەبێ جەنگ گەڕایەوە بۆ رەواندوز. تورکەکان ئینجا لەشکرێکی تریان بەفەرماندەی ئینجە براقدار ئوغلی ناردە سەر محمد پاشا لەڕەواندوزدا. لەوێشەوە لەشکری بەغداش گەیشتە حەریرو باتاسان، بەڵام لەبەر ئەوەی رێگای گەلی عەلی بەگ گیرا بوو ئەو لەشکرانە نەیانتوانی بچنە سەر محمد پاشا، ئینجا رەشید پاشا بەفێڵ نووسراوێکی بۆ محمد پاشا نووسی کەحکومەتی تورک ئامادەیە بۆ رێك کەوتن و فەرمانی عەفوشی پێ ئەدرێ لەژێر دەستەبەری رەشید پاشادا. هەر لەوکاتەدا مەلای خەتێ کەمەلایەکی خەڵکی خۆشناو بوو لەلای محمد پاشا سوڵتەیەکی بەرزی دینی پێ درابوو بۆ لەشکری محمد پاشا خوتبەیەکی خوێندەوە کەئەمە دەقەکەیەتی // هەرکەسێ شەڕ لەگەڵ لەشکری ئیسلام و خەلیفەی ئەستەمبوڵدا بکات تەڵاقی ئەکەوێ // جا خوتبەی ئەو مەلا چەپەڵە شێتە بوو بەهۆی شکانی ورەی هێزەکانی محمد پاشاو بڵاو کردنەوەیان ئینجا محمد پاشا هیچ چارێکی نەما بەهیوای بەخشینی لەتاوان و ئەو خراپەیەی کەکردویەتی بەرامبەر بەخەلیفەی ئیسلام لەسەر قاقەزەکەی رەشید پاشا خۆی خستە بەردەست تورکەکان، ئینجا رەشید پاشا، محمد پاشای گرت و ناردی بۆ خەلیفەی ئیسلام، رەشید پاشا ئەمری بەخشینی شاهانەی بۆ محمد پاشا وەرگرت، کەبگەڕێتەوە بۆ رەواندوز فعلاً گەڕایەوە گەیشتەو سیواس، بەڵام لەبەر

ئەوەی کەنێوانی رەشید پاشاو رەزا پاشای والی بەغدا ناخۆش بوو رەزا پاشا جورنالێکی بۆ زاتی شاهانە نووسی بوو ئەگەر محمد پاشا ئیزن بدرێتەوە خۆی بەمەسئولی ئیدارەی بەغداو کوردستان نازانێ، چونکە محمد پاشا فکری ئاژاوەو وەرگێڕانی هەر لەمێشکایە لەسەر ئەو نووسراوە زاتی شاهانە بەبروسکەی نهێنی والی سیواسی ئاگادار کرد کە محمد پاشا بگرێو بی خنکێنێ، والی سیواسیش لەسەر بروسکەی ناوبراو محمد پاشای خنکاند. ئینجا ولاتی ڕەواندوزو سۆران بەتەواوی بۆ تورکەکان بێ قرە مایەوە. محمد پاشاش لەبەر باوەڕو ئیعتمادکردنە سەر کۆلکە مەلاو شێخەکان خۆی و حکومەتەکەی لەناودا ئەو حکومەتەی کە (٤٠) ساڵ بەو سەربەستیە پێیگەیاند بوو، ئەوەڵ کەس بوو کەتۆپی لەکوردستان دروست کرد. محمد پاشا بوو کەئەیویست وەکو ولاتانی سەرکەوتوو خۆی بکات بەخاوەن کارخانەی چەك و باروت دروست کردن، بەلام سەلیقەی سیاسەت ئەوەی پێ کرد کەدیتان، مێژوو بەتەواوی ڕونی کردۆتەوە هەر پێشەواو حکومەتێك باوەڕی خستبێتە سەر دەستەو ئیدارەی شێخ و مەلا سەر نەکەوتووە. لەو ناوچەیەدا لەدوای محمد پاشا، رەسوڵ پاشای برای مەودایەك حوکمڕانی ولاتی سۆران و رەواندوزی کرد بەلام لەدوایدا سەری بۆ دەوڵەتی تورك شۆڕ کردو کردیان بەوالی شاری وان لەساڵی (١٢٩٢ ﻫ) دا رەسوڵ پاشا لەئەرزڕوم وەفاتی کرد لەساڵی (١٢٩٨) دا.

### ٤١ـ هەمزە ئاغای مەنگوڕ

یەکێك بووە لەئاغا هەڵکەوتووەکانی مەنگوڕ کەبەئاغاواتی مەنگوڕ ئەڵێن کادەروێشی گوایا باپیرە گەورەیان بەکاك دەروێش ناوبراوە، جالەئاغایانی مەنگوڕ هەمزە ئاغا ناو لەزەمانی فتح عەلی خانی قاجاریدا دەست ئەکات

بەخراپەکردن و پەلاماری عەشایەرەکانی دەوروپشتی خۆی ئەدات و ئەچێت بۆ سەر ورمێ. ناوچەی سەردەشت و بانەو سەقزو بۆکان و سابلاغ و شنۆو لاجان ئەگرێ، ناوی ئازایەتی و دەسەڵاتدارێتی بۆ بڵاوئەبێتەوە، ئەو چەند یادکراوانەی خوارەوە لەیادگارەکانی ئەون: (هەرچی ریشی سوور بوو لات وایە هەمزە ئاغایە - گوللەو باروتی هەمزە ئاغای و تەق لەکەندالێ - بەرمبی هەمزە ئاغای دەپێوم - ئەمری هەمزە ئاغایە نابێ بۆق بقێڕێنێ).

جا هەمزە ئاغا مەودایەکی زۆر بەو سەرکەشیەوە لەئێراندا رائەبوێرێ هەتا شەڕێکیشی لەگەڵ پشدەردا کردوە، میراودەلیەکان هەڵاتون چوون بۆ بەری شینکایەتی لای ماوەت و دویان کەوتووە چۆتە دێی زەرون لەو دێیە ئەبێت کەنۆکەرێکی هەمزە ئاغا قوونی ئاوەتە ناو تەشتێکی دۆشاو و تارەتی پێ ئەگرێ، هەمزە ئاغا بەنۆکەرەکەی ئەڵێ بایز - دایەت والێ دەکەم ئەوە چی ئەکەی بایزیش ئەڵێ هەمزە لەژنێت بەم ئەوە تەئریخت بۆ دروست دەکەم، لەپاش (٢٠٠) ساڵی تریش ئەگێڕنەوە کەمەنگوڕان لەسفرەو زەروندا تارەتیان بەدۆشاوی پژدەریان گردووە. دیسان لەدێی وەستا سلێمانی سەرچەمی ئاڵاوەی پژدەر هەمزە ئاغا شەوێك ئەمێنێتەوە بانگی ئاواییەکە ئەکەن و ئەڵێن هەمزە ئاغا خەوی لیناکەوێ ئەگەر بۆق بقیڕێنێ، خەڵکی دێیەکەش تەنگاو ئەبن کوێخای (وەستا سلێمان) دێنێ سێ چوار حەیوان سەر ئەبڕێو ریخۆڵەکانیان هەتا پشتی ئاوایی گرد بداغ لەناو جۆگاکەدا رائەکێشێ بۆ ئەوەی ئاوەکە بیان جوڵێنێتەوەو بۆ قەکان بەماری بزانن و لەترسان نەقیڕێنن، بەو تەکبیرە لەچنگ بۆق قیڕاندن و سزای هەمزە ئاغا ئەو دێیە رزگاریان ئەبێ. وەختێ کەوڵاتی نەغەدەو سندوسیش ئەگرن رمبی هەمزە ئاغا ئەبەن شتی پێ دەپێون و تاڵانی پێ بەش ئەکەن، جاوا دەردەکەوێ تازە سەرەتای تفەنگ و باروت بووە تفەنگ

کتێبخانەو ئەرشیفی ... میراودەلی

تەقاندن نایاب بووە جاپیاوەکانی هەمزە ئاغاش هەروا نیشانیان داکردوەو تفەنگیان پێوەناوە، جابۆیە وتویانە گوللەو باروتی هەمزە ئاغای و تەق لەکەندالی، بەمانا دڵیان بەئەرکی گوللەو باروتەوە نییە.

وادەرئەکەوێ کە هەمزە ئاغا پیر بووبێ و ریشی لەخەنەدابێ، بۆیە وتویانە هەرچی ریشی سوور بێ هەمزە ئاغا نییە.

جا شای قاجاری کەئەو هەموو کردەوە ئازایەتیە لەهەمزە ئاغا ئەبیستێتەوە، بڵاوی ئەکاتەوە کەهەر کەسێ سەری هەمزە ئاغای بۆ بەرێ بەکێشی سەری هەمزە ئاغا پارەی خەلات بکات. لەدوایدا بەئاشتی لەگەڵ هەمزە ئاغادا رێك ئەکەوێ داوای هەمزە ئاغا ئەکات چاوی پێبکەوێت، هەمزە ئاغاش بۆ زیارەتی شا ئەچێ بۆ تەهران، شا زۆر رێزی لێ ئەگرێو خەلاتی ئەکات و بەناوی ئەمیر العشایر فەرمانی بۆ دەردەهێنێو ئەینێرێتەوە بۆ ناو مەنگورایەتی، بەلام لەنێوانی هەمزە ئاغاو شادا شتێکی زۆر سەیر روو ئەدات، شا نێرگەلە ئەکێشێ بانگی نێرگەلەچیەکەی ئەکات نێرگەلەیەکی بۆ تێ بکات، نێرگەلەچی نێرگەلەکەی بۆ دائەنێو ئەچێ بەمەقاشی پولو پشکۆی بۆ دێنێ، جا واباو بووە هەتا پاشا فەرمانی نەدابێ نێرگەلەچی نەیتوانیوە ئاگر لەسەر نێرگەلەکە دابنێ، بۆ ئەوەی کە هەمزە ئاغا بەسامی شاهی بترسێ شا فەرمان نادات کەئاگرەکە بخاتە سەر نێرگەلەکە دووجار کابرای نێرگەلەچی پشکۆ دێنێ و بەدەم مەقاشەوە ئەبێت بەخۆڵەمێش، بۆ جاری سێیەم ئینجا فەرمان ئەدات ئاگرەکە بخاتە سەر نێرگەلەکە، هەمزە ئاغاش چاوی لەم ئیهانەو خۆ هەڵکێشانەی شاو نێرگەلەچیەکەیە. هەمزە ئاغاش بۆ ئیهانەی بەربەرەکانی شا بانگی قەلنەدارەکەی خۆی ئەکات کەناوی پیرۆت ئەبێ، ئەڵێ پیرۆت قەلەنێکم بۆ تێ بکە پیرۆتیش بەقەلەنە درێژەکەی هەمزە ئاغا قەنەێکی زۆر بەداو ناو تێ

ئەکاو ئەیبا بۆ هەمزە ئاغا، ئەچێ پولوێکی کەشکانیشی بۆ بەدەستەوە ئەگرێ، بەرامبەری هەمزە ئاغاو شادا رائەوەستێ، پولو پشکۆشی وابەڕوتی بەپەنجەوە گرتووەو شاش چاوی لییە، هەمزە ئاغا ئاڵێ پشکۆیەکە بخەرە سەر قەلەنەکەم، پشکۆ لەدەستی پیرۆتدا ئەکوژێتەوە هەموو سەر پەنجەو پیتکەی پیرۆتی هەژار دائەپڵۆخێ. ئینجا پیرۆت ئەچێتەوە پولویەکیتر دێنێ، هەر بەوپێیە لەبەر چاوی ئەو پولوەش ئەکوژێتەوە ئینجا بۆ جاری سێهەم هەمزە ئاغا ئەڵێ پیرۆت پولوەکەت بێنە، ئینجا شا دڵی هەمزە ئاغا ئەداتەوە هەمزە ئاغاش ئەڵێ پاشام هەتا ئێستا هەمزە ئاغا سەری بۆ کەس شۆڕنەکردووە، تۆش نابێ بەمەقاشی نێرگەلەچیەکەت بم ترسێنی کەتۆ نێرگەلەچی وات هەیە منیش قەلنەداری وەکو پیرۆتم هەیە. هەمزە ئاغا بەچاو پێکەوتنی شاو رێک کەوتن لەگەڵ حکومەتی ئێراندا واز لەسەرچڵی و ئاژاوە نانەوە ناهێنێت. ئینجا شای ئێران بەتوڕەییەوە لەشکرێکی زۆر ئەنێرێتە سەر هەمزە ئاغا، هەمزە ئاغا ئەشکێت لەسابڵاغدا ئەیگرن و ئەی خنکێنن ئینجا ئاژاوەی مەنگوڕو هەمزە ئاغا لەناو ئەچێ بەدەست قاسی میرزای فەرماندە. لەدوای هەمزە ئاغا، کاك اللە ئاغا برای هەمزە ئاغا گەورەی عەشیرەتی مەنگوڕ وەرئەگرێ ئینجا گەورەیی ئەکەوێتە دەست بایز پاشای کاك اللە ئاغا ئەویش لەدەوری خۆیدا ئەیەوێ بەسەر نەخشەی هەمزە ئاغادا بڕوات، دەستئەکات بەخراپەکردن لەگەڵ عەشایەرو حکومەتی ئێران و توران. بەڵام نازانم هەمزە ئاغا لەکام تایەفەی کادەروێش بێ، چونکە کادەروێش مەنگوڕ بەناوی دایکەوە ناو ئەبرێ نەمگوڕ بریتین لەچوار بەرەی دایك.

١/ تایەفەی شەمی.

٢/ تایەفەی زێڕنی.

٣/ تایەفەی ئامانی.

٤ / تایەفەی مروتی.

ئیدارەی وڵاتی مەنگوڕان ئەکەوێتە دەست کاك اللە ئاغاو بایز پاشای مەنگوڕ کەئەو بایز پاشایە زۆر سەرکێش و سەرچڵ ئەبێ هەمیشە لەگەڵ عەشایەری پشدەرو سویسنی و مامەش و زەرزەو دیبکری و گەورکا، قڕەو جەنگی ئەبێت، تورکەکان ئەیگرن و ئەیبەن بۆ ئەستەمبوڵ ئەیخەنە زیندانی سوڵتان عبدالحمیدەوە. پاڵەوانێك لەئەورووپاوە دێتە ئەستەمبوڵ بۆ جلیت بازی کەئەم سوارە بەپاڵەوانی عالەمی ناوی دەرکردووە، لەیاری جلیت بازیدا زۆر جلیت بازی سوڵتان عبدالحمید ئەبەزێنێ. سوڵتان عبدالحمید زۆر دڵ تەنگ ئەبێ کە لەهەموو وڵاتی عوسمانیدا جلیت بازێکی وانیە ئەو کابرایە لەناوبەرێ وەکو شێر لەمەیداندا راوەستاوەو تیکەی سمێڵی دێت. صەدری ئەعزەم بیرئەکاتەوە کەلەفەنی جلیت بازیدا عەشایەری مەنگوڕ لەهەموو کەسێك پێشکەوتووترن و بایز ئاغای مەنگوڕیش وا لەزیندانی سوڵتان عبدالحمیدا دایە، عەرزی زاتی شاهانە ئەکەن کە بایز ئاغای مەنگوڕ لەفەنی جلیت بازیدا زۆر هەڵکەوتووە مۆڵەت لەپاڵەوانەکە وەرئەگرن بۆ چەند رۆژێك ئەنێرن بایز ئاغای گەورەی عێلی مەنگوڕ لەزیندان دەردێنن و چەند رۆژێك خزمەتی جوانی ئەکەن و جلوبەرگی خاوێنی ئەکەن بەبەردا، ئینجا لەرۆژێکی تایبەتیدا بایز ئاغا دێننە مەیدانی جلیت بازی عالەمی، نوماینەدەی هەموو وڵاتێکیش لەو یاریەدا کۆئەکرێتەوە. بایز ئاغاش سواری ئەسپێکی زۆر جوان ئەکەن و جلیت و کەلوپەلی جلیت بازی لەسەر داخوازی خۆی بۆ رێك ئەخەن، ئینجا جلیت بازەکەی ئەورووپی لەپرتاوی غارا چەند جلیتێك دادەوەشێنێتە بایز ئاغا، بایز ئاغاش بەوەستایانەو شارەزایانەوە لەپاش را جلیتەکان ئەقۆزێتەوە ناهێڵێ پێی بکەون ئینجا نۆرە ئەگاتە سەر بایز ئاغا کابرای ئەورووپی تەنگاو ئەکات هەتا ئەیگەیەنێتە نزیکی کورسیەکەی سوڵتان عبدالحمید جلیتێکی لەپشت ئەدا لەسنگی ئەچێتە دەرێ کابرای پاڵەوانی عالەمی ئەورووپی لەبەر پێی سوڵتان عبدالحمیددا ئەکوژێ، ئینجا

سوڵتان عبدالحمید لەقەبی پاشایەتی ئەداتێ و بەخەڵاتکراوی ئەی نێرێتەوە بۆ نێو مەنگوڕان و جاریەیەکیشی پێ ئەبەخشێو فەرمانی گەورەیشی بۆ دەردێنێ.
لەپاش مردنی بایز پاشا، حسێن ئاغای کوڕی بوو بەڕەیس عەشیرەتی مەنگوڕ لەپاش چەند سەرکەشیەك حکومەتی ئێران گرتی و بردی بۆ تەهران لەدەوری رەزا شادا لەسەر ئەوەی کەپێش میراودەلیەکان کەوتووە بۆ شەڕی سەردەشت لەکاتی کە مەلاخەلیلی گوڕەمەڕ لەگەڵ حکومەتی ئێراندا کەوتە شۆڕش لەسەر پۆشینی جلی زناریو قلنەسوت یەعنی شەپقەو چاکەت و پانتۆڵی سویل، حکومەتی رەزا شا، حەسەن ئاغای بەڕەڵا کرد لەگەڵ هەمزە ئاغای ئامۆزایدا کەشۆڕشی مەلاخەلیل بکوژێننەوە، بەڵام بەگەڕانەوەی ئەوان شۆڕشەکە گەرم داهات دوایی کەشۆڕشی مەلاخەلیل تێك چوو حەسەن ئاغا هاتە ناو مەنگوڕی گەرمێن و بەسەرۆکی عەشیرەتی مەنگوڕ مایەوە، مەنگوڕی ئێرانیش هەروا لەلایەن عبداللە بایز پاشا ئیدارە ئەکرێ هەتا ئەو تەئریخە. علی حەسەن ئاغاش هەتا ئەو تەئریخە بەگەورەی مەنگوڕی گەرمیان مایەوە لەساڵی (٩٨٣) دا عەلی ئاغای رەئیس عەشیرەتی مەنگوڕی زودی لەدێی شەرویت لەلایەن حکومەتەوە ئیعدام کرا بەتاوانی ئەوەی کەگوایا عەلی ئاغا ناردویەتی لوغمێکی بۆمبایان لەسەر رێگای ئیستخباراتی عام داناوەتەوە لەدێی شەرویت چەند زابتێکی عەسکەری گەورەی پێ کوژراون لەسەر ئەوە عەلی ئاغاو کوڕەکەی و چەند پیاوێکی ئیعدام ئەکرێن. بەڵام لام وابێ ئەم لوغمە پێشمەرگە نابێتیەوە بۆ ئەوەی کە عەلی ئاغا توش ببێ، چونکە عەلی ئاغا لەوسەروبەندە لەترسی پێشمەرگە لەقەڵادزێ دانیشتو و مووچەی (٥٠) ئەفسەری وەرئەگرت بەناوی حەرەسی حدودەوە.

## ٤٢ ـ عەشیرەتی مللی

دەوڵەتی تورك بۆ هەندێ بەسەرهاتی ئیداری وڵاتی ماردینی خستە سەر بەغدا خەڵکی ئەو ناوچەیە (٣) بەش بوون لەتورك و عەرەب و کورد پێکهاتبوون، بۆیە پێیان ئەوتن عەشیرەتی مللی، بەڵام بەشی کوردەکان لەبەشەکانی تر زۆرترو ئازاتر بوون، تەیمور پاشا کەسەرۆکی ئەو عەشیرەتە بوو زۆر ئازاو هەڵکەوتوو بوو و لەخزمەتی حکومەتی تورکدا مەنسەبی پاشایەتی وەرگرتبوو، دەستەو دائیرەیەکی چەند پیاوکوژی لەخۆی کۆکردەوە، ئیدارەی ناوچەی ماردینی لەدەست بەغدا هێنابووە دەرەوە. سلێمان پاشا بۆ کوژاندنەوەی شۆڕشی تەیمور خان لەبەغداوە بەلەشکرێکی (٣٠٠٠٠) نەفەری کوردو تیرەکانیتر گەیشتە موصڵ لەساڵی (١٧٩٦ م) دا.

بێجگەی لەوەش کۆسە مصتەفا والی حەلب، ئیبراهیم پاشا والی رەقە، رەشوان زادە والی مەلاتیە لەسوریەوە بەهاواری سلێمان پاشاوە هاتن، بەڵام تەیمور پاشا خۆی لەبەر ئەو لەشکرە زۆرە رانەگرت هەڵات چوو بۆ حەلب. سلێمان پاشاش خراپەیەکی زۆری لەگەڵ عەشایەری مللیدا کرد. سەعدونی برای تەیمور پاشاو محمود بەگی ئامۆزای خنکاند، لەپاداشتی ئەو سوکایەتیەی کە سلێمان پاشا بەسەر عەشیرەتی مللی هێنا بوو، ئیبراهیم بەگی کرد بەگەورەی عەشیرەتی مللی لەساڵی (١٧٩٧) دا تەیمور پاشا چوو بۆ بەغدا داوای بەخشینی لەسلێمان پاشا کرد، ئەویش فەرمانی بەخشینی دایەو کردی بەوالی رەقە، گەورەی عەشیرەتی مللی بەڕێزە کەوتە دەست ئەیوب بەگی تیماوی بەگی نەوەی تەیمور بەگ. بەڵام لەبەر ئەو کوشتارەی کە سلێمان پاشا لێی کردبوون، عەشیرەتی مللی زۆر بێهێز بوو بوون، عەشیرەتی شەمەڕۆ ـ تەی عەرەب بەهەلیان زانی پەلاماریاندا، دانیشتوانی ئەو ناوەیان دەرکردو خۆیان لەجێگای

ئەوان جێگیر بوون، بەڵام ئەوەندەی پێ نەچوو کە محمود بەگی نەوەی تیماوی بەگ پەلاماری عەرەبەکانیدا لەخاکی خۆیاندا دەریپەڕاندنەوەو کوردەکانیان هێنایەوە سەر جێگاو شوێنی خۆیان، شاریان کرد بەمەرکەزی خۆیان ئەوەندەی پێ نەچوو کەوالی دیاربەکر لەگەڵ محمود بەگدا کەوتە شەڕو محمود بەگی گرت.

## ٤٣ ـ موش و وان

لەناوچەی موش و واندا ئیدارەی بەگ لگەکانی کورد بەدەست فڕوفێڵی تورکەکانەوە زۆر ناخۆش بوو، محمد دەروێش پاشا کوردەکانی ئەو ناوەی ئامادەکرد بوو کەلەدژی ئیدارەی تورك هەستنە سەرپێ، بۆ ئەوەی کەکوردەکان دیسان توشی ئازارو جەفاو سەر شێواوی ببنەوە حافز عەلی پاشا بەلەشکرێکەوە چوو بۆ سەر وان محمد دەروێش پاشای گرت و خنکاندی و دەستخەڕۆ کراوەکانی کوردیشی زۆر لەگەڵا کوژران.

لەساڵی (١٨٢١م) دا محمد عەلی میرزا حاکمی کرماشان و عەباس میرزا حاکمی ئازربایجان زۆر لەدژی یەکتربوون هەندێ جار دانەمرکانی ئاژاوەی ئێرانیان ئەخستە سەرشانی بابانەکانەوە، عەباس میرزا بێ هیچ لێکدانەوەیەك پەلاماری ناوچەی وانیدا بۆی چووە ناو خاکی تورکەوە بەبێ هیچ ئاگاداریەك هەتا موش رانەوەستا، لەوێ لەگەڵ لەشکری سەلیم پاشای تورکدا کەوتە شەڕ، لەشکری ئێران سەرکەوت هەتا ناوچەی بایەزیدو دیاربەکری گرت، کوردێکی زۆری لەوناوەدا کوشت، ئەمیر محمد عەلی میرزاش بەرێگای شارەباندا چووە سەر بەغدا، بەڵام داود پاشا والی بەغدا ئەو لەشکرەی گێڕایەوە بۆ دواوە، لەشکری عەباس میرزا لەگەڵ لەشکری جەلال پاشا لەتەراق قەلعە بەرەنگاری یەکتر ئەبن لەشکری عەباس میرزا ئەشکێ، لەدوای ئەو روداوانە لەنێوانی تورك و

ئێران ڕێك کەوتن دەست پێکرا سنووریان لەسەر نەخشەو دەستووری سوڵتان مرادی چوارەم دامەزراند، بەڵام حکومەتی ئێران بەپێچەوانەی ڕێك کەوتن زەهاوی نەدایەوە بەتورك لەساڵی (١٧٤٨) دا ئێران و تورك تێك چوونەوە، بەڵام حکومەتی ڕوس و ئینگلیز کەوتنە نێوانەوە بەو مەرجەی کەنیوەی وڵاتی زەهاوی و سلێمانیە بەدەست تورکەکانەوە بێ‌و نیوەکەی تریش بۆ ئێران بێ.

## ٤٤ـ ئیسماعیل پاشای بادینان

ئیسماعیل پاشای بادینان هەموو وڵاتی بادینانی گرتە دەست خۆی حوکمی سەربەخۆیی تیا دامەزراند،بەڵام تورکەکان نەیان ئەویست ئەو سەربەخۆیەتیە لەوناوەدا پێك بێت، متصرف موصڵ بەلەشکرێکی زۆرەوە چووە سەر عمادیە کوشتارێکی زۆری تووش هات لەساڵی (١٨٣٥ م) دا لەلایەن ڕەشید پاشاوە ئیسماعیل پاشا گیرا لەزیندانی بەغدا گیانی بەیەزدان بەخشی، ئینجا ئەمارەتی سۆران و بەبێ خاوەن مایەوە تورکەکان لەهەموو لایەکەوە ئەسپی غروری و سەربەخۆیەتیان لەوڵاتی سۆران و ئەردەڵان و بابان و موکریان زەند تاو ئەدا بەئارەزوی خۆیان کوردەکانیان وەکو کاڵا لەبازاڕی مەبەستدا ئەفرۆشت.

## ٤٥ـ میراودەلی و حوسنی بەگ.

عەشیرەتی پشدەر دەورێکی سەربەخۆییان لەپشدەرا ئەگێڕا، نەئەچوونە ژێر دەسەڵاتی تورکەکانەوە چونکە هەتا ساڵی (١٨٨٠) پشدەریەکان سەربەخۆبوون لەگەڵ حکومەتی ئەردەڵان و بابان زەندو سۆراندا ئەژیان و ترسێکیان لەدەوڵەتی تورك نەبوو، بەڵام لەکوژانەوەی ئەو ئەمارەتانەدا تورکەکان ویستیان کەئەو سەربەخۆیەتیە بۆ میراودەلیەکان نەهێڵن، چونکە لەبەر دەسەڵاتداریێتی پشدەریەکان چەند عەشیرەتێکی ناوخۆیان تواند بۆوە، وەکو تایەفەی

میرەسەنەو سکران و نیگار، پەلاماری زۆر عەشایەری دەوروپشتی خۆیاندا بوو وەکو رەبەت و سۆینیسایەتی مەنگوڕو دەشتەتاڵو بانەو ئالان و سیوەیل و شیوەکەڵ جاف و شیلانەو مەرگەو ماوەت، جائەم غروری و سەرکێشیە بووە هۆی ئەوەی کەحکومەتی عوسمانی لەژێر فەرماندەی حوسنی پاشای میر ئالاّدا لەشکرێکی زۆری بنێرێتە سەر پشدەر. پشدەریەکان توانای بەرگری لەشکری حەسنی پاشایان نەبوو لەبناری چۆمی ئالاوی چەند شەڕێکیان لەگەڵ لەشکری حوسنی پاشا کرد بەلاّم شکان، ئینجا سەلیم ئاغای گەورەی پشدەر لەگەڵ مەمەندە قیتی ناودار کەئاغایەکی زۆر ئازاو شەڕکەر بوو و محمود ئاغاو باپیر ئاغاو هەموو بەرەبابەکانی میراودەلی لەسەر ئەوە بڕیاریندا کە حسێن پاشا بکوژن و تۆڵەی ئەو تالاّن و سووتان و دەربەدەریەی لێ بکەنەوە. دوو کوڕی زۆر ئازا پەیدا ئەکەن بەناوی حاجی حەسەنە خڕەو حەسەنە کوێر دوو ئەسپی زۆر شێرەتوو خۆش بەزیان بۆ ئەدۆزنەوە دوو دەمانچەی قەرەبیناو دوو تفەنگی ماتلییان ئەدەنە دەست و تێیان ئەگەیەنن کە بۆ حوسنی کوشتن ئەچن بۆ قەلاّدزێ. نووسراوێك لەحوسنی پاشا ئەنووسن کەئەمانەوێ فەرمانی بەخشینمان بدەیتێ دێین بۆ خزمەتت، سوارەکان رائەسپێرن کەنووسراوەکە نابێ بدەن بەدەست هیچ کەس لەغەیری حوسنی پاشا نەبێ لەکاتی بەرەو روبوونەوەتان لەگەڵ حوسنی پاشادا بەجوتە دەست درێژی قەرەبینا لەحوسنی بکەن و بگەڕێنەوە. جائەگەر دەرچون ئەوا خزمەتی پشدەرتان بەئەنجام هێناوەو تەئمینی شەرەف و ناوێکی زۆر گەورە ئەکەن لەمێژوودا، ئەگەر کوژراشن ئەوا بەشەرەفەوە دەرەجەی شەهیدتان ئەدرێتێ، چونکە لەسەر رێگەی وڵاتی خۆتان دووچاری ئەو مردنە پیرۆزە بوون.

جا لەسەر هەمان دەستورات و تەرتیبات ئەچن بۆ قەلادزێ لەبەر چادری فەرماندارێتی چاویان بەحوسنی پاشا ئەکەوێت و دانابەزن هەر بەسواری نووسراوەکە ئەدەنە دەست حوسنی پاشا لەکاتێکدا کە حوسنی پاشا سەرگەرمی خوێندنەوەی نووسراوەکە ئەبێت ئەو جووتە سوارە نەبەردانە بەقەرەبینایەکانیان وەرئەگەڕێنە حوسنی پاشاو پێوەی ئەنێن و ئاوزەنگی تەقێن لەناو سوپادا دەرئەچن. لەهەموو لایەکەوە سوپا دەستڕێژیان لێدەکەن و بەرناکەون بۆی دەردەچن، لەسەر ئەوە والی بەغدا بەلەشکرێکی زۆر قورسەوە دێتە سەر پشدەر لەشکربەز ئەخەنە داری والی و وسوو بەرەو چەمی قۆڕی لەوناوە وە دێهاتی پشدەریەکان ئەدەنە بەر تۆپ و بۆیان پێ هەڵ ئەگەڕێن. پشدەریەکان خۆیان بۆ ئەکشێن هەتا نیرۆی سەرباز ئەخەنە ناو چالآیی مرەو دەروێنەو بیشیرو کانیلان ئینجا کوڕانی میراودەلییان لێیان رائەپەڕن، لەشکری والی زۆر بەشەپرزەیی ئەشکێنن و عەسکەرێکی زۆر خۆی ئەهاوێتە ناو مزگەوتی دەروێنە لەوێ تەسلیم ئەبن، پشدەریەکان تالآن و ماڵێکی زۆریان چنگ ئەکەوێت لەئاکامدا پشدەرو حکومەت رێك ئەکەون بەو مەرجەی کەتەشکیلاتی پشدەری بکرێ بەبێ هیچ دەستکاریەکی نفوزی عەشیرەتی پشدەری و میراودەلی. جاپشدەریەکان هەروا بەدەست رۆیشت و خاوەن نفوز مانەوە هەتا هەرای گشتی پێگەیی لەساڵی (١٩١٤) دا.

پشدەریەکان چون بۆ غەزای روس لەناوچەی سەردەشت و بۆکاندا شێخ سید گوڵی شێخی سندولان و لەناوچەی بۆکان لەلایەن روسەکانەوە شەهید کرا. لەدوای هەرای گشتی پشدەریەکان وڵاتی ئێرانیان هەتا نەواوی و پاراستان و شیلمان بەری کلوی–یان هەموو داگیرکرد لەگەڵ زۆربەی دێهاتی سویسنیدا.

لەئەیلولی ساڵی (١٩٢٢) دا لەگەڵ لەشکری ئینگلیز بەشەڕهاتن لەدەربەندی رانیە ئینگلیزیان زۆر بەشپرزەیی دەرپەڕاند.

لەساڵی (١٩٢٤)دا شەڕێکی گەورەیان لەگەڵ حکومەتی ئێراندا کرد، لەناوچەی سەردەشتدا لەسەر موڵکەکانی سویسنایەتی عەجەمەکانیان بەشپرزەیی شکاند فەرماندەکەیان کەناوی سوڵتان صەخر بوو بەدیلی هێنایان بۆ پشدەر، لەئاکامدا بەرێك کەوتن دێهاتەکانی ئێرانیان بەحکومەت فرۆشتەوە موقابیل بەپارەیەکی زۆر پشدەریەکان لەهەندێ کاتدا چوونەتە ناو کۆمەڵو شۆڕشی شێخ محمودەوە. جاهەتا ساڵی (١٩٣٨) ناوچەی پشدەرو مەرگە بەبێ تەشکیلاتی حکومەتی مایەوە، بەڵام لەوساڵەدا بەرێك کەوتن حکومەت تەشکیلاتی لەناودا کردن و هاتنە ژێر دەسەڵاتی حکومەتەوە بەرەبەرە نفوزو دەسەڵاتیان توایەوە هەتا گەیشتە دەوری ئیصلاحی زراعی کەنرخێکی وەهایان بۆ نەمایەوە کەمرۆڤ باوەڕ بکات کەپشدەرو میراودەلی خاوەنی ئەو دەورو دەسەڵاتانە بووبن لەکاتی خۆیدا.

## ٤٦ ـ بەدرخان پاشا

لەساڵی (١٨١٢)دا بەدرخان پاشا خۆی کرد بەگەورەی وڵاتی جەزیرەو بۆتان ئومەراکانی وان ـ موش ـ هەکاری لێ ئاڵان بەرامبەر بەحکومەتی تورك سەرپێچی نیشاندا، لەپێش هەموو شتێکدا لەگەڵ دێهاتەکانی جەزیرەو بۆتان بەشەڕهاتن نزیکەی (١٠٠٠٠) کەسی لەئاسووریەکان کوشت بەپێی نووسینەوەی لایارد–ی ئینگلیز کەلەوناوەدا خەریکی تێکبەردانی کوردو ئاسووریەکان بووە، ئەصڵی رووداوی نێوان ئاسووری و کورد وەکو خوارەوە بووە موراسیلێکی دینی ئەمریکی بەناوی / ای کرانت / بوو لەساڵی (١٨٤١) دا بۆ چاندنی تۆوی



هەوالنامەی کتێب

دووبەرەکی لەنێوان کوردو ئاسووریدا زیارەتی سنجاقی هەکاری کرد لەنێوانی کوردو ئاسووریدا دەستی بەشت دروست کردن کرد بۆ تێکدانی نێوانی ئەو دوو هۆزە کەلەکۆنەوە لەیەك نەژادو رەگەز هاتونەتە کوردستان و هەتا ئەو تەئریخە بەیەکەوە ژیاون. ئەو موبەشر (موژدەدەرە) پیاوچاکەی ئەمریکا کرانت ناو مەدرەسەیەکی گەورەی بۆ ئاسووریەکان لەشاری ئاشیتای ئاسووریدا کردەوە، کوردەکان لەسەر ئەوە تورەبوون قەدەغەیان کرد کەهیچ کەسێك بێگانەیان نەچێتە ناو، لەسەر ئەوە کوردەکان پەلاماری مەقەڕی بەتریکی ئاسووریانداو سووتانیان هەندێکی پێ نەچوو لەژێر قیادەی بەدر خانەکاندا پەلاماری ئاسووریەکان درا، لەسەر ئەوەی ئاسووریەکان جزیە نادەن و لەژێر فەرمانی دەسەڵاتداری دەرچوون، بەڵام بەهۆی ستری فورد سەفیری بەریتانیا لەتورکیاو هرمز رسام قونصلی بەریتانی توانیان هەندێ خێزانی دەربەدەرو پەراگەندەی ئاسووریەکان هەڵتوی دەست بەدرخان بگێرنەوە بۆ جێگای خۆیان، سیاسەتی ئینگلیز لەو پیاو چاکیەدا تەنیا ئەوە بوو کەئاسووریەکان رابکێشێ بۆ لای خۆی، نەوەکو بچنە باوەشی روسەوە.

کوشتنی ئاسووریەکان تەئسیرێکی زۆری کردە سەر ئەوروپا. ئەوروپایەکان بابی عالی ئەستەمبولیان هەڵ پێچا کەچارەی ئەو پەلاماردان و تێپەڕاندنە بکات دەستە یاخی بوو لەوناوە نەهێڵێ، نەوەکو لەوە خراپتر شتێکیتر روبدا. ئینجا بابی عالی فەرمانی بەحافز پاشای والی بەغدا کرد کەبچێتە سەر بەدرخان پاشاو لەناوی بەرێ، حافز پاشا بەلەشکرێکی گەورەوە هاتە سەر بەدرخان پاشا. بەڵام بەشکاوی و کوژراوێکی زۆر ناشیرین گەڕایەوە. ئینجا بەدرخان پاشا بەبێ هیچ سێو دوێ سەربەخۆیەتی خۆی ئاشکرا کرد، سکەی بەناوی خۆیەوە لێدا. وان و

سابڵاغ و ڕەواندوزو موصڵو سنجارو سەقزو ویران شارو دیاربەکرو شنۆو ورمێـی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە.

تورکـەکان ئـەم دەسـەڵاتداریەیان زۆر پـێ نـاخۆش بـوو لـەژێر فەرمانـدەی عوسمان پاشادا لەشکرێکی گەورەیان ناردە سەر خالید پاشا لەناوچەی ورمـێدا ئـەو دوو لەشـکرە بەیـەك گەیـشتن لـەو کاتـە پـڕ مەترسـی و تەنگوچـەڵەمەیەدا عزالدین شێری برای خالید پاشا لەخالید پاشا هەڵگەڕایەوە کەفەرماندەی هێـزی دەستەو چەپ بـوو، خـۆی تەسـلیم بەلەشـکری تـورك کـرد، وڵاتـی جەزیرەشـی خستە بەردەست تورکـەکان، خالیـد پاشـا هەنـدێ لەشـکری بەرامبـەر عوسمـان پاشا ڕاگرت و خـۆی گەڕایەوە بـۆ جـەزیرەی پایتـەختی کـورد. بەشـەڕێکی زۆر گەورەوە جەزیرەی لەدەست تورکەکان هێنایە دەرەوە. بەڵام خیانەتی عزالـدین شـێر بـووە هـۆی ئـەوەی کەلەشـکری بەدرخانیـەکان بـشکێو وڵات و دەسـەڵاتداریەکەیان لەچـنگ دەربـچێ. ئینجا خالیـد پاشـا لەقـەڵای ڕوخـدا بـۆ ماوەی (٨) مانگ لەلایەن عزالدین شێری برای و تورکەکان خرایە گەمارۆدانـەوە. لەساڵی (١٨٤٨) دا لەگەڵ دوو کوڕیدا بەدیل گیران و نێردرایە ئاستانە.

## ٤٧ـ عوسمان پاشای بەدرخان

لەساڵی (١٨٧٧) دا کەشەڕ لەنێوان تورك و ڕوس دامـەزرا لەسـەر سیاسـەتی تەوەسـعی نفـوزی دەسـەڵاتی ڕوس، عوسمانیـەکان سیاسـەتێکی کـورد خۆشەویستنیان گرتە بەرچاو لەترسی ئەوەی نەوەکو کوردەکان ببن بەلایەنگری ڕوسـەکان. سـوڵتان عبدالحمیـدی دووهـەم کـوردە دیـل کراوەکـانی هـەموو کۆکردنـەوە بەمووچـەو مەنـصەبێکی بـاش دڵ خۆشـی کـردن. عوسمـان پاشـاو

حسێن کەنعان پاشا کەنەوەی بەدرخان بوون نێردرانەوە بۆ کوردستان کەلەسەر ڕێوشوێنی باپیرانیان پارێزگاری حوکمڕانی بەدرخانیەتی بکەن.

عوسمان پاشا بەڕەسمی کرا بەسەرۆکی حکومەتی کوردی بەدرخانی، جولە مەرگ ـ زاخۆ ـ عمادیە ـ ماردین ـ نصیبینی خستە ژێر فەرماندەی خۆی خوتبەو سکەی بەناوی بەدرخانەوە لێدا، لەگەڵ حسێن کەنعان پاشادا جەزیرەو بۆتانی پایتەختی باب و باپیرانیان کردەوە بەجێنشین فامیلی بەدرخانی، بەڵام بابی عالی بەم پێشکەوتنە شادومان نەبوو لەکاتێکدا کەلەقرەو شۆڕشی روسەکان نەختێ ئەمین بوو، کەوتە سەر پیلانی ئەوەی کەسەرلەنوێ بەدرخانیەکان لەناو بەرێتەوەو نمایندەی تایبەتی نارد بۆلای عوسمان پاشا بۆ چاککردنی هەندێ تەنگوچەڵەمەی نێوانی تورك و بەدرخانیەکان، بەڵام عوسمان پشا بەو مفاوەزەوەو وتووێژە نەختێ کللەی گەرم داهات و لەخۆی بایی بوو، تورکەکان هەلیان چنگ کەوت عوسمان پاشاو حسێن کەنعان پاشایان دەردەست کرد، ئینجا خائینی گەورەی بنەماڵەی بەدرخان، عزالدین شێر لەجێگای عوسمان پاشا کرا بەگەورەی بۆتان لەدوای هەندێ بەسەرهات ئەویش لەگەڵ حکومەتی تورك تێك چوو و گیرا.

## ٤٨ـ شێخ عبدالله شەمزینان

لــەدوای جــەنگی تــورك و روس لەســاڵی (١٨٧٨) دا لەناوچــەی شــەمزینان شۆڕشی کورد لەژێر فەرماندەی شێخ عبدالله دا دەستی پێکرد، لەشکری شێخ بریتی بوو لەصۆفی و دەروێش کەبەناوی دینەوە فەرمانی سیاسیانەی کوردستان دامەزراندنیان پێکهێنا، فەرمانەکانی شێخ وەکو بروسکە بەناو میللەتدا بڵاوئەبووەوەو مێشکی نەخوێندەوارانی پڕ ئەکرد لەدڵ گەرمی دینی، شێخ لەبێ دەسەڵاتی تورك سوودی وەرگرتبوو بەوناوەوە وڵاتی سابڵاغ و موکریان و ورمێی داگیرکرد، لەمەڕاغەدا لەشکرێکی سونی و شیعەی بەلەشکرەکەی کرد زەمانی شا عەباسی صەفەوی زیندو کردەوە شیعەیەکی زۆری لەعەجەمەکان کوشت تەورێزی خستە مەترسیەوە، بەڵام روسەکان ئەو ئاژاوەیان بەهاندان و دەستکاری تورك ئەزانی، لەوە مەترسیەکی زۆریان لێ نیشتبوو لەترسی ئەوەی نەوەکو ئەو ئاژاوەی دەروێش و صۆفیەتیە روو بکاتە روسیا. روسەکان لەشکرێکی گەورەیان هێنایە مەرزەوە، نەوەکو دەروێش و صۆفی لەئاوی ئاراس بپەڕێنەوەو غەزای روس کوشتن بکەن ئێرانیەکانیش لەترسی ئەو لەشکرە هەرچی و پەرچیە ماکویان بەلەشکرێکی گەورە داخست تورکەکانیش لەترسی لەشکری شێخ مەرزی خۆیان قفڵدا بەهەر سێ دەوڵەت پەلەقاژەی ئەوەیان ئەکرد ئەو نەخۆشی دەروێش و صۆفیەتیە لەناوبەرن. بۆ نەمانی شێخ کەوتنە تەلاشەوە. شێخ عبدالله لەوەپتر نەیتوانی بچێتە پێشەوە بەناچاری خۆی خستە بەردەستی تورکەکان، بەڵام لەساڵی (١٨٨٣) دا لەئاستانەوە هەڵات بەڕێگای قەوقازدا چوو بۆ حیجاز لەوێ وەفاتی کرد. ئەگەر شێخ عبدالله شۆڕشەکەی خستبایە سەر بارێکی نیشتیمانی لەو ناوی پڕ مەترسی دەروێش و صۆفیەتیە لای دابایە لەوانە بوو سیاسەتی یەکێك لەو سێ دەوڵەتانەی راکێشابا بۆلای خۆی و تەرزە شۆڕشەکەی بەبارێکی تردا گۆڕابایە.

## ٤٩ ـ شەڕی کوردو ئەرمەن

لەساڵی (١٨٩٤) دا لەنێوانی کوردو ئەرمەنیدا لەناوچەی ساسون ـ هەکاری ـ قارص ـ ئەردەهان شەڕێکی دینی و رەگەزی زۆر گەورە لەنێوانی کوردو ئەرمەنیدا پێگەیی بەدەستکاری دەوڵەتی عوسمانی، چونکە تورکەکان لەسەرکەوتنی ئەرمەنیەکان ئەترسان لەبەر ئەوەی کەئەرمەنیەکان لەکوردەکان پتر خاوەنی خوێندەواری و عیلاقاتی سیاسی دەرەوە بوون، دەستێکی باڵایان هەبوو لەصنعەتکاری و یەکێتی ناوخۆیاندا، لەوە ئەترسان ئەو یەکێتی و حزبگەریەیان لەرۆژێکدا بەژێر خستنی تورک تەواو ببێ، جا کوردەکانیان لەبەر ئەرمەنیەکان راست کرد بۆوە کەلوتی ئەرمەنیەکان بشکێننەوە، جابەو هۆیە لەژێرەوە یارمەتی کوردەکانیان ئەدا ئەو هاندانە لەو ساڵەدا کوردو ئەرمەنی بەشەڕدا، کوشتارێکی زۆر لەنێوانی هەردوولا رویدا، ئینجا حکومەتی روس و ئینگلیزو ئەڵمانیا پروستۆی تورکیان کرد. بۆ راگرتنی ئەو ئاژاوەیەو دەستەبەری سەلامەتی هۆزی ئەرمەنی تائەندازەیەك لەسەر ئەو پرستۆیە تورکەکان ئاشتیان خستە نێوانی کوردو ئەرمەنیەکانەوە.

## ٥٠ ـ ئیبراهیم پاشای مللی

لەساڵی (١٩٠٨) دا ئیبراهیم پاشای مللی کەنەوەی محمود بەگی تیماوی بوو خۆی کرد بەسەرۆکی عەشیرەتی مللی لەڕاست و چەپەوە دەستی دایە خراپەکردن لەناوچەی دیاربەکرو ماردین. دەوڵەتی تورك بەم پێشکەوتنە زۆر

توڕە بوو لەشکرێکی گەورەیان کردە سەرو گرتیان و دووریان خستەوە بۆ سیواس. ئینجا ئیبراهیم پاشا لەسیواسەوە هەڵات چوو بۆ ویران شار وارێکەوت کەحکومەتی عوسمانی لەوکاتەدا تەشکیلاتی عەسکەری حمیدیەی ئەکرد لەناو کوردەکاندا ئەیویست چەند لەشکرێك لەکوردەکان پێك بێنێ بەناوی لەشکری حمیدی شەڕی ئێران و روس و شوێنە سەرسەختەکانی پێ بکات، لەوکاتەدا ئیبراهیم پاشایان کرد بەسەر لەشکرێك لەو لەشکرانە بەڕوتبەی میرمیران خستیانە ناو ئەو تەشکیلاتەوە. ئیبراهیم پاشا لەو سازمانەدا زۆر پێشکەوت هەتا ناوچەی عەرەبەکانیشی خستە سەر وڵاتی خۆی، ناوچەی ماردین و ئورفەو قەرەجداغ و قەرەگێچلی خستە بەر دەستی خۆی، هەتا دەوڵەتی تورك ئیعلانی دەستووری کرد ئیبراهیم پاشا هەروا بەسەرچلی و جەربەزەیی رایئەبوارد. ئینجا حکومەتی دەستووری لەشکری ناردە سەر ئیبراهیم پاشا لەکێوی عبدالعزیز دا گرتیان و خنکاندیان سزای تێکۆشانی ئەویش بەخنکاندن درایەوە.

## ٥١ ـ محمد پاشای داغستانی

دەوڵەتی تورك سوودی لەداهێنراوی دەسەڵاتی روس کرد بەهۆی کەوتنە شەڕی لەگەڵ ژاپۆندا. لەشکرێکی گەورەی لەژێر فەرماندەی محمد پاشای داغستانی نارد بۆ سەر ئێران ئەو لەشکرە موکریان و ورمێ و شنۆو سابلاغیان گرت، روسەکانیش بەهەلیان زانی لەباڵقان شۆرشیان لەدژی تورکەکان نایەوە، تورکیان بەهەرای باڵقانەوە گلاند، روسەکانیش سوودیان لەبێ هێزی تورك وەرگرت ویستیان پەلاماری ناوچەی خوو سەلماس و ورمێ بدەن. تورکەکان ناچار بوون بەپەلەپرۆزە لەشکری ئێرانیان کێشایەوە بۆ ناو تورکیا بۆ ئەوەی

کەبەکوردەکان جەنگی باڵقان بکەن، لەساڵی (١٩١٣) دا لیژنەیەك لەئینگلیزو تورك و ئێران پێکهات بۆ دامەزراندنی نێوان و سنوور. بەڵام پێش ئەوەی کەیاسای سنوور تەواو دابمەزرێ هەرای گشتی بەسەردا هات ئیشەکەیان بەنیوە چڵی مایەوە.

## ٥٢ ـ شێخ سەلیم بەتلیسی

لەساڵی (١٩١٣) دا شێخ سەلیم و شهاب الدین و شێخ علی بەتلیسی کەوتنە سەر ئەو داڵغەیەی کەئەمارەتی بەتلیسی زیندو بکەنەوە لەسەر پەیڕەوی باپیرانیان کوردستانێك لەبەتلیس دابمەزرێنن. بەڵام تورکەکان هەر زوو لەو فکرە گەیشتن پەلاماری ئەو ئەمیرانەیاندا شێخ سەلیم پەنای بردە بەر سەفارەتی روس هەتا هەرای گشتی لەساڵی (١٩١٤) دا دەستی پێ کرد. ئینجا تورکەکان سەفارەتی باڵیۆزخانەی روسیان دەرکرد شێخ سەلیمیان لێ ستاندنەوە لەئاستانە خنکاندیان.

هەوالنامەی کتێب

## ٥٣ ـ هەرای گشتی لەساڵی (١٩١٤)دا

هەرای گشتی لەساڵی (١٩١٤) دا بوو بەهۆی ئەوەی کەکوردەکان (٣٠٠ ٠٠٠) لاویان لەمەیدانی شەڕدا بکوژرێ هەموو ژیانی کورد بکەوێتە ژێر لافاوی هێرشی لەشکری تورك و ئینگلیز لەوڵاتی سوریەو میصرو عێراق و ئێران و توران هەرای گشتی بوو بەهۆی ئەوەی کە (١٥٠٠ ٠٠٠) کورد لەبرسان بمرێ، برسایەتی لەوڵاتی کوردا گەیشتە ئەندازەیەك کەگۆشتی سەگ و پشیلەی مردارەوە بوو و

منداڵی ساوا بخورێت. هۆی ئەو گرانی و قات و قڕیە لەوڵاتی کوردا ئەوە بوو کە وەسائیلی گواستنەوەو هاتوچۆی حکومەتی تورك بریتیی بوو لە کەرو ئێستر لەوڵاتی دوورەوە خواردەمەنی ئەگەیشتە هێزەکانی تورك لەعێراق و ئێراندا ئەبوایە لەخواردن و خوارباری ناوخۆیی کوردەکان خواردنی لەشکرەکانی تورك پێك بێ، خواردنی ناوخۆیی کوردەکانیش هەر ئەوەبوو کەتورکەکان بەزۆر لەکوردەکانیان ئەساندەوەو دەرخواردی لەشکرەکەی خۆیانیان ئەدا هۆزی کورد لە (١٩١٦ و ١٩١٧) دا بەبێ خواردن و زەخیرە مایەوە، چونکە لەبەر فشاری تورك و روس، کوردەکان لەو ساڵانەدا هیچ کشتوکاڵیان بۆ نەئەکرا، دانەوێڵەو دەغڵو دانیان هەر ئەوە بوو کەسوپای تورك و روسیان پێ بەخێو ئەکرد.

بێگارو سوغرەو رەش بگیریشی هاتبووە سەر لەوە ناخۆشتر دێهاتی کوردەکان چ لەئێران چ لە تورك و عێراق هەمووی سووتابوون پتر ناوچەی ئەرزڕوم هەر وێران کرابوو خەڵکی ئەو دێهاتانە داباری بوونە ئەو شوێنانەی کەنەسووتابوون ئینجا سووتاو نەسووتاو وەکو یەکی لیهاتبوو وەکو لافاوێك کوردی ئێران و تورکیا روی کردە عێراق و سوریە. لەبن چۆڕاوگەی گوێسوانان پیرو گەنج و منالّ گیانیان بەئاوزنگ دانی برسایەتی دەرئەچوو (٣) کیلۆ گەنم بەیەك لیرەی ئاڵتون چنگ نەئەکەوت لەبەهاری ساڵی (١٩١٧) دا خواردنی گشتی بریتیی بوو لەگیاو گوڵ وەکو خەرتەلەو گلگوی ناو دەغلان و بەری درکەزی و کنگرو زۆر گیای تر زۆر تری خەڵکەکە بەم گیایانە مردن کەهاوین داهات خەڵکەکە لەو باوەڕەدان ئەگەر ئینگلیز لەو ساڵەدا نەگەیشتبایە عێراق پارەو گاجوت و تۆوی بەسەر فەلاحدا بڵاو نەکردبایەوە زۆربەی دانیشتوانی عێراق بەکوردو عەرەبیەوە هەموویان لەبرسان ئەمردن لەوە ناخۆشتر ئەوەبوو

تورکەکان دوو لەشکریان لەکوردەکان پێکهێنابوو بۆ شەڕی روس و ئینگلیز کەپێیان ئەووت لەشکری (١١ و ١٢) جێنشینی لەشکری (١١ معموره العزيز) بوو جێگای لەشکری (١٢) موصلّ بوو، دیسان (١٣٥) بلۆکی سوارەشیان بێجگە لەو دوو لەشکرە دروست کردبوو کەناویان نابوو (ئیحتیات) پاشەڕۆژ. بێجگە لەهەندێ پەل و لقی جەندرمە ـ دەرەك ـ پۆلیس ـ دژبانی ناوشار کە ئەوانە لەمەرز ئیشیان ئەکرد. بێجگە لەوەش لەئەرزڕومەوە لەشکری (٩) و لەسیواس لەشکری (١٠) لەکوردەکان دروست کرابوو خواردەمەنی ئەو هەموو لەشکرانە لەناو کوردەکان کۆئەکرایەوە. (٣٠٠ ٠٠٠) سەربازی کورد لەو جەنگەدا لەناوچوو ئەوەی کەمابووەوە یان خرابوونە زیندانی روس و ئینگلیزەوە یان بەسەقەت و کوێری ئەسوڕانەوە، جاگرانی سالّی (١٩١٧) و هەرای گشتی سالّی (١٩١٤) دەرسێکی زۆر عیبرەت مەندانەی فێری کورد کرد، کەهێزی ئیستعمار تاچ ئاقارێك لەسەر حیسابی کورد ژیاوە و کوردی بەچەند چاو و ناوێکی سوك دیوەو لەڕوی ئیستعماری تورك دووچاری چەند بەسەرهاتی سووتان و مالّ وێرانی بووە.

### ٥٤ ـ هەرای ئێران

تورکەکان لەئەوەلّی هەرای گشتیدا دوو لەشکری گەورەیان نارد بۆ ئێران بۆ بەرهەلّستی روسەکان یەکێکیان لەقۆلّی خانەقین و کرماشانەوە ئەوەی تریان لەقۆلّی رەواندوزەو سلێمانیەوە بەناوی غەزاشەوە کوردێکی زۆری چەکداری غیرە نیزامیان لەگەلّ شێخ و دەروێش و دێوانەی زەرگوەشێنیان راکێشایە ناو جەنگی روسەوە بەناوی غەزاوە فەرماندەکانی لەشکری تورك لەئێراندا بریتیی بوون لەعومەر ناجی و رەووف بەگ و ئیبراهیم بەگ بەتلیسی و خالید بەگ. ئەو

فەرماندانە لەخانەقینەوە هەتا ئەگاتە تەورێز خستیانە ژێر چەکمەی پرسامی خۆیانەوە. ئیبراهیم پاشا کەپێیان ئەووت فەرمان بەناوی دڕندەو بێ ڕەحمی ناوی بڵاو بۆوە لەپێش هەموو شتێکدا جارێ حسێن خانی حاکمی موکریانی خنکاند، کەئاخیر لاوی بنەماڵەی بابەمیرە بوو لەبۆکان، هەروەها دیسان سیف الدین خانی ئەردەڵانی خنکاند کەفەرماندەی سەقز بوو.

دیسان حەمەخانی بانەشی لەشاری بانە خنکاند، بەناوی یارمەتی نهێنی روس لەدژی خەلیفەی ئیسلام، کەئەو کوردە ناودارانە هەرگیز خیانەتێکیان لەنیشتمانی خۆیان نەکردبوو ئەو نسبەتەی کەئەو فەرماندە دڕندەیە ئەو ئاغایانەی پێ تاوانبار کردبوو هەرگیز لەبیروباوەڕی ئەو گەورە کوردانەدا نەبووە.

بەڵام بۆ ئەوەی لەوڵاتێکی بێخاوەندا بسوڕێنەوە ئەبوو ئەو پیاوە نیشتمانپەرستانە لەناو بەرن لەناوچەی وان - تبلیس - دیلمان بەهەزاران دێهاتی کوردەکان لەلایەن تورکەکانەوە سووتاندرا. ئەرمەنیەکانیش هەلیان چنگ کەوتبوو لەناوچەی بایەزیدو موش و ئاڵەشکردو وان پێش لەشکری روس کەوتبوون، داخی چەند ساڵەیان بەکوردەکانی ئەوناوە رشت دەستیان کرد بەکوشتن و تاڵان و ئەتکی ژنان و سووتانی دێهاتەکانی کورد لەوە ناخۆشتر لەدواکەوتنی هەرای گشتیدا تورکەکان (٧٠٠٠٠٠) کەسیان لەکوردەکانی ئەرزڕوم بۆ ئەنادۆڵی رۆژئاوا کۆچ پێ کرد زۆربەی ئەو کۆچ پێ کراوانە لەسەرماو برسا مردن لەساڵی (١٩١٧) دا ئەو لەشکرە تورکەی کەلەدیاربەکر مەرکەزی گەرم کردبوو لەبەر ژیانی ئەوان خەڵکی ناوچەی موش و دیاربەکرو بەتلیسیان گوێزایەوە بۆ ناوچەی حەلب و ئەتەنە. بەم بۆنەیەوە گوایا خواردەمەنی ئەو وڵاتە هەربەشی لەشکرەکە ئەکات ئەو کۆچ کراوانە لەڕێگادا لەبەر سەرماو

برسـایەتی و رووت و قـوتی و نەخۆشـی بەشـی زۆریـان مـردن ئـەو ڕوداوەی لەشـکرەکەش بـوو بـەهۆی ئـەوەی کەکوردسـتان خاکەکـەی لەناوبـچێ دەردی برسـایەتی و دەربـەدەری بـوو بـەهۆی ئـەوەی کـەئاگایان لـەماف و نیـشتمان پارێزگاری رەگەزو نەتەوایەتی خۆی نەمێنێ.

## ٥٥ ـ حکومەتی شێخ محمودی حەفیدزادە لەسلێمانی

لەبەر ئـەوەی کـەلیوای موصـڵ لـەنێوانی ئینگلیـزو تـورك لـەلۆزان و سـیوەر لەقرەدا بوو، چونکە لیوای موصڵ بەشەڕ نەکەوتبوە دەستی ئینگلیزەوە هـەروا لەسەرچاوبەستنەوە یەکی سیاسیانەی عـصبەت ئومـەم و فەرەنـسا لـە (١٨ ی تشرینی دووهەمی ساڵی ١٨(١٩) دا مۆصلیان لەفەرماندەی گشتی عەلی ئیحسان پاشا وەرگرتبوو جا بۆ ئەوەی کەجارێکیتر لیوای موصـڵ لەچنگ ئینگلیزەکان دەرنەچـێت و نەخرێتـەوە ژێـر دەسـەڵاتی تورکـەکان، ئینگلیزەکـان وایـان بەباشزانی کەنمونەیـەکی سـەربەخۆیی بـەکوردەکان دروسـت بکـەن بیروبـاوەڕی کوردەکـان رابکێـشن بـۆلای ئـەو سـەربەخۆتیەی کـەئینگلیز بـۆ کوردەکـانی پێکهێناوە، جا بۆ سەرپەرشتی ئەو مەتەڵە سیاسیە شێخ محمودیـان دۆزیـەوە کەخاوەنی نفوزی گەورە بوو لەکوردستانی عێراقدا.

١ / نفوزی دینی.

٢ / نفوزی عەشایەری و دەسەڵاتدارێتی.

ئینجـا ئینگلیزەکـان لـە (١٨/تـشرینی دووهـەمی سـاڵی ١٩١٨) دا شـێخ محمودیان لەسـلێمانی کـرد بـەحاکم و گـەورەی کـوردی ئـەو نـاوە، بـەڵام شـێخ محمود لە (٢٠/٥/١٩١٩) ئیعلانی شەڕی لەگەڵ ئینگلیز کردو لێیان هەڵگەڕایـەوە لـەڕۆژی (٢٢/حـوزەیران/١٩١٩) لەدەربەنـدی بازیـان لەگـەڵ لەشـکری ئینگلیـز

بەشەڕ هات. شێخ محمود بەدیلی گیراو حوکمی (١٠) ساڵ زیندانی دراو برایە زیندانی ئیندامانە لەهیندستان لە (٢٢/ئەیلول/١٩٢٢) شێخ محمود بەناوی حاکمێتی کورد هاتەوە سلێمانی ئینجا ئەو کەرەتەش لە (٤/مارت/١٩٢٣) دا شێخ محمود لەگەڵ ئینگلیز تێك چوو، سلێمانی بەجێهێشت و دەستی دایە شاخەکان لە (١٦/ينایر/١٩٢٥) دا لەعصبەت ئەائومەم لیژنەیەك نێردرا بۆ عێراق کەبریتیی بوون لەفون تیلکی هنغاری و مسیوف و یرسن سویدی کولونیل بولیس بەلچیکی بۆ ئەوەی کە لەقەزیەی کوردو لیوای موصڵ بکۆڵنەوە، ئەو هەیئەتە هاتنە بەغداو سلێمانی و هەموو کوردستان گەڕان لەئاکامی لێ وردبوونەوەکەیاندا راپۆرتێکیاندا بەعصبەت ئومەم کەلیوای موصڵ بخرێتە سەر عێراق.

١ / مووچەخۆرەکانی ئەبێ هەمووی کورد بن.

٢ / زمانی کوردی بەڕەسمی ئیشی پێ بکرێت.

ئەگەر کوردەکان ئیشیان بەباشی نەڕوات لەوانەیە بیانەوێ بچنەوە ژێر دەسەڵاتی تورك لەسەر ئەو راپۆرتە عصبت ئومەم لیوای موصڵی خستە سەر عێراق دەوڵەتی شێخ محمودیش لەساڵی (١٩٢٦)دا دوایی پێهات، لەساڵی (١٩٣٠) شێخ محمود خۆی خستە بەردەستی حکومەتی عێراق لەبەغدا خانەنشین کرا هەتا هاوینی ساڵی (١٩٤١) لەبەسەرهاتی رەشید عالی هاتەوە لیوای سلێمانی و لەدێی داریکەلی بەبێ هیچ خەیاڵو هەوایەك دانیشت و دەستی دایەوە کاسبی لە (٨/١٠/١٩٥٦) دا گیانی بەفریشتەی یەزدان بەخشی. جا لەبەر ئەوە کە بەدوورو درێژی بەسەرهاتی شێخ محمودم لەکتێبی // بەسەرهاتی سیاسی کورد لەساڵی ١٩١٤ وە هەتا ساڵی ١٩٥٨ // دا نووسیوەتەوە بۆیە ئاوا بەکورتی دوایم بەشۆڕش و روداوەکانی شێخ محمود هێنا.

هەواڵنامەی کتێب

## ٥٦ ـ ئیسماعیل خانی سمکۆ

لەساڵی (١٩١٦) دا ئیسماعیل خانی شکاك کەناو ئەبرا بەسمکۆ دەستی دایە شۆڕش کردن لەگەڵ حکومەتی ئێرانداو سابلاغ و شنۆو نەغەدەو سندوس و لاجان و خو و سەڵماس و وورمەو میاندواو سانیقلاو بەشێکی زۆری لەتەورێز داگیرکرد، کوشتارێکی زۆری لەسەربازی ئێران و تورکەکانی قزڵباشی کرد، بەلام بەرلەوەی کەلەشکرەکەی زۆر هەرچی و پەرچی و شرەخۆرە بوون، خەڵك نەی ئەویست ئەو لەشکری هۆلاکۆیە سەربکەوێ، بێفەڕی عەشیرەتەکەی بوو بەهۆی ئەوەی کەناوبانگی ئیسماعیل خان بزڕنگێ. لەوە ناخۆشتر ئەوە بوو کە ئیسماعیل خان، ئەمیر شمعونی ئاسووری کوشت، کەئاسووریەکان خۆیان بەخزمێکی خوێنگری کورد ئەزانی، ئەیان ویست لەگەڵ کورد بەیەك هەڵمەت و مەبەست لە لەشکری ئێران و توران بدەن و کیانێکی کوردو ئاسووری دابمەزرێنن کەکوردو ئاسووری هەردوو لەیەك رەگەزو بنەماڵە هاتبنە جیهانەوە، دین و زمان ئاوا لێکی دوور خستبنەوە. روداوی ئیسماعیل خان و کوشتنی ئەمیر شمعون - بەتریکی ئاسووری وەکو خوارەوەیە. کریس نوماینەدەی ئینگلیز کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ بەتریك بنیامین میر شمعون گەورەی ئاسووری کرد کەحکومەتی ئینگلیز ئامادەیە هەموو وێنە یارمەتیەکی ئاسووری بداو لەشکرێك لەهێزی ئاسووری پێك دێنێت و (٢٥) زابتی ئینگلیز دێتە ئێران و ئەچنە ناو لەشکری ئاسووریەوە بۆ دامەزراندنی رەوشتی سەربازی، بۆ ئەوەی لەگەڵ دەوڵەتی تورکدا بجەنگێن، نوێنەری ئاسووری وەلامی دایەوە لەوکاتەدا مەوقفی ئیسماعیل خانی شکاك چۆن ئەبێ کەئێمە عیلاقەدارین بەکوردەوە کریس نوماینەدەی ئینگلیز وەلامی

دایەوە ئیسماعیل خانیش وەکو ئێوە لەگەڵ تورك ئەجەنگێ بابۆ ئەو باسە چاوپێکەوتنێکی ئیسماعیل خانیش بکەین. ئەمیر شمعون بەتریك بنیامین بەم پێشنیارە رازی بوو، صمویل خانی کوڕی فەرماندەی ئاسووریان نارد بۆلای ئیسماعیل خان کەبەیەکەوە کۆبوونەوە بکەن.

ئیسماعیل خان بەخۆشی بەڵێنی دانێ کەلە (١٦/ئازار/١٩١٨) دا لەکونەشار کۆبوونەوە. کە (٢٠) کیلۆمەتر لەدیلمان دوورە لەپێش مەوعیدی چاو پێکەوتن بەتریك میر شمعون لەلایەن جولەکەیەکەوە ئاگادار کرا کە ئیسماعیل خان بۆ کوشتنی ئەمیر شمعون هەندێ تەرتیباتی کردووە، بەڵام ئەمیر شمعون باوەڕی بەم هەواڵە نەکرد، ئەو وێنە روداوانەی لەئیسماعیل خان ئومێد نەئەکرد لە (١٦/ئازار/١٩١٨) بینیامین بەتریك میر شمعون لەگەڵ قائیدێکی روسی کوندرا تیف ناو بە (٣٠٠) سەربازی چەکداری ئاسووریەوە چوون بۆ چاوپێکەوتنی ئیسماعیل خان. لەشکری ئیسماعیل خان حرس الشرف یان بۆ ئەمیر شمعون دەرکردو بەئیحترامەوە وەریان گرت لەنێوانی ئیسماعیل خانی سمکۆو بەتریك بنیامین میر شمعون ـ داوودی برای سمۆیل خان زەعیم ئاسووری وترغاوەرو کوندرا تیف عقیدی روسی سپی وتووێژ کرا، چاوو نانیان بەیەکەوە خوارد، لەکاتی لێك جیابوونەوەدا ئیسماعیل خان و میر شمعون چوون بۆلای عەرەبانەی سواری میر شمعون ـ ئیسماعیل خان بەفێڵێك گەڕایەوە هەر کە ئیسماعیل خان گەڕایەوە دەستیان کرد بەتەقە لەسەربازەکانی ئاسووری و ئەمیر شمعون، ئەمیر شمعون و زۆربەی ئاسووریەکان کوژران. دانیال ـ داوود ـ کوندرا تیف لەگەڵ چەند عەسکەرێك دەرچوون توانیان لاشەی ئەمیر شمعون لەتاریکی شەودا بفرێنن بۆ دێی خەسرەوا لەناوچەی سەڵماس. بەتریکیان لەکەنیسەی مارمریمدا ناشت. ئاسووریەکان بەهێزێکی گەورەوە چوونە سەر ئیسماعیل خان، بەڵام

ئیسماعیل خان دوور کەوتبووەوە چوو بوو بۆ ناوچەی خۆ. ئینجا کوردەکان بایاندایەوە سەر ئاسووریەکان نزیکەی (١٠٠٠٠) ژن و پیاوو منداڵی ئاسووریان کوشت لەسەر فیتنەی کریس ناوی ئینگلیز لەدوایشدا ئینگلیزەکان حاشایان لەوەکرد کە کریس ناویان بۆ هیچ فەرمانێك ناردبێ بۆ لای بەتریك بنیامین. جا کوشتنی ئەمیر شمعون بوو بەهۆی ئەوەی کەئاسووریەکان ئێران بەجێ بهێڵن و خۆیان فڕێ بدەنە باوەشی ئینگلیزو بێن بۆ عێراق. ئیسماعیل خان لەدوای کوشتنی ئەمیر شمعون ئیشەکانی لێ پس پس بوون وسیاسەتی نفوزو ناوبانگی مەدەنیەتی وردە وردە کوژایەوە، ئێرانیەکان بەلەشکرێکی گەورەوە ئیسماعیل خانیان رەتان و ڕویان پێکردە عێراق هەتا ساڵی (١٩٣٠) لەعێراق و مەرزەکانی مایەوە. ئینجا لەگەڵ ئێران کەوتە موخابەراتی ئەوەی کەبچێتەوەو لەئێران دابنیشێ زەمانەتی پیاوچاکی و دڵسۆزی بۆ ئێران پێکبهێنێ. دەوڵەتی ئێرانیش ویستیان بەفێڵێك بیگرن و بیکوژن، ئیسماعیل خانیان بانگ کرد بۆ شنۆ کەچاوی بەڕەزا شا بکەوێ لەشنۆ بۆ وەرگرتنی چاکەی شاه نشاهی ئینجا ئیسماعیل خان لەگەڵ چەند ئاغایەکی هەرکیدا چوو بۆ شنۆ چەکەکانیان لەماڵان دانا بەبێ چەك بەخیابانێکی رەئیسیدا ئەیان بەن بۆ چاوپێکەوتی شا ئەو سەربازانەی کەلەکەمینیدا ئەبن لەهەردوو بەری خیابانی شنۆدا دەستڕێژ ئەکەنە سەر ئیسماعیل خان لەگەڵ چەند ئاغایەکی هەرکیدا ئەی کوژن. ڕۆژنامەیەکی ئێران لەساڵی (١٩٣٠) دا بڵاوی کردەوە کەکوشندەی (١١٠٠٠) نەمری سەربازو دانیشتوی فارس و عەجەمی ئێرانمان کوشتووە جاژیانی ئەو قارەمانەش بەو پێیە لەناو چوو.

## ٥٧ ـ شەریف پاشا

شەریف پاشا کوردەکانی هاندا بۆ داوای سەربەخۆیەتی، دوو پێشنیاری لەگەڵ دوو پارچە نەخشەی کوردستان بەبەرواری (٢٢/مارس/١٩١٩) دا بەکۆنگرێسی ئاشتی و بەهاوڕێیەتی ئەرمەنیەکان داوای مافی کوردو ئەرمەنیان لەکۆنگرێسی ئاشتی کرد. شەریف پاشا بەنوێنەدەی کورد بوو، غوص نوبار پاشاش بۆ نوێنەدەی هۆزی ئەرمەن چوونە مەجلسی لۆزان و عصبت ئومەم، بەپەمانی سیوەر بڕیار درا کەدەوڵەتێکی ئەرمەنی لەناوچەی تەرابزون ـ ئەرزڕوم ـ وان ـ بەتلیس دروست بکەن بەپێی مادەی (٨ — ٩٣) و لەم تەشکیلاتەدا بەناوی کوردەوە تەنها ئیشارەتێکی بچوکیان بۆ کوردەکان خستبوویە ناو ئەو بڕیارەوە کەحوکمی زاتیش لەشەرقی فورات و خواروی وڵاتی ئەرمەن کەبەستراوە بەتورك و سوریەو عێراق بۆ کوردەکان دروست بکەن. بەو مەرجەی کەلەئاکامی لێ پرسینی ئیستفتای گشتی بڕیار دەربچێ کە بەحوکمی زاتی لەژێر ئینتدابی تورکدا بمێننەوە، بەڵام شەریف پاشا ئەو بڕیارو پێشنیارانەی موئتەمەری گشتی و عصبەت ئومەمی بەتەواوی رەتکردەوە، داوای کرد چۆن ئەبێ کورد لەچوار ویلایەتی گەورەدا بێبەش بکرێ لەجێگایەکدا کەزۆربەی دانیشتوانی ئەو شوێنانە کوردن و بەشێکی کەمی ئەرمەنی تێدا دانیشتوون چون ئەبێ (١٥ ··· ···) کورد لەسەربەخۆیەتی خۆی بێبەش بکرێو سەربەخۆیەتی بدرێ بە (٢ ··· ···) ئەرمەنی بڵاو پێکراو ئینجا عصبەت ئومەم هاتە سەر ئەو بڕیارەی کەدەوڵەتێکی کورد لەتورکیادا دروست بکرێ ئەرمەنیەکان بەئەقلیات لەناو ئەو حکومەتەدا بمێننەوەو داوای ماف میللی بکەن، بەڵام لەهەڵگەڕانەوەی مصتەفا کەمال و دەرکردنی لەشکری فەرەنساو ئینگلیز لەئەتەنە ـ أرخیل ـ

کلیکان لەشکری یۆنان لەدەردەنیل و بوسفورو أدرنەو ئیزمیر بوو بەهۆی ئەوەی کەباسی سەربەخۆیەتی کوردو ئەرمەن لەناوا هەڵ بگیرێ. ئینجا ئەرمەنیەکان لەشکرێکی زۆر گەورەیان پێکەوەنا کەلەدوایی لەشکری تورك بدەن لەسەر ئەوەی کەتورکەکان بڕیاری سیوەریان هەڵ وەشاندۆتەوە بەرامبەر بەئەرمەنیەکان جمهوریەتی ئەرمەنی ئاریڤانی روس لەشکرێکی زۆری هێنایە سەر مەرزی تورکیا کەیارمەتی ئەرمەنیەکان بدات لەساڵی (١٩٢٠) دا ئینجا تورکەکان لەژێر فەرماندەی کازم قەرە پاشا لەمانگی (ئاغستوسی ١٩٢٠) دا لەشکرێکی گەورەیان لەکوردەکان پێکەوەنا دەستیان کرد بەکوشتنی ئەرمەنیەکانی قارص و ئاردەهانیان گرت. ئینجا دەوڵەتی روس لەترسی تیاچوونی دەوڵەتی ئاریڤان خۆی خستە ناو باسی بەسەرهاتی ئەرمەنیەوە، صلاح الدین پاشا بەلەشکرێکی گەورەی کوردەوە لەهێڵی کلیکان کێشای بەئەرمەنیەکاندا ئینجا فەڕەنسا لەترسی قڕانی ئەرمەنی ناچار بوو کەمعاهدەی ئەنقەرە لەساڵی (١٩٢١) دا لەگەڵ تورکەکاندا ببەستێ، ئینجا تورکەکان لەسقاریا - أفیون - قەرە حصار لەشکرێکی گەورەیان پێکەوەناو چوونە سەر یۆنانیەکان.

لەشکری یۆنانیان شکاند کوشتارێکی زۆر گەورەیان لەیونانیەکان کرد خاکی تورکیایان لەیونانیەکان پاك کردەوە، ئینجا عصبەت ئومەم پرستۆی تورکی کردو هۆی ئەو کوشتاری ئەرمەن و یونانی لێپرسین. ئینجا تورکەکان وەڵامی عصبەت ئومەمیاندایەوە کەمیللەتی تورك لەو ڕوداوە بێ تاوانە ئەو کوردانە ئەوەیان کردووە کە عصبەت ئومەم داوای ماف بۆ ئەکردن کەسەربەخۆیان بکات جا لەڕاستیدا تورکەکان بەرامبەر بەکوردەکان زۆر بێ وەفاییان کردووە. کوردەکان لەهەموو کاتێکدا بۆ تورکەکان وەکو تیخەی پشت وابوون، هەموو لەشکرو دەنگ و هاوارێکیان بەپشتیوانی کوردەکانەوە بۆ پێك هاتووە، لەهەموو بەسەرهاتێکدا کورد قەڵغانی تورکەکان بووە. کەچی لەغیرە معاملەی بێ ڕوحم

بێ دڵسۆزانە هیچ وێنە چاکیەکی تریان لەتورک نەدیوە، لەجیاتی هەموو چاکەو پاداشتێ کەکوردەکان لەپێناوی تورکدا بەسەریان هاتووە تورکەکان لەهەموو ناوچەی کوردنشینا زمانی کوردیان قەدەغەکردو کەنابێ وتووێژی پێبکرێ بەهەزارانماڵیان لەنیشتمانی کوردا دوور خستەوە بۆ ناوچەکانی تورک زمان بۆ ئەوەی کەکوردەکان زمانی کوردیان بیر بچێتەوەو نەتوانن بەدەنگ و هاواری کوردایەتییەوە بچن تورکەکان لەهەموو کەسێك پتر خەراپەیان لەگەڵ کوردا کردووە ئەگەر هۆزی کورد هۆزێکی ریوەڵەو بێ پێز بوایە دەمێك بوو ئاساری هۆزایەتی لەناو نەئەما، بەڵام چونکە هۆزێکی بەورەو بەهەستە بەم هەموو روداوە سیاسی و گرنگانە لەنەشئەو بیری تایەفەگەری نەکەوتووە.

### ٥٨ ـ قەدەم خێر

لەو کاتەی کەشێخ محمود لەشۆڕشدا بوو بەرامبەر بەئینگلیز لەمەیدانی کارزارا راوەستابوو، قەدەم خێر خانیش لەناوچەی جوانرۆ سەرەڕێ بەدەوڵەتی رەزا شای کوردخۆر گرتبوو، لەگەڵیدا کەوتبووە رژم و گونەڵی سەربەخۆیەتی و کوردایەتی، لەسەر ئەوەی کەڕەزا شا، شامراد خانی برای قەدەم خێری لەناو دابوو، قەدەم خێر بۆ ماوەی (٥) ساڵ پشتێنەی جەنگاوەری لەگەڵ لەشکری رەزا شادا بەست، بەهەزاران مەینەتی بەسەر دەوڵەتی رەزا شا هێنا، بەڵام لەئاکامدا ئەویش هەر ئەو پاشەڕۆژەی بوو، کە سەرۆکەکانی کورد بوویان ئەویش هەر ئەو قۆناغەی بڕی کەسەرداره بەناوبانگەکانی کورد بڕیبویان ئەویش سەری پڕ لەنیازو گەورەی نایە ژێر سەنگی سەنگەساری ژیان لەپێناوی کوردایەتیدا جوانی و تاقی شۆخی خۆی بەخت کرد.

## ٥٩ ـ شۆڕشی شێخ سعیدی پیران

شێخ سعیدی پیران لەتورکیادا لەگەڵ شێخ عبدالقادرو دکتۆر فوئاد شۆڕشێکی گەورە دائەمەزرێنن بۆ رزگارکردنی کورد لەژێر چەپۆکی تورک بڕیار لەسەر ئەوە ئەدەن کە لەڕۆژی (٢١ مارتی ١٩٢٥) کە ڕێکەوتی رۆژی نەورۆز ئەکات پەلاماری هێزی تورک بدەن، لەلایەن جەنەڕاڵ خالید جبرئیل کە ئەندامێکی حزبی بەجەرگ و قائدێکی شارەزای جەنگ بوو تەرتیباتی هەڵمەت و پەلاماردان بۆ ئەو رۆژە ڕێکخرا، بەڵام هێزێکی تورک بۆ گرتنی شێخ سعید ئەچنە دێی پیران بەبێ هیچ گونە فەرمانێك گەنج و دەم روتەکانی سەرچڵی کورد تەقە لەو سەربازانە ئەکەن و ئەیانکوژن لەڕۆژی (٧ مارتی) ناوبراو کەهیچ گونە ئیحزارارتێك بۆ ئەوپێش هاتنە نەکرابوو، فەرماندەکانی کورد لەم رووداو و بەسەرهاتە بێئاگا بوون لەناکاو جەنەڕاڵ خالد لەگەڵ چەند چابگێکی کەبۆ ئیدارەی شۆڕش دانرا بوون ئەگرن شۆڕشی شێخ سعید بێ فەرماندەیی خاوەن شارەزایی و دونیادیدە ئەمێنێتەوە، فەرماندەیەتی لەشکر ئەکەوێتە دەست ئەو کەسانەی کەلەفەنی شەڕ شارەزایەتیان نەبووە ئەو فەرماندە تازانە هەموو هێزەکانی کورد بەمحاصرەو گەمارۆی شارو قەڵا سەختەکانەوە مشغول ئەکەن لایان وائەبێ کەئەو هێزانە بەگەمارۆ دراوی خۆیان ئەخەنە بەردەستی شۆڕشگێڕەکان حکومەتی تورکیش بۆ رزگاری ئەو هێزە گەمارۆدراوانەی بەهێڵی ئاسنی سووریادا (٢٥٠٠٠) سەرباز ئەگەیەنێتە تورکیاو پشت لەهێزەکانی کورد ئەگرن کە هەرگیز شۆڕشگێڕەکان ئەو ئومێدەیان نەبوو کەبەم پێیە بەناو حکومەتێکی تـرا لەشکریان بکەنە سەر عەسکەری تورک لەسەر شێوەیەکی

دڕاندانـە پـەلاماری کوردەکـان ئـەدەن، لەهـەمـوو ناوچـەی سـیواس و ئـەرزڕوم تاقـەراغی دەریـای رەش (٢٥٠) دێ ئەسـوتێنن نزیکـەی نیـو ملیـۆن کـورد لـەو شـەڕەدا لـەناو ئەبـەن لەهـەموو لایەکـەوە دەسـت ئەکـەن بەئـەتك و سـوکی و کوشتنی ژن و منداڵو پیر لە (١٢ نیسانی ٩٢٥) دا شێخ عبدالقادرو دکتۆر فوئـاد محمد تۆفیق محامی لەگەڵ (٩١) ئەندامی حزبی ئەگرن لـە (٢٧ مایسی ٩٢٥) دا لەبەر دەرگای مزگەوتی گەورەی دیاربەکر ئەیان خنکێنن. شێخ سعیدیش لەگەڵ حاجی خالیدو جەنـەڕاڵ ئیسماعیل و یـوز باشـی فـەخری لـە (٢٨ ی حـوزیرانی ٩٢٥) لەگەڵ (٩٣) زەعیمی ناوداری شۆڕش لەدیاربـەکر لەبـەر مزگـەوتی گـەورە ئەیان خنکێنن شۆڕشی ناوداری شێخ سـعیدی پـیران و شـێخ قـادری شـەمزینان بەو پێیە دوایی هات. تورکە خوێنمژەکان بـەو پێیـە پاداشـتی ئـەو کوردانـەیان دایـەوە کەشـەڕی هـەزاران شـوێنی سەختیان پـێکردون و بـەملیۆن لـەپێناوی سـوودی تورکـدا خـوینی خۆیـان رشـتووە. بەسـەرهاتی شـێخ سـعید نـەبڕابۆوە کەشۆڕشـی ئیحـسان نـوری پاشـا لەئاگرداغـەوە دەسـتی پـێکرد بەهـەزاران ژن ومنداڵی کوردیان بەئاگری گولله سووتاند لەسـاڵی (٩٣٠) دا تورکـەکان بەهـەموو بارێکەوە تێئەکۆشان کەهەستی کوردایـەتی لەتورکیـدا نـەمێنێ چـونکە بڕبـڕەی پشتی تورك کـوردە ئەگـەر کوردەکـان لـەتورك جیـا ببنـەوە هـەرگیز تورکـەکان ناتوانن سەرداریەتی و گـەورەی بکـەن چـونکە دانیـشتوانی تورکیـا (٨٠٠٠ ٠٠٠) کوردە جاهۆی دوژمنایەتی لەگەڵ کوردا ئەوەیە کەمەترسی جیا بوونەوە لەکورد ئەکەن، بۆیە لەهەموو بارێکەوە یارمەتی ئەو هۆزانە ئـەدەن کەئەیانـەوێ لەگـەڵ کوردا بجەنگێن و کورد بکوژن.

## ٦٠ ـ شۆڕشی بادینان

بۆ ئەوەی کەتەهدیدی دەسەلاتی ئینگلیز بکرێ لەلیوای موصلدا لەهەموو لایەکەوە پڕوپاگەندەی دینی و تورك خوایەتی بلاوکرایەوە، لەوکاتە شێخ عبدالقادری شەمزینانی لەئەستەمبول دەستێکی گەورەی هەبوو لەحزب دروست کردن و بلاوکردنەوەی هەستی کوردایەتی، فەرماندەیی لەشکری (٦) تورك کە لەکوشتنی ئەرمەنیەکان دەستی بەتاڵ بوو کوردەکانی پڕ چەك کرد بۆ ئەوەی لەسەر لیوای موصل ئاژاوەیەك پێك بهێنن ئەو ئەفسەرە کوردانە کە لە لەشکری تورکیادا ئیشیان کرد بوو ناردیانەوە بۆ عێراق کەشۆڕشێك لەدژی ئینگلیز دروست بکەن لەسەر لیوای موصل، چونکە لەکاتی خۆیدا لە (تشرینی دووەمی ٩١٨) لەلایەن عەلی ئیحسان پاشاوە ولایەتی موصل بەبێ جەنگ تەسلیم بەجەنەڕاڵ کوپ فەرماندەی نیرۆی ئینگلیزو لیچمان کرا. جائەو دەستی هاندانە لەهەموو لیوای موصلا بلاو بۆوە لە (٢٤ ی نیسانی ٩١٩) دا لەلایەن عەشیرەتی کوبانەوە کابتان پرسی کوژراو بناغەی شۆڕش دەستی پێکرا لە (١٥ ی تەموزی ٩١٩) خەڵکی عمادیە لەژێر فەرماندەیی حاجی شەعبان ئاغا مکدوناڵد حاکمی سیاسی ئینگلیزیان لەگەڵ مودیری پۆلیسدا کوشت لە (٩ ئابی ١٩١٩) دا لەژێر فەرماندەی حاجی ڕەشید بەگدا لەناوچەی بەرواری بالا لەولاتی عمادیە لەقولایی مزروکە ئیگلیزەکانیان بەکوشتارێکی زۆر دەرپەڕاند، دۆسکیەکان لە (١٦ ئابی ٩١٩) دا لەژێر فەرماندەیی تاهر ئاغاو کاك صادق برو و سلێمان قەتێ لەسەردارەکانی سندیو گەلی لەتەنگەبەرایی سوارەتوکەدا لەگەڵ هێزی ئینگلیز بەشەڕهاتن، زیانێکی زۆریان لەلەشکری ئینگلیزدا لە (٤ تشرینی دووهەمی ٩١٩)

دا لەناوچەی عەقرە چەکداری کورد لەهێزی ئینگلیزیانـدا، کولونیـل بیـل کابتـان سکوت یان لەنزیك بیرە کەپران کوشت.

لە (١٤ تشرینی دووهەمی ٩١٩) دا هێزی زێباری و بارزانی بـۆ گـرتنی عـەقرە هەسـتانە پـێ، بـەلام لەبـەر ئـەوەی کەپەلاماردانەکـەیان لـەژێر فـەرمانی فەرماندەیەکی تایبەتی ئیدارە نەکرا نەیانتوانی عەقرە بگرن. جا دەستی هاندان رۆژ بەڕۆژ بلاوەی پێ ئەکرا، هەتا غەفور خـانی ایـندزەش لەناحیـەی ناودەشـت لەئینگلیزەکانی دەربەندی رانیـە هەلگەڕایـەوەو (٤٨) رۆژ لەقەلاتـە ناودارەکـەی عاسـی بـوو لـەدێی لێـوژە، کـابتن کـوکی حـاکمی سیاسـی دەربەنـد، عشـیرەتی پشدەری بابکر ئاغاو عەشیرەتی ئاکۆی مەندەمـەڕەی بـالۆێ ئاغـای بـردە سـەر، لـەپاش (٤٨) رۆژ قـەلا بەنـدی شـەوێك بـەخاو خێزانـەوە بـۆی دەرچـوو، خـۆی گەیانــدە کانیــەڕەش لەمــەرزی تورکیــا، لەلایــەن عــەباس محمــود ئاغــای پشدەریشەوە ئەحەمەدی حەمە ئاغـای ئایفـەی بـەگزادە نێـردرا بـوو کەشـتێکی وەها بکەن لەقەزای رانیەو پشدەرو کۆیەو رەواندزدا جەبهەیەکی تورك بکەنەوە. ئینجا تورکەکان بەهەلیان زانی ئەزدەمیر پاشـا کەمشهور بـوو بەعـەلی شـەفیق بەگ و محێالدین بەگ و فازڵ بەگ و رەمزی بەگ، لەژێر جلەوکێشی غەفور خان و ئەحەمەدی حەمەئاغای پشدەری و ئەحەمەد تەقێ ناوی کۆنە زابـتی تـورك بـە (٣٦) نەفەری سەربازی تورك گەیشتنە رەواندز، لەعەشایەری رەواندزیش نـوری باویل ئاغا، شێخ رەقیبی سورچی، فارس ئاغای زێباری و شێخ ئـەمین صـلان و رەشـید ئاغـاو شـێخ حمـد ئاغـای بالـەك و مـیر محمـد ئـەمین دەرگەلـە، بـوون بەکۆمەکیان بۆ ساندنەوەی لیوای موصل. تورکەکان بەرمالی شێخەتیان بەخۆدا دابو و تەسبیح و فروفێلیان کردبوە مل.

عەباس محمود ئاغاش لەدژی بابەکر سەلیم ئاغای پشدەری کەسەر بەئینگلیز بوو بەهاوڕێی ئەو شۆڕشە مامەند ئاغا حمد ئاغای ئاکۆ، کە دەربەدەری دەستی ئینگلیز بوو لەئێران ئەسوڕایەوە، ئەویش خۆی کوتایە ناو کۆمەکی شۆڕشی ئەزدەمیر پاشاوەو تەپڵی ئیسلامەیەت و زیندوبوونەوەی خلیفەی ئیسلام لەهەموو کوردستانی شیمال دەنگیدایەوە. شێخ أمین مندوڵانیش بەخۆی و دەروێشەکانیەوە هاتە ناو پێڕی شۆڕشەوە لە (٢٢ ایلولی ٩٢٢) دا دایان بەهێزی ئینگلیزدا لەدەربەندی رانیەدا کابتن کوك میجر ئادمونسی فەرماندەی ئینگلیزیان بەکوشتارێکی زۆر دەرپەڕاند. لەبەری ئاسۆس ئاغای محمودی بابەکر ئاغای پشدەری و سمایل ئاغاو رەسوڵ مصتەفا ئاغا ناوان بەبۆمبای ئینگلیز لەو شەڕەدا شەهید کران و هەر لەو سەروبەندەدا لەناوچەی بانەبنوکی هەورامان شێخ فەرەجی بانی بنوك لەگەڵ هێزی ئینگلیزدا بەشەڕهات، ژەنەڕاڵ فیتش گیفنی کوشت و فڕۆکەیەکی ئینگلیزی خستە خوارەوە. محمود خدر لەناوچەی هەمەوەندا سید محمدی جباری و کەریم بەگی فەتاح بەگ و صابری فتاح بەگ لەنزیك دێی مورتکە بووند، حاکمی چەمچەماڵو بیر ماکنست–یان کوشت، بەڵام لەو چەندانەدا لەلایەن عصبەت ئەلئومەمەوە لەسەر تەشبوساتی ئینگلیزەکان ئاگاداری دەوڵەتی تورکیا کرا کەدەستکاری ئیشی کوردەکان نەکات لەعیراقدا، تورکەکان بەئاشکرایی وازیان لەشوێنی کوردایەتی هێنا دەستیان لەگوڵ گوڵێنەکەی لیوای موصڵ هەڵگرت و کوردەکانیش هەروا بەبێ هیچ دەسکەوتێکی قەومی مانەوە، بەڵام پشدەریەکان بەچەند بەندێك لەگەڵ حکومەتی ئینگلیز رێك کەوتنەوە یەکێك لەبەندەکانیان ئەوە بوو کەتەشکیلاتیان لەناودا نەکرێ هەتا خۆیان رەغبەتیان ئەبێ، بەڵام بەناچاری لەساڵی (١٩٣٨) دا تەشکیلاتیان لەناودا کرا.

## ٦١ - مەلا خەلیلی گوڕەمەڕ

مەلا خەلیلی گۆڕەمەڕ کەدانیشتوی دێی میراوای مەنگوڕە لەناو عەشیرەتی مەنگوڕی ئێران دائەنیشت مەلایەکی شارەزای دینی و خۆشەویستی ناو عەشایەرەکانی ئێران بوو، لەساڵی (١٩٣٠) دا لەگەڵ حکومەتی ئێران بەشەڕهات لەسەر ئەوەی کەحکومەت ئەیویست لەهەموو ئێراندا تەوحیدی پۆشاك بکات بۆ ژن و پیاو لەسەر تەرزی ئەوروپا، مەلا خەلیلیش بەوە رازی نەبوو، بڵاویکردەوە هەر کەسێ جلی زنار لەبەر بکات کافر ئەبێ، شەبقە – قەلنەسوتە – چاکەت و پانتۆڵ – بەرگی زنار – پۆشانە. لەسەر ئەوە لەنێوانی حکومەت و مەلا خەلیلدا بوو بەشەڕ، ئەو شەڕە نزیکەی (٤) مانگی خایاند حکومەتی رەزا شا لەشکرێکی زۆری هێنایە سەر مەلا خەلیل ئەویش توانی عەشیرەتی مەنگوڕو بەشێکی سویسینایەتی و بەشێکی عەشیرەتی گەورك بخاتە جەنگەوە لەگەڵ هێزی رەزا شادا لەئاکامدا لەهاوینی (١٩٣٠) دا مەلا خەلیل شکاو هاتە قەزای رانیە لەبیتوێن دامەزرا هەتا لەساڵی (١٩٣١) دا بەئەمری بەخشینی لەلایەن شای ئێرانەوە بۆ دەرچوو گەڕایەوە بۆ ئێران.

## ٦٢ ـ شۆڕشی بارزانی لە ( ١٩٣٢ ) دا بۆ جاری یەکەم

هەر لەکۆنەوە عەشیرەتی بارزانی گیانی سەرکەشی و سەربەخۆیەتییان تعقیب کردووە، نەیانویستوە هیچ دەستێکی حکومەتی یان هیچ دەستێکی دراوسێو دەرو جیرانیان بەسەردا زاڵ بێ، لەکاتی خۆیدا شێخ عبدالسلام لەدژی تورکەکان دەستی دایە شۆڕش، بەڵام لەدوای کوشتارو چەند پەلاماردانێك لەئێران دەردەست کراو لەشاری موصڵ لەلایەن تورکەکانەوە خنکینرا، جا ئەو روحی سەربەخۆی و ئازادیە هەر لەمێشکی شێخەکانی بارزاندا پەرەیئەساند هەتا لە (١٩٣٢) دا حکومەت ویستی ئاسووریە دەرکراوەکانی ئێران و ئەرمەنیە سەرلێ شیواوەکانی تورکیا لەناوچەی بارزان و بادینان دابمەزرێنێ، لەسەر ئەوە شێخ ئەحمەدی بارزانی لەگەڵ حکومەتی عێراق بەشەڕهات بەهۆی چەند عەشایەرێکی دەوروپشتی بارزان کەدەمێك بوو لەبارزان بەداخ بوون پێیان نەئەوێران حکومەت توانی بەکوشتارێکی زۆر بەسەر شۆڕشی بارزاندا زاڵ ببێ. شێخ ئەحمەدی بارزان لەگەڵ چەند خاو خێزانێکدا خۆی خستە بەر دەستی تورك بەناوی لایەنگریەوە. تورکەکان زۆر بەڕێزەوە بارزانیەکانیان وەرگرت و بردیانن بۆ ئەنقەرە، بەڵام لەدوای مودەیەك لەسەر داخوازی شێخ ئەحمەد، مصتەفا کەمال سەرك کۆماری دەوڵەتی تورك بەدەستەبەری نەکوژران، شێخ ئەحمەدو مەلا مستەفاو شێخ بابوی بەخاو خێزانەوە ناردەوە بۆ عێراق.

هەتا ساڵی (١٩٤٢) فامیلی بارزانی لەشاری رومادیەو کوت و موصڵو سلێمانی خرابوونە ژێر چاودێریەوە بەموچەیەکی زۆر کەم ئەیان ژیاندن کەمووچەکەیان بریتی بوون لەو پارانە.

| مووچە | ناوی سیانی |
|---|---|
| ١٨ | شێخ ئەحمەد |
| ٨ | مەلا مصتەفا |
| ٦ | شێخ صدیق |
| ٦ | شێخ بابو |
| ١,٥ | پیاوە کانیان هەریەکەی |

ئینجا مەلا مصتەفا لەساڵی (١٩٤٢) دا بەرێگای بانەو سەردەشتدا بەسەڵتە زەلامی چووەوە بۆ بارزان عەشیرەتی بارزانی لەژێرەوە ئاگادارکردەوە توانیان چەند پاسگایەکی پۆلیس بگرن و چەکەکانیان لێ بستێنن، ئینجا دەستیدایە شۆڕش، بەڵام لەسەر زەمانەتی دەوڵەتی بەریتانیا بەبەخشراوی چوو بۆ بەغداو گەڕایەوە بۆ بارزان.

هەواڵنامەی کتێب

### ٦٣ ـ حەمە رەشید خانی بانەیی

لە (٣/ئەیلولی/١٩٤١) دا کەحکومەتی ئینگلیزو ئەمەریکاو روس چوونە ناو ئێرانەوە بەناوی پاك کردنەوەی تۆوی نازیەتی ئەڵمانیا لەئێران، حەمەرەشید خان کەباوك و باپیرەی دەربەدەری دەستی ئێران بوون بەهەلی زانی لەگەڵ چەند تفەنگچیەك لەخزمەکانی بانەی پەلاماری شاری بانەو سەقزو سەردەشت و بیاندەرەی دا، حکومەتە نەخۆشەکەی ئێرانی لەو شارانە دەرکرد بەهۆی ئەو شۆڕشەوە چەند هەزار تفەنگێکی برنەو و ساڵداتی دەست عەشایەرەکانی ئێران

خست هەموو عەشایەرەکانی ئێران خۆیان پرچەك کرد هەر لەکرماشانەوە هەتا ئاراس بەهەمان دەستوور پەلاماری ئێرانیاندا چەکەکانیان لەلەشکری ئێران وەرگرت لەپاش چەند شەڕو کوشتارو گوڵ گوڵێنەیەك بەهۆی سەرهەنگ ئەرفعی لەنێوانی حەمەڕەشید خان و حکومەتی ئێران ڕێك کەوتن پێکهات کە حەمەڕەشید خان لەگەڵ حەمەأمین خانی برای و خزمەکانی بانەیی لەبانە دابنیشن بەتەرزێکی سەربەخۆیی سەرپەرشتی بانەو سەردەشت بکەن، بەڵام ئەو ڕێك کەوتن و پەیمانە ئەوەندەی دەوام نەکرد کەحکومەتی ئێران بەیارمەتی عەشایەری تیلەکۆو گلّباغی و مەریوانی هاتنە سەر بانە، حەمەڕەشید خانیان ئاودیوی عێراق کردەوە لەو کاتەدا ئێران ئاژاوە یەکی نفوزی سیاسیانەی ئیستعماری روس و ئینگلیزو ئەمەریکای تێدا بوو روسەکان ناوچەی تەورێزو رەزایەو مهابادو سانقلاو سەردەشت و بۆکانیان خستبویە ژێر نفوزی خۆیانەوە، ئینگلیزیش هەر لەبەندەر بوشهرو خورەم ئابادو ئەهوازو کرماشانیان بەدەستەوە بوو هەتا سنەو سەقزو بانە ئەمەریکایەکانیش ناوچەی خراسان و شیرازو قومیان گرتبویە دەست، جا هەریەکێك لەوسێ دەوڵەتە ئەیان ویست مەصاڵحی خۆیان پێش بخەن هەر یەکێك لەو دەوڵەتانە بەوێنەیەك ئەیویست حەمەڕەشید خان دەرس دابدات کە حەمەڕەشید خانیش لەمەبەست و نیازی هیچ کامێکیان نەئەگەیشت. حەمەڕەشید خان لای وابوو بەکوشتنی سەربازی ئێرانی و تاڵان کردنیان دوایی بەم شۆڕشە دێت سەرکەوتن و پێشکەوتن بریتیە لەکوشتن و تاڵانکردن، نەیئەزانی کەئەو تصرفاتە بۆئەو ئەبێ بەشتێکی بێباوەڕو دوور کەوتنەوە لەهەموو دەنگ و ناوێکی شۆڕشگێڕانە، جا ئەو رووداوانە بوون بەهۆی ئەوەی کە لەساڵی (١٩٤٤) دا خۆی بخاتەوە دەست پۆلیسی عێراق و لەکەرکوك دای بنێن.

## ٦٤ ـ قازی محمد

لەشۆڕشی شەهریوەر کە ڕێکەوتی (ئەیلولی/١٩٤١) ئەکات حکومەتی روس و ئینگلیزو ئەمەریکا پەیمانێکی سێ قوڵیان لەگەڵ ئێراندا بەست کەدوای برانەوەی جەنگی هیتلەر بەشەش مانگ ئێران چۆڵ بکەنەوە بەبێ هیچ دەستکاریەك، بەڵام روسەکان بۆ ئەوەی کە شیمالی ئێرانیان هەر بەدەستەوە بمێنێ، پێش ئەوەی کەئێران چۆڵ بکەنەوە غەوغایەکیان بەتورکی ئازربایینجان و کوردەکان پێکهێنا، بەناوی خودمختاری حوکمزاتی وە یان جیابوونەوە لەئێران ئاژاوەی ئازربایینجان بەپێشەوایەتی جەعفەر پیشەوەری و سەربەخۆیی کوردیش بەرەهبەرو پێشەوایەتی قازی محمدی سابڵاغی دروست کرا، فعلاً دەوڵەتی ئازربایینجان لەتەورێزداو دەوڵەتی کورد لەسابڵاغدا پێگەیی کوزدەکانی عێراق لەهەموو لایەکەوە خۆیان خستە ناوحکومەتی قازی محمدەوە حەمەڕەشید خان لەکەرکوکەوە هەڵات چووبۆلای قازی محمد، روتبەی جەڕەناڵی پێدراو چووە ناو شۆڕشەکەوە بوو بەفەرماندەی هێزی سەقزو بۆکان و بانەو سەردەشت. مەلا مصتەفا بارزانیش بەچەند هەزار ماڵەوە گەیشتە ئێران و روتبەی جەڕەناڵی پێدراو کرا بەفەرماندەی هێزی بارزان و لەشکرێکی (٢٠٠٠) کەسی لەبارزانی دروست کردو چووە شەڕەوە. عومەر خانی شکاکیش بەڕوتبەی جەڕەناڵی بەچەند هەزار سوارەی شکاکەوە چووە ناو شۆڕشی قازی محمدەوە، تەشکیلاتی حکومەتی مهابادو لەشکرەکەشی لەمهابادا پێکهات ئاڵای سێ رەنگی کورد لەهەموو ناوچەو قەڵەمڕەوێکی کوردی ئێران هەڵکرا بەبەرواری (١٧/کانونی یەکەمی/١٩٤٥) ئینجا لەدوای برانەوەی شەڕی ئەڵمانیاو ئینگلیزو ئەمەریکا

لەسەر بەڵێنەکەی خۆیان ئێرانیان چۆڵ کردو بۆی چوونە دەرەوە. روسەکانیش زۆر قونە جۆریان کرد کە بەهۆی ئەو شۆڕش و ئاژاوەی کەدروستیان کرد بوو لەئێراندا بمێننەوە، بەڵام لەسازەمانی ئومەمی یەکگرتوو ناچار کرا کەئێران بەجێ بهێڵێ. بەناچاری ئەویش ئێرانی چۆڵ کرد، بەڵام پێش چۆڵ کردنی ئێران لەگەڵ ئێرانیەکان رێك کەوت کەشەریکەیەکی نەوت بەیەکەوە دابنێنن لەشیمالی ئێراندا، بەڵام لەئاکامدا مەجلسی پەرلەمانی ئێران ئەو داخوازی و رێك کەوتنەی کە لەنێوان شاو قوام السلتەنەو ساد چیکۆف سەفیری شورەویدا کرابوو رەت کرایەوە. روسەکان لەم کەین و بەینە لەبەد ناوی پتر هیچ سوودێکی تریان نەکرد. ئینجا ئێرانیەکان لەشکرێکی زۆریان هێنایە سەر ئازربایجان و کوردەکان بەبێ شەڕ ئازربایجان و مهاباد تەسلیم بوون لەئاکامی تەسلیم بوونی کوردستانەکەی قازی محمد ئەو ئاغایانەش لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە خنکێندران.

هەولێرنامەی کتێب

| ناوی سیانی | پیشە | ناوی سیانی | پیشە |
|---|---|---|---|
| قازی محمد | پێشەوای کوردستانی ئێران | ئاغای مازوجی | کابتن |
| حەمەحسێن خانی سیف | وەزیری بەرگری کوردستان | رەسوڵی نقدەی | کابتن |
| صەدری قازی | نائیبی کوردی مهاباد لەپەرلەمانی چواردەهەمی ئێراندا | محمدی نازمی | |
| ئەحمەد خانی فاروقی | ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزی - سەرۆکی عەشیرەتی فەیز الله بەگ | عبدالله رۆشنبیر | |
| عبدالله خانی میتن | لەعەشیرەتی فەیز الله بەگ | مایور شێخ ئەمین کەسنەزان | |
| حەمەخانی دانیشوەر | لەعەشیرەتی فەیز الله بەگ | عەلی خان | |
| ئەحمد خانی شجیص | لەعەشیرەتی فەیز الله بەگ | حەسەن خانی کانی نیاز | |
| شێخ صدیقی ئەسعەدی | | رەسوڵ ئاغای محمودی | ئاغای میردەی |
| عەلی بەگی شێرزادی مایور | لەعەشیرەتی فەیز الله بەگ | حەمەأئەین بەگی باغنوجە | فەیز الله بەگ |
| عەلی ئاغای جوانمرودی | رەئیسی عەشیرەتی گەورکی میردەی | | |

هەواڵنامەی کتێب

جا ئاڵای کوردی لە (١٧/کانونی یەکەمی/١٩٤٥) هەڵکرا وە لە (٢٦/کانونی یەکەمی/١٩٤٥) حکومەتی قازی محمد دامەزرا وە لە (١٧/کانونی دووهەمی/١٩٤٦) حکومەتی قازی محمد رووخا. لەشکری ئێران گەیشتە مهاباد جا کوردستانی قازی محمد بەو دەستووره پێگەیی و بەم پێیەش لەناوچوو

هیوادارم کەبتوانم کتێبی بەسەرهاتی سیاسی کورد چاپ بکەم کەهەنگاو بەهەنگاو بەسەرهاتی کوردستانی قازی محمدی تێدا روون کراوەتەوە.

## ٦٥ ـ شۆڕشی بارزان لەجاری دووەمدا

مەلا مصتەفای بارزان لەساڵی (١٩٤٥/١/٣٠) دا کرا بەسەرۆکی حزبی هیوا. ئەندامی ئەو حزبە کەبریتی بوون لەمیر حاج و سەید عەزیزی سید عبداللە و ئەمین رەواندزی و مصتەفا خۆشناو و محمد قودسی و عزەت عبدالعزیزو خیراللە عبدالکریم، ئەوانە لەمەلا مصتەفا نزیك بوونەوە بناغەی شۆڕشیان لەبارزان دامەزراند، حکومەت کەوتە ترسان و راچڵەکین، لەرۆژی (٩٤٥/٢/١٢) دا حزبی هیوا کۆبوونەوەیەکی کرد، لەبەیانامەیەکیدا بەسەفیری ئەمریکا پەخش کرد بۆ سەفارەتی فرنساو شورەی و چینی لەبەغدا، کەکورد داوای ماف ئازاد بوونی خۆی ئەکات هەروەك وڵاتانی ئازادکراو هەتا (١٠ ی مانگی ئابی ٩٤٥) لەنێوانی حکومەت و مەلا مصتەفا ئاڵوگۆڕی بیرورا کرا بەهیچ جۆرێك مەبەستی مەلا مصتەفا لەلایەن حکومەت پێك نەهات. لەرۆژی (١٠ ی ئابی ٩٤٥) دا رەئیس عەشیرەتی مزوری ئەسعەد خۆشەوی لەزێبار لەگەڵ پۆلیسی مەخفەرێك ئەکەویتە شەڕ، مەخفەرەکە ئەگرێو لەهەموو لایەکەوە شەڕ دائەگیرسێ:

هەنگی ٤ و ٥ پەلاماری بارزانیان دا، بەڵام هەنگی ٤ لەژێر فەرکاندەی قەیسەر هورمزدا لە رۆژی ٢٥ی تشرینی یەکەم ١٩٤٥ بەکوشتارێکی زۆر خراپ شکاو قەیسەر هورمزیش کوژرا.

لەدەشتی نەهلەو هودیان و مەزنەو هەرن و کێوی پرس چەند شەڕێکی گەورەو بەسام کرا، لەهەموو لایەکەوە لەشکری بارزان بەسەر هێزەکانی حکومەتدا زاڵ بوون، لەڕەغمی ئەوەی کەفرۆکەی دەوڵەت لەهەموو کاتێکدا بۆمب بارانی دێهات و هێزەکانی بارزانی ئەکات بەڵام ئەوەی کەپشتی بارزانی شکاند بوو چەکدارە بەکرێگیراوەکانی عەشایەری بەرواری، شەرەف خان و دۆسکی و زێباری و هەرکی و برادۆست بوون، کەبەهەموو هێزیکیانەوە پێش لەشکری دەوڵەت کەوتبوون بۆ لەناوبردنی بارزانی و لەوکاتەشدا ناوی حزبی هیوایان گۆڕی بەشۆڕش و بەڵام مەلا مصتەفا نەیتوانی بەربەرەکانی ئەو لەشکرە زۆرە بکات لەسەر باوەڕی قازی محمد بەخۆی و (٢٥٠٠)ماڵی بارزانیەوە لەڕۆژی (١١ ئۆکتۆبەری ٩٤٥) ئاخر کەسیان لەعێراق پاك بۆوەو داخلی ئێران بوون، قازی محمد ماڵەکانی دابەش کردن بەسەر عەشایەرو ناوچەکانی ئێراندا، وەکو تەرگەوەڕو مەرگەوەڕو شنۆو لاجان و سندوس و دیران و مامەش زەرزەو دیبکری و رووتبەی جەنراڵیشی دابە مەلا مصتەفا و چەکێکی زۆریشی دانێ و ناردنی بۆ جەبهەی سەقزو بۆکان بۆ بەربەست کردنی هێزی ئێران، بەڵام لەبەرئەوەی کەحکومەتی ئێران لەژێرەوە لەگەڵ حکومەتی روس رێك کەوتبوو ئەگەر ئێران بەبێ دەستکاری بەجێ بهێڵێ شەریکەیەکی نەوت لەقوڵی دامغان و سمنان بەیەکەوە دابنێن بۆ مەودای (٥٠) ساڵ کەبەم رێکەوتنەیان ئەوت رێکەوتنی (٤ ی ئەیلولی ٩٤٦) جا لەسەر ئەو رێکەوتنە روسەکان لەئێران کشانەوە. ئێرانیەکانیش تەشکیلاتی شیمالی ئێرانیان کردەوەو مەلا مصتەفاو عێلی بارزانی بەتەنیاو بێکەس و سەرلێ شیواو مانەوە، لەوەختێکی زۆر سەرماو



هەواڵنامەی کتێب

بەفرو باراندا حکومەتی ئێران چووە سەر بارزانیەکان لەناوچەی تەرگەوەڕو مەرگەوەڕدا. عەشایەرەکانی ئێرانی دەنگدان بەتەیارەو تۆپ و دەبابەو سەربازی حەساوە وەریان گەڕایێ هەتا (١٩ ی نیسانی ٩٤٧) لەعێراقی کردنەوە ئینجا مەلا مصتەفا کەلەکۆڵو کۆچ و عێلی بارزانی بۆوە لەگەڵ (٤٠٠) کەسی گەنج و ئازاو سەڵتە زەلام گەڕایەوە بۆ روسیا بەسەر لەشکری ئێران و تورکدا تێپەڕی هەتا گەیشتە جلغا. لەقەرە غۆنەوە لە (٩٤٧/٦/١١) بەبێ هیچ گونە تەلغیاتێك لەچەمی ئاراس پەڕیەوەو چووە ناو وڵاتی شورەوی، ستار الحدیدی شێخ ئەحمەد بارزانیش لەگەڵ براکانی فرێ درایە بەندیخانەی بەغداو عێلەکەشی بەچەککراوی نێردرانەوە بۆ بارزان.

## ٦٦ـ شۆڕشی کورد بەسەرپەرشتی مەلا مصتەفا بارزانی بۆ جاری سێیەم

مەلا مصتەفا بارزانی لەباوەشی دەوڵەتی شورەویدا مایەوە هەتا (٢ ی ئەیلولی ١٩٥٨) بەبێ سەرو شوێنی ئینجا کە عبدالکریم قاسم لەگەڵ چەند زابتێکی دڵسۆز لەدژی ئیدارەی دکتاتۆری وەصی و فیصل و نوری سعید لەشەوی (١٤ ی تەموزی ٩٥٨) دا هەستانە سەرپێ و قەڵای ئیستعماریان روخاند، دەنگی سەربەستی و ئازادی و سەربەخۆیی لەهەموو گەلی عێراق بەرز بۆوە، بەپێی مادەی (٣) ی دەستووری موەقەت ئیعتراف بەماڤی کورد کرا، مەلا مصتەفا لەرۆمانیاوە بروسکەیەکی بەبەرواری (٢ ی ئەیلولی ٩٥٨) دا

بەعبدالکریم قاسم کە ئەیەوێ بەخۆی و دەستەو دائیرەکەی بگەڕێتەوە بۆ عێراق، عبدالکریم قاسم بڕیاری لەسەر هاتنەوەی مەلا مصتەفاو هاوەڵەکانیدا، إئبراهیم ئەحمەد سکرتێری حزبی پارتی دیموکرات لەگەڵ ئەندامی لیژنەی مەرکەزی نوری ئەحمەد تەهادا چوو بۆ ڕۆمانیا بۆ پێشوازی مەلا مصتەفا، کاکی بارزانیان لەڕۆژی (٥ ی تشرینی دووهەمی ٩٥٨) گەیاندەوە بەغدا. هاتنەوەی مەلا مصتەفا دەورێکی زۆر سەرسوڕهێنەری پێکهێنا. خۆشەویستی مەلا مصتەفا گەیشتە ئەندازەیەك ئەبوایە هەمووکەس بچێتە بەغدا چاوی پێ بکەوێ ئوتێلەکان جێگایان نەما بوو کەخەڵکی تیادا بنوێ لەبەر زۆری زیارەتکەرەکانی کاك مصتەفا بەرزانی.

ئینجا دەنگی حزب و تێکۆشانی کوردە دڵسۆزەکان روی کردە بارێکی سەرسامی، هەر لەوکاتەشدا دەستەیەك بەناوی گەنجانی سەر بەسۆسیالست لەناو کوردەکانی عیراق دروست کرا. ئاژاوەیەکی نێوانی لاوان و گەنجان لەناو کوردەکان دەنگی دایەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەلا مصتەفا ناچارما کەبەغدا بەجێ بهێڵێت و بچێتەوە بارزان بۆ سەرپەرشتی ئەو بیروباوەڕەی کەحزبی پارتی ئەیانویست بەکاری بهێنن لەهەموو لایەکەوە بانگی ئازادی لەناو کوردەکان لێدراو رێبەندان دەست پێکرا. لە (٣٠ ی تەموزی ٩٦١) دا دەستەی عەباسی مامەند ئاغای ئاکۆو ئیسماعیلی سواراغی بلباس و شێخ حسێنی بۆسکێن باپیری بابەکر ئاغای پشدەری و کوێخا سمایلی تەلان و حاجی برایمی چەرمەگایی، لەگەڵ هەندێك لەئەندامانی حزبی چوون بۆ ناوچەی خەلەکان، ئیعلانی شۆڕشیان کرد هەتا خانەقین لەهەموو لایەکەوە نەعرەتەی کوردستان

هەواڵنامەی کتێب

یان نەمان بەرز بۆوە، هەتا ئەگاتە زاخۆ بەهەمان دەستووری چەکداری کورد لەسەر ڕێی سەربازی دەوڵەت راوەستان لە (١١ ی ئەیلولی ٩٦١) دا دەوڵەتی قاسم بەتەرزێکی دڕاندنە پەلاماری هێزە ئازادیخوازەکانیدا بەتۆپ و تەیارەو دەبابە لەهەموو لایەکەوە دەست کرا بەپەلاماردان، لەمەودای (١٠) ساڵدا، بەڵام ئەو شۆڕشە رانەوەستاو نەشڵەژا هەتا (١١ ی مارتی ٩٧٠) حوکمی زاتی وەرگرت و ئەحمەد حەسەن بەکر لەگەڵ حزبی بەعسدا دانیان بەماف کوردنا، لەژێر فەرماندەی نەبەزی شۆڕشی کاک مصتەفا بارزانی کوردو حوکمی زاتی وەرگرت.

هەواڵنامەی کتێب

هیوادارم کە لەداهاتوودا بەدوورو درێژی بەسەرهاتی کوردو مەلا مستەفا بارزانیتان لە (٩١٤ وە هەتا ٩٧٠) بۆ بلاو بکەمەوە، ئیتر تکایە لەکەموکوڕی و دانانی ئەو روداوە مێژووییانە چاوپۆشیم لێ بکەن و یارمەتیم بدەن بۆ چاپ کردن و بلاو بوونەوەی ئیتر بەخواتان ئەسپێرم هاوخوێن و هاوبیرەکانم.

میرزامحمد امین مەنگوری

(٩٧١/١٢/٤)

ئەو کتێبە ڕێکخراوە لەسەر ئەو ئاگادارییانە.

١- لەئاگاداری و شارەزایی خەڵکەوە لەوێنەی چیرۆك و بیستراو.

٢- لەبەسەر هات و ڕوداوەکانی دەوری خۆم.

٣- نوسینەکانی ئەمین زەکی بەگ.

٤- ڕەشید یاسمین.

٥- مەردۆخ.

٦- حوسنی موکریانی.

٧- کتابی ئاسووری و ئەرمەنی.

٨- ڕوداوەکانی مهاباد.

٩- یاداشتی ڕەفیق حلمی.

١٠- شەرف نامە.

١١- صالح قفتان.

١٢- لەزۆر کتێبی تر هەڵ بژێراوە.

کەلالنامەی کتێب

هەواڵی کتێب

چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی/ زنجیرەی ( ٦٧ ) کەرکوک /٢٠٠٨

×میرزا محەمەد ئەمین ئەحمەد مەنگوڕی لەساڵی ١٩١٠ لەقەڵادزە لەدایکبووە.

×ساڵی ١٩٣٣ لەسلێمانی نیشتەجێ بووەو لەساڵی ١٩٣٨ کتێبی هەنگاوێک بۆ سەرکەوتن-ی چاپکردووە، لەسەر ئەو کتێبە ٦ مانگ زیندانی کراوە لەگەڵ دەست بەسەراگرتنی ١٥٠٠ دانە لەکتێبەکەو دەرکردنی لەوەزیفە، بەمەش مەنگوڕی دەبێتە یەکەمین نووسەر لەنێو نووسەرانی کورددا کەلەسەر بیرورا دەستگیر کراوە.

×ساڵی ١٩٤٦ بەشداری کۆماری مهابادی کردووە، جێگری فەرماندەی بۆکان بووە، لەرۆژنامەی کوردستان-ی زمانحاڵی کۆماری کوردستان چەندین وتارو شیعری بڵاوکردووەتەوە.

× لەساڵی ١٩٧١ دا ئەم چیرۆکانەی چاپکردووە (مەهراکۆ، زێرینای ئامێدی، فەیروز خانی پشکۆ، بووکێکی ناکام).

×لەساڵی١٩٧١ دا لەسەر دانانی کتێبی گەشتی ئەستێرەی مەریخ، شار بەدەرکراوەو نەفیکراوە بۆ تەوێڵەو فەتوای کوشتنی دراوە.

×لەساڵانی ١٩٩٢ تا ٢٠٠٨ ئەم بەرهەمانەی چاپکراون ( بەسەرهاتی ئەرمەن، بەسەرهاتی سیاسی کورد لە ١٩١٤ تاوەکو ١٩٧٠ بەسێ بەرگ، شێخ مەحمود لەپەنای ئیستیقلالی کورددا، دیوانی بەهەشتی دڵداری، دیوانی جیهانێکی ئازاد، کوردو ئاشوری، کۆنگریسی درندەو مەل لە کێوەرەش،بەسەرهاتی مەنگوڕی).

×ئەم بەرهەمەی لەژێر چاپدایە( دەستووری ژیان) ٧ هەزار چوارینەیە.

×ئەم بەرهەمانەی ئامادەن بۆ چاپ (فەلسەفەی ئارات پور، خالق و خەلیقەت، خەونی چوونە بەهەشتی مەنگوڕی، شەوێک لەعصبە الامم).

×بەشداری شۆڕشەکانی شێخ مەحمود، کۆماری مهاباد، شۆڕشی ١٩٦١ کردووە، لەژیاندا چەندینجار ئاوارە بووە، چوار جاریش زیندانیی کراوە.

×١٩٨٨/٦/١٢ لەسلێمانی کۆچی دوایکردووە، لەگردی سەیوان بەخاک سپێردرا، دواتر لە ١٩٩٢/٩/١٦ لەسەر وەسیەتی خۆی تەرمەکەی گوێزرایەوە سەر چیای کێوە رەش و لەگۆڕ مریەم بەخاک سپێردرایەوە.

زنجیرە (٦٨)ی مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی

(ی.ن.ک)